## ناوەڕۆك

دەروازە
1 ـ ژن لەمێژووی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا.
2 ـ ژن لەخۆرهەڵاتی ناویندا.
3 ـ ژن لەتورکیادا.
4 ـ ژن لەکۆمەڵگای کوردەواریدا.
5 ـ ژن و سەرۆکایەتی.
تیۆری دابڕان
بەپارتیبوونی ژنان.
ناکۆکی رەگەزی لەسەدەی بیست و یەکەمدا.
تایبەتمەندییەکانی تێکۆشانی رزگاری ژنان.
ئەرکەکانی تێکۆشانی رزگاری ژنان.
پەیڕەوی ناوخۆی PJA.
بەشی یەکەم: بنەما گشتییەکان.
بەشی دووەم: ئەندامێتی پارتی.
تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی پیاوی ئازاد.
بەشی سێیەم: پێکهاتەی رێکخستن.
بەشی چوارەم: شێوازی کاروباری رێکخستن.

### دەروازە:

لەو قۆناخەی کە تێیدا دەربازی سەدەی بیست و یەکەم دەبین, هەلومەرجی گونجاو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی پێگەیشتووە و هەموو کەس و لایەنێك هەست بەپێویستی گۆڕانکاری و وەرچەرخان دەکات. سەرۆکایەتی PKK کە هەم لەبواری ئایدیۆلۆژی و هەم لەبواری پراکتیزەکردندا ڤەبوونێکی گرنگی لەسۆسیالیزمی زانستیدا ئەنجامداوە, بەشێوەیەکی فراوان و گشتگیر ئەو گەردەلوول و لێشاوەی گۆڕانکاری هەڵسەنگاند کە لەسەر بنەمای ئەو هەلایسان و توانستە هاتە ئاراوە کە مرۆڤایەتی خولڵقاندوویەتی. هەروەها بۆ دیاریکردنی چۆنێتی کارتێکردن بەسەر گەلی کورد و گەلانی خۆرهەڵاتی ناوین و تەواوی هێزە شۆڕشگێڕییەکان و وەڵامدانەوە و چارەسەرکردنی تەواوی کێشەکانی مرۆڤایەتی لەقۆناخی گۆڕانکاریدا هەڵوێستێکی زانستی و دیموکراسییانەی بەکاریگەری نیشاندا و دەرخستەڕوو. لەم چوارچێوەیەدا پارتیمان PKK کە لەکۆنگرەی حەوتەمی ئاوارتەدا قۆناخی گۆڕانکاری و وەرچەرخانی گەیاند بەئاستی بڕیاردان کە سەرۆکایەتی پارتیمان وەکو رێبازی ستراتیژی نوێ فۆرمیلەی کردووە, بەمجۆرەش پارتیمان بەشێوەیەکی بەهێزتر هەنگاوی نایە نێو سەدەی بیست و یەکەم کە کارەکتەری دیموکراسی و ئاشتی و ئازادی لەخۆوە دەگرێت.

سەرۆکایەتی پارتیمان ئەو راستینەیەی دەستنیشان کردووە کە وەکو ئەنجامێکی سروشتی و نزیکبوونی زانستییانە لەم سەدەیەدا دیالێکتیکی ناکۆکی رەگەزی و بەگوێرەی ستراتیژی تێکۆشان و یاساکانی کێشەی ژن پێشدەکەوێت. سەرۆکایەتی پارتیمان بەشێوەیەکی زۆر روون و ئاشکرا لەم هەڵسەنگاندنەی خوارەوەدا ئەم هەڵوێستەی نیشانداوە:

" لەدوای کۆمەڵگای نۆلۆتێك بەملاوە کۆمەڵگای چینایەتی کە لەسەر بنەمای باڵادەستی پیاو پێشکەوتووە و هەروەها دەسەڵات و جیابوونەوەی چینایەتی و بەسەربازی بوون و دەرکەوتنی ئایینەکانیش لەسەر هەمان بنەما پێشکەوتووە و فشار و چەوسانەوە لەنێو هەموویاندا شاراوەیە و بەمجۆرەش شارستانییەت شێوەی هۆڤێتی بەخۆیەوە گرتووە. باڵادەستی رەگەزی رۆڵێکی مەزنی لەم رەوشەدا هەیە. لەم بارەیەشەوە سەدەی بیستەم سەدەیەکە بەشێوەیەکی هۆڤێتی تێپەڕی. هەروەکو چۆن سەدەی نۆزدەهەم بۆتە سەدەی پارتە بۆرژوازییەکان و سەدەی بیستەمیش سەدەی ئەو پارتانە بووە کە پشتیان بەڕەنج بەستووە, ئەوا سەدەی بیست و یەکیش دەبێتە سەدەی پارتی ژنان.

شانبەشانی جێگرتنی ژنان لەنێو قۆناخی سیاسیدا, چاوەڕوانی دەکرێت لەسەر بنەمای پشتبەستن بەهێزی خۆیی سەبارەت بە مافەکانی مرۆڤ و مافەکانی کۆمەڵگا و کولتوور و کێشەکانی سروشت و ژینگە هەستیاری بەدی بێت و ڤەبوونێکی مەزن و فراوان سەبارەت بەمافەکانی مرۆڤ و منداڵان و کێشەکانی تەندروستی و پەروەردە بێتە ئاراوە.

پێویستە لەهەموو ئاستێکدا پارتی ژنان رێبازی بەرگری رەوا بەبنچینە بگرێت و لەتەواوی بوارەکانی هزر و هەست و جەستە و ژیان و تەنانەت لەبواری هێزی سەربازی و لەبوارەکانی تری کۆمەڵایەتیشدا سەربەخۆیی خۆی بەبنەما بگرێت و ناچارە رێبازێکی راستی بەرگری رەوا لەواری کرداریدا پراکتیزە بکات. پێویستە ژنان لەتەواوی توێژ و هێزەکانی دیکە زیاتر ئاشتی و دیموکراسی بکەن بەڕۆژەڤ و خۆیان بەهێز بکەن و پێش بخەن. پێویستە لەبوارەکانی هونەر و کولتووردا لەهەموو کەسێك زیاتر خاوەنی بانگەشە و هێز بن ".

ژن کە لەسەرەتای سەردەمی نۆلۆتێك و قۆناخەکانی پێشکەوتنی ئەو سەردەمەدا خاوەنی دەسەڵات و رۆڵێکی بەکاریگەر بوو, بەڵام دوای ئەوەی پیاو بووە خاوەنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و دەسەڵاتی گرتەدەست, ژن لەدەرەوەی پرۆسەی بەرهەمهێنان مایەوە و کەوتە پلەی دواوە و بەمجۆرەش وەکو رەگەزێك هەنگاوی سەراوژێربوونی ژنان دەستپێکرد. هەر لەو سەردەمەوە تا رۆژگاری ئەمڕۆمان ژنان ئەو سەراوژێربوونەیان پێچەوانە نەکردۆتەوە, بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەو کۆیلایەتییەی لەنێویدا دەژیان قووڵتربۆتەوە. سۆسیالیزم تاکە ئەلتەرناتیفێکە بەم سەراوژێربوونە بڵێ:" بوەستە ", هەرچەندە لەنێو تێکۆشاندا جێگا و گرنگییەکی تایبەتی بەژن بەخشی بێت, بەڵام بەگوێرەی پێویست و بەشێوەیەکی تێروتەسەل ئەو چەوسانەوە مێژوویی و باڵادەستییەی پیاوی شینەکردۆتەوە کە بەسەر ژنەوە پەیڕەوی لێکراوە, هەربۆیە لەنێو ئەم سیستەمەشدا ژنان نەبوونەتە خاوەنی ناسنامە و ئیرادەی ئازادی خۆیان. لەسەرەتاکانی شۆڕشی ئۆکتۆبەردا ژنان رۆڵێکی چالاکانەیان بینیوە و تاڕادەیەکی مەزن لەژێر

کاریگەری یاسا و ڕێسا و دابونەریتە فیودالّییەکان رزگارییان بوو و لەگەلێك گۆڕەپانی بەرهەمهێنان و کۆمەلاّیەتیدا جێگای خۆیان گرت. بەلاّم لەبەر ئەوەی راستینەی ئەوەیان نەبینی کە بۆ بەدیهێنانی ئەو ئازادییەی کە سۆسیالیزم کردوویەتی بەئامانجی خۆی پێویستە ژنان بەگوێرەی گەوهەری خۆیان جێگا لەنێو تەواوی گۆڕەپانەکان بگرن, هەربۆیە بەگوێرەی پێویستی و گرنگی خۆی چارەسەری ناکۆکی رەگەزییان نەگرتۆتە دەست.

لەئەنجامدا دەبێ بگوترێ لەسەرەتای سەدەی بیست و یەکەمدا رەوشێکی بەمجۆرە پەسند ناکرێت کە سیستەمی باوکسالاری قالّبێتەوە و دەرهەق بەمرۆڤایەتی هەموو جۆرە چەوسانەوە و لۆژیکێکی بالاّدەستی لەخۆوە بگرێت و ناکۆکی نێوان رەگەزەکان بەگوێرەی پێویست نەکەوێتە نێو رۆژەڤەوە کە لەئەنجامی ئەم سیستەمە گەیێنراوەتە بەرزترین ئاست و پرۆژەیەکی بۆ پێش نەخرێت و ئەم ناکۆکییە هەرەکۆنە بەچارەسەری نەگەیەنرێت کە بەشاراوەیی ماوەتەوە. چارەسەرنەکردنی ناکۆکی رەگەزی کە بالاّدەستی و فشار و چەوسانەوە لەخۆدەگرێت و درێژەی پێدەدات وەکو هەڕەشەیەکی لەنێوبردنی مرۆڤایەتی رووبەڕوومان بۆتەوە. ئەم راستینەی لەئارادایە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە خولّقاندنی سیستەمێکی نوێ لەسەر بنەمای راستینەی بۆچوونی جیهانێکی نوێدا بۆتە ناچارییەك و ناتوانین دەستبەرداری بین. هەربۆیە تەنیا لەڕێگای چارەسەرکردنی ئەم ناکۆکییە سەرەکییەدا دەتوانین سەرلەنوێ و بەگوێرەی گەوهەری مرۆڤایەتی بخولّقێنینەوە ئەو زەمینەیەی ژیان کە لەئەنجامی سیستەمی بالاّدەستی هەزاران سالّدا دووچاری تێکدان هاتووە. ئەم راستییە دەرکەوتۆتەڕوو تاوەکو ناکۆکی رەگەزی چارەسەر نەبێت کە شانبەشانی دەرکەوتنی سیستەمی باوکسالاری دەستیپێکرد و بەشێوەیەکی پەردەپۆشکراو تاڕۆژگاری ئەمڕۆمان بەردەوامە و سەرەڕای ئەوەی بۆتە گرێکوێرە لەهەمانکاتدا رۆلّی کلیلی ناکۆکییە سروشتی و چینایەتی و نەتەوەییەکان دەبینێ, ئەوا ناتوانرێ ناکۆکییەکانی تریش بەچارەسەری بگەیەنرێت. بۆیە تێگەیشتن و هەلّسەنگاندن و شیکردنەوەی ئەو سیستەمە بالاّدەستیەی کە ئەو ئایندەیەی بۆ گەلان بەدینەهێنا کە سۆز و پەیمان و بەلّێنی پێدابوون تەنیا دەشێ لەڕێگای تێکۆشانی رزگاری ژنەوە بەدیبێت.

هەرچەندە تاڕادەیەك درەنگیش کەوتبێت بەلاّم لەسەدەی بیست و یەکەمدا زەمینە و توانستی ئەوە هاتۆتە ئاراوە کە ژنان تێکۆشانی رەگەزی پەیڕەو بکەن و چارەسەری کێشە سەرەکییەکانی مرۆڤایەتی لەگەلّ خۆیاندا بەدی بێنن, هەربۆیە پراکتیزەکردنی ئایدیۆلۆژیای رزگاری ژن, گە بەگوێرەی سۆسیالیزمی زانستی گوزارشت لەگرتنەدەستی ناکۆکی رەگەزی دەکات, خاوەنی جێگا و گرنگییەکی ژیانییە. پارتیمان PJA کە هێزێکی رێکخراوی پراکتیزەکردنی ئەم ئایدیۆلۆژیایەیە, لەمیانەی ئەو بەهاو میراسە مێژووییەی خاوەنداریێتی دەکات خاوەنی رۆلّ و جێگایەکی گرنگە لەتێکۆشانی رزگاری ژندا.

PJAخاوەنی هێزێکی ئایدیۆلۆژی, رێکخستنی بەهێزە کە بتوانێ ئەم رۆلّەی خۆی بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە ببینێ. بەمجۆرە پارتیمان PJA تەنیا رۆلّ لەنێو تێکۆشانی ئازادی ژناندا نابینێ بەلّکو

لەهەمانکاتدا لەسەر بنەمای ڕێبازی ستراتیژی نوێش دەبێتە هێزی دینامیکی تێکۆشانی ئاشتی و دیموکراسی و ڕۆڵێکی چالاکانە دەبینێ لەچارەسەرکردنی کێشەکانی سروشت و ژینگە.

## 1 ـ ژن لەمێژووی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا

لەیەکەم قۆناخی ڕێکخستنی کۆمەڵگادا ئایدیۆلۆژیا بەشێوەیەکی سەرەکی لەسەر بنەمای تەوەرەی ژن بوو. ئەوەی بۆ یەکەمین جار بەکۆمەڵگابوونی پێکهێنا و پیاوی خستە نێو قۆناخی کۆمەڵایەتیبوون ژن بووە. هەروەکو سەرۆکایەتیشمان ئاماژەی پێکردووە:" ژنان بۆ ماوەیەکی درێژ کە بەملیۆنان ساڵ لەمێژووی مرۆڤایەتیدا بەردەوام بووە لەقۆناخی بەمرۆڤبووندا ڕۆڵیان بینیوە. ژنان ناتەواو نین لەڕەوشێکی تەواو و تەواوکاریدان. ئەوەی لەلایەنی ژیان و کۆمەڵایەتیبووندا ناتەواوە پیاوە ". بەتایبەتیش تایبەتمەندێتی زاوزێ و پێویستی پاراستنی منداڵەکانی وایکردووە ژن لەئاژەڵی دڕندە و پیاو دوور بکەوێتەوە و ئەمەش بەشێوەیەکی ئاسایی بووەتە سەرچاوەی خوڵقاندنی ژیانێك کە یاسا و ڕێساکانی بەگوێرەی تەوەرەی ژن بێت. هەروەها لەکاتێکدا لەئەنجامی پێویستی پاراستنی منداڵ کە پارچەیەکی لاشەی خۆیەتی هەستی خۆشەویستی و دادوەری پێشکەوتووە و, لەهەمانکاتدا وەکو پێویستییەکی بەخێوکردن و خاوەن دەرکەوتن, لەسەر بنەمای ڕەنج پەرەی بەژیان داوە. لەئەنجامی سوود وەرگرتن لەدانەوێڵە پێداویستی بەخێوکردنی خۆی و منداڵەکانی بەدیهێناوە و فێری ئەوە بووە کە لەگەڵ سروشتدا بگونجێ و کۆك بێت. شانبەشانی بەرەوپێشەوەچوونی ئەم قۆناخە ژن ڕێچکەکانی چۆنێتی سوود وەرگرتنی لەخاك دۆزیوەتەوە و بۆ یەکەمین جار لەو قۆناخەی بەسەردەمی نۆلۆتێك دەناسرێ ژن خاکی بەکارهێنا, ئەگەر بەشێوەیەکی سەرەتاییش بێت هەنگاوی دەربازبوون بۆ یەکەمین قۆناخی نیشتەجێبوون هاوێشترا و بناخەکەی دانرا. هەروەها لەسەردەمی نۆلۆتێك کە بناخەی دەربازبوون بۆ شارستانییەت هاوێشترا ژن بەردەوامی بەدەسەڵاتی خۆی داوە و تەنیا لەچالاکییەکانی بەرهەمهێناندا کاریگەر نەبوو بەڵکو ڕۆڵێکی گرنگی بینیوە لەپێکهێنانی یاسا و ڕێسا کۆمەڵایەتییەکان. ژن کە تەواوی ئەم یاسا کۆمەڵایەتیانەی لەچوارچێوەی سیستەمی خۆیدا ڕێکخستووە, لەمیانەی پێشخستنی یاسا و دادوەری دایکدا پیاویشی بۆ نێو ژیانی کۆمەڵایەتی ڕاکێشاوە. ئەو خۆگونجاندنەشی لەگەڵ سروشت بەدیهێنا, هەروەها تەواوی ئەو گۆڕانکارییانەی لەم سەردەمەدا ئەنجامیدا, بووە هۆکاری ئەوەی لایەنی ئاشتیخوازی و یەکسانی و دیموکراسیخوازییانەی پێشبکەوێت.

لەئەنجامی دابەشکردنی کار لەنێوان ژن و پیاودا, کە شانبەشانی پێشکەوتنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان هاتە ئاراوە, پیاو کەوتە نێو ڕەوشێکی بەهێزتر و ژنیش بەکارەکانی نێوماڵ و کۆکردنەوە سنووردار مایەوە. دەرکەوتنە پێشی بەکارهێنانی هێزی بازووی ڕەهای پیاو و پێشخستنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان بناخەکانی سیستەمی باوکسالاری ئاوا کرد و ڕێگای لەپێش ڕەوشێکی بەمجۆرە کردەوە کە ڕۆڵی دیار و کاریگەرانەی هەزاران ساڵەی ژن بکەوێتە ڕیز و پلەی دواوە. هەروەها بۆ ئەوەی ئەو بەرهەمە زیادەی لەئەنجامی پێشکەوتنی ئامرازەکانی بەرهەمهێناندا کۆبۆتەوە لەڕێگای میراسەوە

لەباوکەوە بۆ کوڕ بمێنێتەوە و ڕەگەز و لایەنی زایندی ژن بکەوێتە ژێر کۆنتڕۆڵ و باڵادەستییەوە خێزانی باوکسالاری کرا بەدەزگایەك. بەمجۆرە پیاو کۆتایی بەڕۆڵی کاریگەرانەی ژن هێنا کە لەئابووری خێزاندا بەرجەستە ببوو و دەستی بەسەردا گرت و کۆتایی بەیاساکانی دایکسالاری هێنا و لەسەربنەمای پشتبەستن بەدەسەڵاتی پیاو سیستەمی باوکسالاری پێشخست.

لەسەرەتای دەرکەوتن و پێکهێنانی کۆمەڵگای کۆیلایەتیدا هەروەکو چۆن پێشکەوتنی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی لەگەڵ خۆیدا هێنایە ئاراوە, لەهەمانکاتدا ڕێگای لەبەردەم پێشکەوتنەکانی کولتوور و هزریشدا کردەوە. بەڵام ژنان کە لەنێو ئەم سیستەمەدا شوێنگەی جارانیان لەدەستدا, بەهەمان شێوە و بەشێوەیەکی کاریگەرتر ڕەوشی کۆیلایەتیش کرا بەدەزگا و ژن بووە بوونەوەرێك کە لەژێرەوی تەواوی چین و توێژەکانی مرۆڤایەتیدا جێ بگرێت. لەکاتێکدا خاوەنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان لەسەردەمی کۆیلایەتیدا خۆیان وەکو " نوێنەرانی خوداوەند " دەناساند, ئەوا خەڵکانی تریشیان وەکو " کۆیلەکانی خوداوەند " دەبینی و بەمجۆرەیان ڕادەگەیاند. لەنێو ژیاندا دەسەڵاتدار و کۆیلە و موڵك لەیەکتر جیاکرابوونەوە, ژنانیش وەکو موڵك گوزارشتیان لێدەکرا. ئەو توێژەی لەتەواوی چین و توێژەکانیتر زیاتر لەم قۆناخەی کۆمەڵگادا چەوسێنراوەتەوە کە وەکو قۆناخی سەرەتایی و هۆڤێتی شارستانیەت گوزارشتی لێدەکرێت توێژی ژنان بووە. ژن کە لەڕێگای ڕەنجی خۆیەوە جێگای لەنێو پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیدا گرت, وەکو هێزێك خۆی نەخولقاندووە و هۆکاری هەبوونیشی وەکو جێبەجێکردنی پێویستییەکانی پیاو دەستنیشانکراوە.

لەکاتێکدا تایبەتمەندێت زاوزێ و بەرهەمهێنەری ژن کە لەئەنجامی بەرهەمێناندا بەدەستی هێنا بوو لەسەردەمی دەسەڵاتی دایکسالاریدا بۆ خۆی و تەواوای کۆمەڵگا بووە, ئەوا لەکۆیلەداریدا تایبەتمەندێتی بەرهەمهێنان و زاوزێی ژن بەشێوەیەکی ڕەها خراوەتە خزمەتی چینی باڵادەست. سیستەم هەر تەنیا بەمەش نەوەستا بەڵکو ژنی خستە ژێر زەبروزەنگێکی دژوار و چەوساندنەوە و باڵادەستی خۆی قاڵتر کردەوە. ژن کە نەیتوانی لەڕەنج و جەستەی خۆی بەخاوەن دەربکەوێت ئەوا بەرامبەر بەم هێرش و هەڕەشانە بووە خاوەنی کارەکتەرێکی بێئیرادە و کەسایەتییەکی ملکەچ و سەرکوتکراو, کەسایەتی پیاویش لەگەڵ دەستپێکردنی سیستەمی باوکسالاری تایبەتمەندێتی تاکڕەوی و مشەخۆری و هێرشبردنی بەدەستهێنا و شانبەشانی دەرکەوتنی کۆمەڵگای چینایەتیش ئەم تایبەتمەندییانەی کرد بە سیستەمێك.

هەست و داخوازی دەست بەسەرداگرتن و خاوەنداریکردنی هەرشتێك لای پیاو کۆمەڵگای کردووە بە کۆیلە و بۆتە هۆکاری ئەوەی بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر ڕێگا لەپێش چەوساندنەوە و تاڵانکردنی ڕەنج بکاتەوە. ئەو چەمکەی باڵادەستی و موڵکداری وایکردووە تایبەتمەندی توندوتیژی و دەسەڵات و کارەکتەری دەستەڕۆیی لەپیاودا پێشبکەوێت, ئەو تایبەتمەدییانەی خۆی بکات بەدەزگا و لەهەموو بوارەکانی ژیاندا زاڵ و باڵادەست بووە.

لەگەڵ ئەوەی هەر قۆناخێکی کۆمەڵگا خاوەنی رۆڵێکی نوێ و پێشکەوتنخوازی بووە لەپێشکەوتنی مرۆڤایەتیدا, لەهەمانکاتدا بەمانای مەزنبوون و کەڵەکەبوونی چەوسانەوە و پەیڕەوکردنی بەشێوەیەکی زۆر وەستایانە دێت. ئەو راستینەیەش بەشێوەیەکی زۆر کاریگەر و بەرچاو بەسەر رەگەزی ژناندا رەنگی داوەتەوە کە لەئەنجامی پێشکەوتنی کۆمەڵگای چینایەتی مەزنبوون و رۆڵی خۆی لەدەستدا.

یەهودیەت کە یەکەم ئایینە بانگەشەی تاکە خوداوەندی دەکات, لەهەمانکاتدا گوزارشت لەقۆناخی دەربازبوونی سەردەمی دایکسالاری و هاتنی سەردەمی باوکسالاری دەکات و راستینەی بەدەزگابوونی ئەم سیستەمە دیاری دەکات. بەمجۆرە باڵادەستی پیاو لەڕێگای خوداوەندەوە کرا بەڕاستینەیەکی پیرۆز, تەواوی مرۆڤایەتی, ژن – پیاو پێ رازی کرا و یان پەسندکرا. هەرچەندە قۆناخەکانی دەرکەوتنی هەردوو ئایینی مەسیحی و ئیسلامی هەندێ تایبەتمەندێتی باش سەبارەت بە ژنان لەخۆوە بگرێت بەڵام لەناوەڕۆکی خۆیاندا ئایینی یەهودییان بەبنەماگرتووە کە ئەویش پشت بەستاتۆکای رەوا بینینی نایەکسانی و چەوسانەوەی نێوان ژن و پیاو دەبەستێت. ئەم ئایینانە پەیوەندییەکانی نێوان ژن و پیاوانیان بەگوێرەی بەرژەوەندی پیاو رێکخستووە و لەڕێگای ئایینە ئاسمانییەکان کردوویانە بە یاساوڕێسای ئایینی و رێگای گفتوگۆ کردنیان دەرهەق بەم یاسایانە داخستووە. بەمجۆرەش لەسەر بنەمای ئەم یاسا پیرۆز و نەگۆڕانە باڵادەستی پیاو زۆر بەهێز بووە و رەوشی کۆیلایەتی و وابەستەیی ژنان بەپیاوانەوە قووڵتر بۆتەوە.

ئەو مافەی دابونەریتە فیوداڵییەکانی چەرخی ناوین بۆ ژنان بەڕەوایان بینیووە تەنیا خزمەتکردن و ملکەچکردنیان بووە بۆ پیاو. هەرچەندە لەم رەوشەدا ژنان لەژێر کاریگەری ئاییندا هەناسەیەکیان دابێت, وەلێ خاوەنی دیاریکردنی ژیان و ئایندەی خۆیان نەبوونە و ستاتۆی کۆیلایەتی ژنان بەردەوام بووە.

سەرۆکایەتی پارتیمان دەڵێ:" ژن لەچەرخەکانی ناویندا بوونی نەبووە, ژن تەنیا ماددە و ئامرازێك بووە کە رفێنراوە و کۆشکەکانی پێ پڕکراوەتەوە. بەشێوەیەکی بەرچاو ژنهێنان و پێکهێنانی خێزان لەچەرخەکانی ناویندا لەپێناو پێشخستنی باڵادەستی سیاسی پیاو بەکارهێنراوە. پیاو وەکو ئامرازێکی پێشخستن و بەهێزکردنی فشار و چەوسانەوەی چینایەتی تەماشای دیاردە و مەسەلەی ژنهێنان و خێزانی کردووە ". هەروەکو چۆن لەم وتەیەی سەرۆکایەتی پارتیشماندا دەردەکەوێت کەژن لەو سەردەمەدا لەموڵکێك زیاتر بەجۆرێکی تر تەماشای نەکراوە و لەنێو دەزگای خێزان و چوار دیواردا بەندکراوە. ژن کە لەکۆمەڵگا و سیاسەت و ئابووری و هەموو بوارەکانی ژیان دوورخراوەتەوە, کاتێك کە شانس و دەرفەتی ئەوەی لەدەست دا توانست و تەواوی تواناکاریەکانی خۆی لەخزمەتی کۆمەڵگا و تەواوی مرۆڤایەتی بەکاربێنێ, گەلێك تایبەتمەندی خراپی لەخۆوە گرت کەپێشتر لەناوەڕۆکی ژندا نەبووە.

لەنێو سیستەمی سەرمایەداریدا کە لەنێو هەناوی کۆمەڵگای دەرەبەگایەتییەوە سەریهەڵدا, ژنان جێگای خۆیان لەنێو هەندێ گۆڕەپانی بەرهەمهێنانی دیاریکراودا گرت. هەرچەندە ئەڵقەیەکی تریش

هاتە سەر ئەو چەوساندنەوەیەی کە ژنان لەلایەنی زەوتکردنی رەنج لەنێو ماڵدا دووچاری دەهاتن, بەڵام وەکو لایەنێکی باشە و پۆزەتیف لەنێو سنووری چوار دیواردا دەرکەوت و لەبوارەکانی ژیان و کۆمەڵگا و سیاسەت دەرفەتی ڤەبوونی بۆ رەخسا. لەکاتێکدا لێگەڕینی تەواوی گەل و نەتەوەکان بۆ بەدیهێنانی ئازادی زەمینەی ئەوەی خوڵقاند کە گەلێك توێژی کۆمەڵایەتی لەبواری ئایدیۆلۆژیدا رێکخستنی خۆیان پێشبخەن, ئەوا هەلومەرجی وشیاری ژنانیشی وەکو رەگەزێك هێنایە ئاراوە. هەروەکو چۆن لەلایەك ژنان جێگای خۆیان لەنێو چالاکی و رێکخستنە کۆمەڵایەتیەکاندا گرتووە, لەهەمانکاتدا شانبەشانی پێشکەوتنی سیستەمی سەرمایەداری و جێگرتن لەنێو گۆڕەپانەکانی بەرهەمهێنان و هەلومەرجی سەختی کاردا بووە هۆی ئەوەی ژنان تەڤلی نێو تێکۆشانی چینایەتیش بن. هەروەها داواکاریەکانی ژنان بۆ مافەکانی هەڵبژاردن و خۆ پاڵاوتن و کرێی یەکسان و مافەکانی دایکایەتی و خەباتکردن لەم پێناوەدا لەو سەردەمەدا هاتۆتە ئاراوە. واتە بۆیەکەمجار لەسەردەمی سیستەمی سەرمایەداریدا پێشکەوتووە, بەڵام لەڕێی هەڵوێستی " پەیمانی بەخشینی ئازادی " ژنان وەکو کاڵایەك لەبازار بەکارهێنراون و, لەڕێی بەخشینی هەندێ مافی رووکەشانە سیستەمی سەرمایەداری خواستوویەتی پێش لەلێگەڕینەکانی ئازادی ژنان بگرێت. ژنان کە نەیانتوانی لەڕێگای ئیرادەی خۆیانەوە کێشەکانی ئازادی چارەسەر بکەن و بەهێز و تێگەیشتنێکی بەمجۆرە بگەن, بەشێوەیەکی زۆر خراپ و نێگەتیفانە هێز و توانستەکانیان لەلایەن سیاسەتی فاشیزمانەی سیستەمی سەرمایەداری و ئیمپریالیزم کە قۆناخی هەرە بەرزی ئەم سیستەمەیە و دژی گەلان و مرۆڤایەتی بەکاربهێنرێت. شانبەشانی دەرکەوتنی کۆمەڵگای سەرمایەداری, ژنان هاتنە سەر شانۆی سیاسەت و تەنانەت ئەگەر لەم بوارەدا هەندێ نموونەی لەئاستی بەرزیشدا ببینرێت, ئەوا ئەوانە لەگەوهەری خۆیاندا بوونەتە ئامرازی پراکتیزەکردن و جێبەجێکردنی راستینەی سیاسەتی ئەو سیستەمەی کەخاوەنی کارەکتەری باڵادەستی پیاوە.

لەم چوارچێوەیەشدا لەسیستەمی سەرمایەداریدا هەندێ لایەن و پێوانەکانی ئەو فشار و چەوسانەوە ناسراوە کە هەزاران ساڵە بەسەر ژنانەوە پەیڕەوی لێدەکرێت و, بۆ بەلاوەنانیشی کەوتۆتە نێو تێکۆشان, بەڵام لەمیانەی خوڵقاندن و نیشاندانی رەنگدانەوەی ئازادی بەشێوەیەکی شاراوە و قووڵتر و وەستایانەتر کۆیلایەتی چەندین بار زیادی کردووە.

سەرۆکایەتی پارتی دەڵێت: "هەرچەندە ژن لەقۆناخی کۆمەڵگای سەرمایەداریدا هەندێ رێز و پێشکەوتنی بەدەستهێناوە, بەڵام لەنێو کار و چالاکییە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکاندا بەڕادەیەکی هێندە نزم جێگای خۆی گرتووە کە شایەنی باسکردن نییە. ژن تەنیا و سەربەخۆ لەنێو ئەو سیستەمەدا بونەوەرێك نییە, بەڵکو ژن لەگەڵ پیاوەکەیدا بوونی هەیە و خاوەنی جێگا و شوێنێکە. بێگومان ئەمەش جێگای گفتوگۆیە کە ئەو ژنەی لەگەڵ پیاوەکەیدا بوونی هەبێ تا چ رادەیەك خاوەنی ئیرادەیە " هەروەکو چۆن لەم هەڵسانگاندنەی سەرۆکایەتی پارتیشدا دەردەکەوێ کە ئەو ژنەی لەگەوهەری

خۆی دوورکەوتۆتەوە لەپاراستنی سیستەمی باڵادەست و خزمەتکردن و پێشخستنی ئەم سیستەمە بەملاوە ناتوانیٚ هیچ رۆڵێکی تر ببینیٚ.

رەگەزی ژنان کەنیوەی زیاتری کۆمەڵگای مرۆڤایەتی پێکدێنیٚ, لەبەرئەوەی بەگوێرەی پێویست سوود لەو بەهایانە نابینیٚ کە شارستانییەت خوڵقاندوویەتی و پێشیخستووە و بەشێوەیەکی چالاکانە تەڤلی بەرهەمهێنان نابیٚ, بۆیە پێشکەوتن و بەهێزبوونی مرۆڤایەتی لەتەواوی قۆناخەکانی مێژوودا بەناتەواوی ماوەتەوە. بەئەندازەی ئەوەی ئەم رەوشە بۆ مرۆڤایەتی بەواتای لەدەستدانی هێزێکی مەزن دێت, هەمان ئەندازەش لەبەرئەوەی ئەم نایەکسانییە مێژووییەی کۆمەڵگا کە لەگەوهەری خۆی دوورکەوتۆتەوە و بەگوێرەی پێویست چارەسەر نەکراوە و, یەکەمین ناکۆکی چینایەتییە, ئەوا لەڕۆژگاری ئەمڕۆشماندا وەکو گرێکوێرەیەك ماوەتەوە. ئەگەر بێتو ژنان لەبواری هزر و جەستە و ئیرادەوە لەژێر ئەم فشارو چەوسانەوەیە رزگاری نەبێت کە پەیڕەوی لێدەکرێت, واتە تاوەکو ژن لەژێر کۆت و بەندی دیلێتیدا بێت ئەوا بەمانای دیلبوونی ئیرادەی کۆمەڵگاش دێت.

ئامانجی سەرەکی پارتی ژنانی ئازاد ئەوەیە" لەڕێگای بەلاوەنانی رەوشی دیلێتی ژنان کۆتایی بەرەوشی دیلێتی کۆمەڵگا بێنیٚ و ئەو هێز و توانستەی وەکو دەرئەنجامی ئەم رزگار بوونە دێتە ئاراوە بکات بە موڵکی تەواوی مرۆڤایەتی, ئەمەش بەواتای خوڵقاندنی ژیانێکی نویٚ دێت. بەمجۆرەش سەرلەنویٚ تەواوی ئەو جوانی و ئەو راستییانە دەگرێتە دەست کە تاوەکو ئێستا شاراوە بوون و پەردەپۆش کرابوون و لەسەربنەمای گۆشەنیگای ژنەوە شرۆڤە دەکرێت و لەمیانەی خستنە خزمەتی تەواوی مرۆڤایەتی دەبێتە گوزارشتێکی واقیعی و بەرجەستەی رێزگرتن لەژیان و رەنجدان. هەربۆیە بەلاوەنانی ئەو رەوشەی کە سیستەمی هەزاران ساڵەی باڵادەستی پیاو سەبارەت بەتێگەیشتنی مێژوویی لەلای ژن خوڵقاندوویەتی و دووچاری سڕینەوەی کردووە تەنیا دەشیٚ لەڕێی ناسینی جولانەوەکانی ژنان و دەرکپێکردن و ئاشکراکردنی ئەم لایەنانەوە بەدی بێت کە تاوەکو ئێستا شاراوە بوون یاخود نەدەناسران. چونکە ئاستێکی بەرزی تێگەیشتنی مێژوویی کاریگەرترین چەکە لەبەرێوەبردنی تێکۆشانی ئازادیدا. هەربۆیە کاتێك لەسەر ئەم بنەمایەی ئاماژەمان پێکرد لێکۆڵینەوە سەبارەت بەمێژووی جولانەوەی ژنان دەکەین هێندەی ئەوەی ئەو بەهایانەی خوڵقێنراون وەکو میراسێك بەبنەما دەگرین, ئەوا دەرکپێکردنی هۆیەکانی ژێرکەوتن و خستنەڕووی هۆکار و فاکتەرە مێژوویی ـ کۆمەڵایەتییەکانی چۆنیەتی گەیشتن بەسەرکەوتن زۆر گرنگە.

ژن بەردەوام لەڕێگای رەنجی خۆیەوە جێگای لەنێو ئەو قۆناخە شۆڕشگێڕییانەدا گرتووە کە دژی سیستەمە پاشڤەڕۆکان خوازیاری خوڵقاندنی ژیانێکی نویٚ بووە کە وەکو لێشاوی تێکۆشانی ئازادی مرۆڤایەتی و قۆناخە نوێکانی کۆمەڵگا دەرکەوتووە و رۆڵێکی گرنگی لەبەرەوپێشەوە چوونی مرۆڤایەتیدا بینیوە. بەڵام لەبەر ئەوەی لەنێو ئەم ململانێیەی مان و نەماندا رەنجی خۆی و ئەو بەهایانەی کە خوڵقاندوویەتی نەخستۆتە نێو رێکخستنێك و نەیکردووە بەسیستەمێك ئەوا لەقۆناخەکانی دوای شۆڕشدا نەبۆتە هێزێکی هەمیشەیی و لەڕەوشێکی بێکاریگەردا ماوەتەوە. چونکە

لەهەر قۆناخێکی نوێی کۆمەڵگادا کارەکتەری پیاو بەشێوەیەکی بەهێزتر خۆی کردووە بەسیستەم و بەدەزگابوونی ئەنجامداوە, بەڵام ژنان لەبواری ئیرادە و هزر و جەستەدا دووچاری نامۆبوون و پەرتەوازەیی هاتوون.

وەك چۆن هەر قۆناخێکی پێشکەوتنی کۆمەڵگا لەهەنگاوەکانی یەکەمیدا لەمیانەی گەوهەری پێشکەوتووخوازی و شۆڕشگێڕی خۆیدا پێشکەوتنی بۆ تەواوی مرۆڤایەتی هێناوەتە ئاراوە, ئەوا سەبارەت بە ژنیش هەمان رۆڵی بینیوە. بەڵام لەبەر ئەوەی گەوهەری پێشکەوتووخوازی کە لەقۆناخە سەرەتاییەکاندا هەبوو هەتاوەکو دوایی قۆناخ بەردەوام نەبووە و کەوتۆتە ژێر خزمەتی چینێك یاخود توێژێکی سنووردار و تەسك, بۆیە کارەکتەرێکی پاشڤەڕۆیانەی لەخۆوە گرتووە. ئەم رەوشەش بەئاستێکی هەرە بەرز و بەرچاو رەنگدانەوەی خۆی بەسەر راستینەی ژنانەوە هەبووە. هەر سیستەمێك لەنێو کارەکتەری پاشڤەڕۆتیدا قاڵبووبێتەوە ژنانی دووچاری کەوتن و داڕووخان کردووە کە بێ رێکخستن و بێ هێزترین توێژی کۆمەڵایەتی بووە.

هەرچەندە هەر قۆناخێکی نوێی کۆمەڵگا لەنێو رەوڕەوەی بەڕێوەچوونی مێژوودا کارەکتەرێکی بەمجۆرەی نیشاندابێ, بەڵام مارکس و ئەنگلس کە خوڵقێنەری سۆسیالیزمی زانستین و ئامانجیان پێکهێنانی سیستەمێکی بێ چین بووە و پشت بەڕەنج و یەکسانی دەبەستن, بۆ یەکەمجار کێشەی ژنیان وەکو کێشەی کۆمەڵایەتی مرۆڤایەتی گرتە دەست. بەمجۆرەش سەبارەت بەچۆنێتی تێڕوانینی کێشەی ژنان پێشکەوتنێکی بەرچاویان خوڵقاندووە. بەڵام مارکس کە گوتوویەتی:" رزگاری ژن گرێدراوی رزگاری کۆمەڵگایە " کێشەکەی بەشێوەیەکی تایبەتی نەگرتۆتە دەست و بەئامانجی بەلاوەنانی چەوسانەوە بەشێوەیەکی یەکجارەکی بەناکۆکی رەگەزی نەبەستۆتەوە. ئەنگلس سەبارەت بەشیکردنەوەی کێشەکە هەنگاوێك زیاتر بەرەوپێش چووە و ئەوەی دەستنیشان کردووە کە:" کۆنترین چەوسانەوەی چینایەتی, چەوسانەوەی پیاوە لەسەر ژنان " بەڵام چارەسەرەی کێشەکەی لەڕزگاری چینایەتیدا بینیوە, لەم چوارچێوەیەشدا هەردوو بلیمەت و بیریارانی سۆسیالیزم بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکی سەرەکی مرۆڤایەتی و کێشەکانی کۆمەڵگا کێشەکەیان لەئاستێکی ستراتیژی نەگرتۆتە دەست.

شۆڕشی ئۆکتۆبەر کە بەڕێبەرایەتی لینینی بەرجەستەکاری ئایدیۆلۆژی سۆسیالیزم لەبواری کرداریدا بەسەرکەوتن گەیشت, بۆ تەواوی مرۆڤایەتی بووە سەرچاوەی ئومێد و باوەڕی. یەکێك لەتایبەتمەندێتییە هەرە دیار و بەرچاوەکانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر, کە لەنێو هەلومەرجی پاشڤەڕۆیی روسیای قەیسەریدا هەڵگیرسا, ئەوەیە کە ژنان بەهۆی ئومێد و هیوایان بۆ ژیانێکی ئازاد تەڤلیبوونێکی زۆر چالاکانەیان ئەنجامدا. تەڤلیبوونی ژنان بەشێوەی کۆمەڵ بەکۆمەڵ و جێگرتنیان لەنێو تێکۆشان و تەنانەت بەڕێوەبردنی ئەرك و بەرپرسیارێتی لەپێناو رزگار بوون لەو فشارە کۆمەڵایەتییەی لەئارادا بوون, هەروەها لەپێناو گەیشتن بەمافە سەرەکییەکانی مرۆڤ بوو کە بەشێوەیەکی کاریگەر خوازیاری بوون, لەسەر ئەم بنەمایەش ژنانیش لەمیانەی رەنجی خۆیانەوە بەشێوەیەکی چالاکانە تەڤلی شۆڕش

بوون و میراسێکی مەزنی بەرخۆدانییان خوڵقاند. ژنان کە شانس و دەرفەتی ئەوەیان دەسکەوت بەشێوەیەکی چالاکانە جێگای خۆیان لەچارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکاندا بگرن و هێز و توانستەکانیان لەبواری کرداریدا پراکتیزە بکەن و دەرفەتی ئەوەیان بۆ رەخسا کە گەوهەری خۆیان بناسن و دەرکی پێکەن, لەو قۆناخە شۆڕشگێڕییەدا پێشکەوتنێکی گرنگ و بەرچاویان بەخۆیانەوە دی.

لەئاکامی شۆڕشی ئۆکتۆبەردا ژنان تاڕادەیەکی مەزن لەکۆیلایەتی نێو ماڵ رزگارییان بوو, کە سەدان ساڵ بوو مەحکومی کرابوون. هەروەها لەمیانەی جێگرتنیان لەخەبات و چالاکی بوارەکانی ئابووری, سیاسی, کولتووری و هونەری, لەلایەنی هزری و ئیرادەوە گەیشتۆتە ئاستێکی پێشکەوتوو و بەرچاو. سەرەڕای ئەوەی شۆڕشی ئۆکتۆبەر سەبارەت بەژنان گەلێك پێشکەوتنی خوڵقاند, هەرچەندە لینین کە سەرۆکی شۆڕش بوو و رۆڵی پراکتیزەکاری ئایدیۆلۆژیای سۆسیالیزمی بینی و رزگاری ژنانی شانبەشانی رزگاری کۆمەڵگاوە گرتبێتە دەست, بەڵام لەبەر ئەوەی هەڵوێستێکی تایبەتی پێشنەخست نەیتوانی چارەسەرەییەکی بنچینەیی جۆرێك بخوڵقێنێ کە هەمیشە و بەردەوام بێت. لەئەنجامی ڤەبوون بەرەو بوارەکانی بەرهەمهێنان ژن باوەڕی کردووە کە بەڕزگارییەکی تەواو دەگات, بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو کێشەیەی کە لەگەوهەری خۆیدا پێویستی بەشەڕێکی مەزنی چینایەتی و کەسایەتی هەیە لەگەڵ پێشکەوتنە گشتییەکانی گرتۆتە دەست و بەشێوەیەکی تەسك هەڵوێستەی بەرامبەر کردووە, بۆیە بەهای پێویست و شیاوی پێنەبەخشیوە و چارەسەری کێشەکەی بۆ کاتێکی نادیار درەنگ خستووە. سەرەڕای ئەو بەها مەزنانەی خوڵقێنرا بەڵام ئەو تێڕوانینە ناتەواوەی رێبەری شۆڕش سەبارەت بەکێشەی ژنان رەنگدانەوە و کاریگەری خۆی کردۆتە سەر روانگەی سیستەمی سۆسیالیستی. هەربۆیە لەم چوارچێوەیەشدا سیستەمی سۆسیالیزمی بونیادنراو سەبارەت بەژنان نەبۆتە خاوەنی سیاسەتێك, واتە نەبۆتە خاوەنی پرۆگرامێك کە رزگاری ژنان بەدیبێنێ. ئەو هەڵوێستەش کەوا بیردەکاتەوە لەئەنجامی ریفۆرمی کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە ئازادی ژنان بەدیدێ, لەهەڵوێست و روانگەی سۆسیالیزمی زانستییەوە دوورە و رۆڵێکی رێگر دەبینێ لەپێش ئاشنابوونی ژنان بەڕاستینەی خۆیان و رێکخستنی خۆیان. لەبەر ئەم هۆکارەش هەرچەندە سۆسیالیزمی بونیادنراو سەبارەت بەتێکۆشانی ئازادی ژنان گوزارشت لەقۆناخێك بکات بەڵام رزگاری ژنانی بەتەواوەتی نەهێناوەتە ئاراوە.

ژنان لەمیانەی بەرخۆدانەکانیان لەساڵانی شۆڕشدا رۆڵێکی دیاریکراویان بینی لەبەدیهێنانی رزگاری کۆمەڵایەتی و لەساڵانی دوای شۆڕشیشدا لەڕێگای جێگرتنیان لەهەموو بوارەکانی ژیان پێکهاتەی هەمەجۆری سیاسیان ئاوا کردووە. لەبەر ئەوەی لەشێوازی هەندێ لەم پێکهاتە و رێکخستنانە سنووری فامینزیمیان تێنەپەڕاندووە و دووری راستینەی کۆمەڵگا بوون تەنیا لەچوارچێوەی سنووری خۆیاندا مانەوە و نەیانتوانی لەنێو ژیاندا کاریگەر بن. هۆکارێکی سەرەکی ئەم رەوشەش بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە ئەو ژنانەی پێشەنگایەتی ئەم جولانەوەیان دەکرد خۆیان لەتێڕوانینی چینی بۆرژوازی بچووك رزگار

نەکردبوو و خاوەنی چەمکێکی سۆسیالیستی بەمجۆرە نەبوون کە تەواوی توێژە کۆمەڵایەتییەکان بگرێتەوە و لەخۆوە بگرێت.

هەرچەندە لەیەکێتی سۆڤیەتدا رێکخستنی بەمجۆرەی ژنان ئاواکرابێت کە هێزێکی گرنگ و مەزن لەخۆوە بگرێت, بەڵام لەبەر ئەوەی لەئاستی ئایدیۆلۆژی, سیاسی, کۆمەڵایەتی و رێکخستنیدا دەرکی بەگرنگی تێکۆشانی تایبەتی ژنان نەکرد, هەربۆیە نەیتوانی هەڵوێستێکی بەمجۆرە نیشان بدات کە ئازادی ژنان پێش بخات و قاڵبوونەوەی سەبارەت بەئازادی وەکو فامێنیستانە هەڵسەنگاندووە, ئەمانەش هەڵوێستێك بوون دەرکەوتن کە روانگە و تێڕوانینی پیاوی تێپەڕاند و ئەم راستییەیان نەبینی کە ئەم تێکۆشانە بۆ سۆسیالیزم پێویستییەکی ژیانییە. تەنانەت لەسەر ئەو بنەما و روانگەیەی کە بەرژەوەندییەکانی ژنان لەچوارچێوەی بەرژەوەندییەکانی پارتی گوزارشتی لێدەکرێت, پێویستی ئەوەیان نەبینیوە بیر لەقاڵکردنەوە و پێشخستنی رێکخستنی تایبەت بکەنەوە. هۆکاری سەرەکی ئەو هەڵوێستە نابەجێیانەی سۆسیالیزمی بونیادنراو کە سەبارەت بەژن دەرکەوتوون بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لەتێگەیشتنی مێژوویی و هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی ئایدیۆلۆژی ـ سیاسی ناکۆکی رەگەزی دوور بوون, هەروەها خاوەنی پرۆگرامێکی تایبەت نەبوون کە ئامانجی رزگاری ژنان بێت. هەربۆیە لەکاتێکدا پێویست بوو ژنان بە شێوەیەکی بەهێز کاریگەر خاوەن لەم بەهایانە دەرکەون کە شۆڕش هێنابوونیە ئاراوە و لە ئازادی کۆمەڵگادا ببنە هێزێکی وەرچەرخان, بەڵام سەرەڕای ئەو پێگە گرنگانەی بەدەستی هێنابوون نەیتوانی لەم بوارەدا سەرکەوتن بەدەست بێنێ.

ئەو شۆڕشانەی لەژێر کاریگەری شۆڕشی ئۆکتۆبەردا ئەنجامدران هەمان گەوهەریان لەخۆوە گرتبوو کە بەشێوەیەکی کورت و پوختە سەبارەت بە شۆڕشی ئۆکتۆبەر ئاماژەمان پێیکرد. هەرچەندە تایبەتمەندێتی جیاوازی جوگرافی و راستینەی گەلان و تایبەتمەندێتیەکانی مێژووی پێشکەوتنی کۆمەڵگاکان لەنێوان شۆڕشەکاندا هەبێت, ئەوا چۆنیەتی گرتنە دەستی کێشەی ژن و رەنگدانەوەی چۆنیەتی بەڕێوەچوونی شێوازەکانیان تاڕادەیەکی مەزن وەکو یەکتر بوون. لەقۆناخە سەخت و دژوارەکانی شۆڕشدا ژنان بەشێوەیەکی فیداکارانە و لەئاستێکی بەرزدا تەڤلیبوونیان نیشانداوە, بەڵام لەبەرئەوەی خاوەنی تێگەیشتنی رەگەزی و هێزی رێکخستنی رەنجی خۆیان نەبوون نەیانتوانیوە خۆیان لەم رەوشە رزگار بکەن کە نەگەڕێنەوە سەر هەمان ئەو رەوشە بێڕۆڵ و بێکاریگەریەی کەبەر لەشۆڕش تێیدا بوون.

ئەنجام" هۆکاری سەرەکی ئەوەی کە تاوەکو رۆژگاری ئەمڕۆمان کێشەی ژن لەتەواوی ئەم شۆڕشانە بەچارەسەریەکی ریشەیی نەگەیشتووە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە خاوەنی پرۆگرامێکی درێژخایەن نەبوونە کە رزگاری ژنان لەخۆوە بگرێت. رێبەرەکانی ئەم شۆڕشانە بەگوێرەی پێویست لەچۆنیەتی گرتنەدەستی ئەم کێشەیە کارەکتەری بالادەستیان بەلاوە نەنانەوە واتە تێڕوانینی تەسکی چینایەتییان تێنەپەڕاندووە. لەبەر ئەوەی ئەم راستینەیان نەبینیوە کە ناکۆکی رەگەزی سەرەکیترین ناکۆکی مرۆڤایەتییە, هەربۆیە لەگۆڕانکاری و وەرچەرخانی کۆمەڵگادا دەرکیان بەڕۆڵی ستراتیژی ژنان

نەکردووە. ئەم هەڵوێست و نزیکبوونەوانەش بەشێوەیەکی کاریگەر و بەرچاو ڕەنگدانەوەیان بەسەر سیاسەتی پراکتیکی پەیڕەو لێکراودا کردووە.
ناتەواوی هەڵوێستی تیۆری و پراکتیکی ڕێبەرانی شۆڕش و تێڕوانینی تەسکی ڕەگەزی و چینایەتی جولانەوەکانی ژنان سەبارەت بەکێشەکە بوونەتە فاکتەرێکی گرنگی بەچارەسەرنەکراوی مانەوەی کێشەکە. لەکاتێکدا ئەم ڕەوشە بەردەوام ئاستی ڕێکخستن و کۆمەڵایەتیبوونی ژنان لاواز دەکات لەهەمانکاتدا بۆتە کۆسپ لەپێش ئەوەی کێشەکانی خۆی لەسەر بنەمای ئیرادەی سەربەخۆ و سیاسەتی پراکتیکی گونجاودا بگەیەنێتە هێزی چارەسەری. لەکاتێکدا ژن بەرامبەر بەسیستەمی باڵادەستی پیاو تێکۆشان دەکات کە ناسنامە و مێژوو و ئیرادەی لەدەست دەرهێنا, ئەوا لەبوارە مێژوویی, چینایەتی و کۆمەڵایەتییەکاندا بەشێوەیەکی بەهێز ئەو سیستەمەی شینەکردۆتەوە, هەربۆیە کاتێ تێکۆشانی بەڕێوە بردووە دەرکی بەڕاستینەی ئەو سیستەمە نەکردووە کە شەڕی بەرامبەر بەڕێوە بردووە, هەر لەبەرئەوەی لەو گەمە و سیاسەتانە نەگەیشتووە کە هەزاران ساڵە لەڕێگایەوە ژنی مەحکومی کۆیلایەتی کردووە نەیتوانیوە بەگوێرەی ئەمەش لەمیانەی ئیرادەیەکی سەربەخۆ سیاسەت دەستنیشان بکات و لەڕەوشی وابەستەیی بەپیاو ڕزگاری ببێت. سەرەڕای ئەو میراسە مێژوویی و بەها گرنگانەی تێکۆشانی ئازادی ژنان خوڵقاندوونی, بەڵام لەبەرئەوەی ڕێکخستنی تایبەت و پرۆگرامی ڕزگاری ژنانی بەشێوەیەکی بەهێز دەرنەخستۆتەڕوو, هەربۆیە ئازادی و ڕزگاری ژنان بەدینەهاتووە کەچەوساوەترین توێژی کۆمەڵگای مرۆڤایەتییە.

### 2 ـ ژن لەخۆرهەڵاتی ناویندا

شتێکی ڕێکەوت نییە کە ریشەکانی PKK لەڕۆژهەڵات و خاکی میزۆبۆتامیایە. ئەم خاکە دەوڵەمەندە خاوەنی تەواوی ئەو ئایدیۆلۆژیانەیە کە مرۆڤ لەڕابردوو تاوەکو ڕۆژگاری ئەمڕۆمان خاوەندارێتی کردووە و شکۆمەندترین شارستانییەتی مێژووی خوڵقاندووە. خەڵکانی ئەم سروشتە بەپیت و بەرەکەتە کە یەکەمجار چاندن و بەرهەمهێنان و پێشکەوتنی مرۆڤایەتییان ناسی و خوڵقاند, بەدرێژایی سەدان ساڵ خوداوەندە ژنەکانیان پەرستووە, بەڵام دوایی لەسیستەمی باوکسالاریدا خوداوەندە پیاوەکانی ناسی و لەئەنجامی پێشکەوتنی ئایینەکانیش ئاشنای تاکە خوداوەندێك و پێخەمبەرەکان بوو. ئەم شوێنە بەردەوام بۆتە سەنتەری پێشکەوتنەکانی مرۆڤایەتی. تەنیا ڕۆڵی خاکە بەخێر و بێرەکەی و بەها ماددیەکان لەم ستاتۆیەیدا نییە, بەڵکو قوڵایی دەروونی و مۆراڵی مرۆڤ و دەوڵەمەندی کولتوریش ڕۆڵێکی تایبەتی خۆی هەیە. ئەم دەوڵەمەندێتییە مەزنەش بەردەوام ئارەزوومەندێتی ڕۆژئاوای مەزن کردووە و داخوازی دەست بەسەرداگرتنی ئەم دەوڵەمەندێتییە لەمێژوودا ڕێگای لەپێش شەڕ و پێکدادانی خوێناوی کردۆتەوە, خۆرهەڵاتی ناوین کە سەنتەری ئەم شەڕ و پێکدادانانە بوو هێزی ئەوەی لەخۆیدا دروست نەکردووە کە لەم بەهایانە بەخاوەن دەرکەوێت و بەرەو پێشەوەیان ببات. هەربۆیە بەپێی دەربازبوونی قۆناخ وردە وردە بەرەو نەداری چووە و

کەوتۆتە پلانی دواوە و لاواز بووە و تا گەیشتۆتە رەوشێك کە ئەمڕۆکە لەگەڵ مێژووی خۆیدا ناکۆك بێت.

تایبەتمەندێتیەکی گرنگی پارتی ژنانی ئازاد کە لەچوارچێوەی گەوهەری PKK دا خۆی رێکخستووە ئەوەیە کە جولانەوەیەکی ژنانە و لەخۆرهەڵاتی ناویندا لەدایك بووە و پێشکەوتووە. هەر لەم چوارچێوەیەشدا لەبەر ئەوەی پارتێکە بەبێ ئەوەی لەبنچینە و رەگ و ریشەی خۆی دوور بکەوێتەوە پێشکەوتووە. ئەوا سەرلەنوێ گیانی ئازادی لەم خاکە دەخولقێنێتەوە کە لەناواخنی خۆرهەڵاتی ناویندا هەیە. هەربۆیە زۆر گرنگە کە لەسەر بنەمای تێڕوانینی ژنان راستینەی مێژوویی, کۆمەلایەتی و سیاسی خۆرهەڵاتی ناوین بگرینە دەست و شیبکەینەوە و شرۆڤەی بکەین. سەرۆکایەتی پارتیمان بەمجۆرە باس لەجێگا و گرنگی ئەم جوگرافیایە دەکات سەبارەت بەمێژووی ژنان:(( ئەو جوگرافیایەی کە " مانگی بەپیت و فەڕ "ی پێدەڵێن و دەکەوێتە نێوان زنجیرەچیاکانی زاگرۆس و تۆرۆس یاخود " مانگی زێڕین "ی پێدەگوترێت, خولقێنەری مێژووی ژنە, ئەم خاکە لانکەی شۆڕشی ژنانە. خولقاندنی شارستانییەتی سۆمەر و میسریش گرێدراوی کولتووری خوداوەندی ژنە کە ژنان لەقۆناخی شۆڕشی نۆلۆتیکدا خولقاندیان. جێگا و شوێنی خوداوەندە ژنەکانی وەکو ئیسیس و عەشتارە. لەڕاستیدا ژنان لەسەر ئەم خاکەدا خاوەنی مێژوویەکی مەزن و شکۆمەندن. لەدوای کۆمەڵگای چینایەتی کە لەگەڵ ئاواکردنی دەوڵەتی ناوەندی ( شار ) هاتە ئاراوە, ژنان لەوکاتەوە تاوەکو رۆژگاری ئەمڕۆمان ئەم شانسەیان لەدەستدا. بەلام ژن دەتوانێ بۆ جارێکیتر ئەم شانس و دەرفەتە بەدەست بێنێ )).

لەم هەڵسەنگاندنەشدا زۆر بەڕاشکاوی دەردەکەوێت کە هەروەکو چۆن خۆرهەڵاتی ناوین لانکەی شارستانییەت بووە لانکەی شۆڕشی ژنانیشە. لەڕاستیدا ململانێی هەردوو راستینە شتێکی سروشتی و ئاساییە, چونکە شۆڕشی ژنان لەهەمانکاتدا شۆڕشی مرۆڤایەتییە. راستتر بڵێین شانبەشانی ئەو رۆڵە دیاریکراوەی ژن بینی کە چاندن ببێتە شێوازێکی بەرهەمهێنان و بۆ یەکەمجار نیشتەجێبوون و جێگری لەسەر خاك بێتە ئاراوە و دەربازبوون بۆ کۆمەڵگابوون و قۆناخی کۆمەلایەتی بەدی بێت, لەبەر ئەوەی چالاکییەکی قۆناخی سەرەتایی شارستانییەت بوو شۆڕشێکی مەزنە. ئەم شۆڕشە لەسەر جوگرافیای خۆرهەڵاتی ناوین ئەنجامدراوە. هەربۆیە لەم چوارچێوەیەدا دەتوانین بڵێین گەلانی ئەم ناوچەیە ئەگەر قووڵتریش بیگرینە دەست دەڵێین ژنانی ئەم ناوچەیە خاوەن رۆڵی پێشەنگایەتین لەپێکهێنانی شارستانییەتدا.

کۆمەڵگای مرۆڤایەتی تاڕادەیەکی مەزن بەرامبەر بەپێشکەوتنەکانی خۆرهەڵاتی ناوین قەرزارە. چونکە ئەو کولتوور و هونەر و سیاسەت و فەلسەفەیەی کە لەڕۆژگاری ئەمڕۆماندا هەیە تا ئاستێکی مەزن سەرچاوەی خۆی لەم خاکەوە وەردەگرێت. هەروەها ئەو شوێنەیە کە بۆ یەکەمجار کۆمەڵگای چینایەتی تێیدا سەریهەڵدا و ئیمپراتۆریەتە مەزنەکانی سەردەمی کۆیلایەتی لەدایك بوون و پێشکەوتن. هەروەها بێگومان بەرامبەر بەفشاری ئەو ئیمپراتۆریەتانەی لەم جوگرافیایەدا پێشکەوتن و لەسەر بنەمای لێگەڕینی نەپساوەی مرۆڤایەتی بۆ گەیشتن بەژیان و ئازادی, بۆتە سەرچاوەی پێشکەوتنی ئەو

ئایین و ڕەوشت و فەلسەفانەی کە ئامانجی رزگارییان بەرز کردۆتەوە و بەشکۆمەندی رایانگرتووە. دەرکەوتنی هەر سێ ئایینی ئاسمانی تاك خوداوەندی کە بیروباوەڕی زەردەشتی کە بناخەی ئەم ئایینانە پێکدێنێت لەم ناوچەیەدا و کاریگەری بەسەر تەواوی جیهان کردووە گرێدراوی راستینەی بنچینەیی خۆرهەلاتی ناوینە.

قۆناخی دایکسالاری ماوەیەکی درێژ لەخۆرهەلاتی ناویندا بەردەوام بووە. ئەو هێزە مەزنەی ژیان کە ژنان لەسەر ئەم خاکە نیشانیانداوە بەکولتووری خوداوەندی ژنی گەیاند کە هەزاران ساڵ بەردەوام بووە. کەسایەتی مەزنی وەکو " زەردەشت, مانی و عیسا "ش دەرکەوتن کە ئەو هێزەی ژنانیان دەرخستەڕوو لەفێربوونی فەلسەف و چەمکی رەوشتدا گرنگییەکی مەزنیان بەژنان بەخشیوە و بەپیرۆزیان لەقەڵەمداوە. لەتوێژینەوەیەکی باشی میراسی مێژوویی و رەوشتی راستی مرۆڤ و چەمکی دروستی پەیوەندی کولتووری خۆرهەلاتی ناوین کە خاوەنی بەهایەکی مەعنەوییە و وەرچەرخاندنی بۆ هێزێکی مەزن, ئەوا پێشکەوتنی ئازادی ژنان ئەنجامی گەلێك بەهادار و گرنگ لەگەڵ خۆی دێنێتە ئاراوە.

لەڕۆژگاری ئەمڕۆشماندا ژنانی خۆرهەلاتی ناوین بەرامبەر بەفشار و چەوسانەوەی سیستەمی باوکسالاری و دەستەڕۆیی و فیودالیزم خاوەنی کین و نەفرەتێکی مەزنن و شانبەشانی ئەمەش تادواڕادە تینوی ئازادین. کاتێك ئەم ڕەوشە لەگەڵ راستینە مێژووییەکەی دەگرینە دەست دەبینین کە شانس و دەرفەتی خۆرهەلاتی ناوین سەبارەت بەتێکۆشانی ئازادی ژن و پێشخستنی رێکخستنی تایبەتی ژنان زیاتر دەکات. هەرچەندە ئەمڕۆکە خۆرهەلاتی ناوین لەدەرئەنجامی ئەو گەمە و شەڕە جۆربەجۆرانەی کە سیستەمی ئیمپریالیستی پەیڕەوی لێکردووە لەنێو راستینەیەکی بەمجۆرەدا بێت کە لەمەزنایەتییە مێژووییەکەی و ئەو پرەنسیپانە دوور بێت کە لەپێناو مرۆڤایەتی خولقاندوویەتی و تاڕادەیەك لەژێر کاریگەری پاشماوەکاندا مابێتەوە, ئەوا مسۆگەر رۆژێك دێت گەوهەری راستەقینەی خۆی دەربخاتەوە روو و بیکات بەڕاستینەیەکی بەرجەستە و واقیعی. ئەوەی رۆڵێکی کاریگەرانەشی لەسەرکەوتنی ئەم راستینەیەدا دەبینێ هەروەکو خولقاندنی یەکەمین قۆناخەکانی کۆمەڵگا و کۆمەلایەتیبوون ژن ئەم رۆڵە دەبینێ ئەوا ژنان کە گەوهەر و رەنگی خۆیان بەخۆرهەلاتی ناوین بەخشیوە لەم سەدە نوێیەشدا دەبنە خاوەنی رۆڵێکی چالاکانە لەپێشخستنی دیموکراسی و ئاشتی و ئازادی لەسەر ئەو خاکەی کە لانکەی شارستانییەتە.

ناکۆکییە نەتەوەیی, ئەتنیکی, ئایینی, چینایەتی و کۆمەلایەتییەکان کە سەدان ساڵ بەرلەئێستا لەخۆرهەلاتی ناوین تاوەکو ئەمڕۆ بەردەوامە لەئەنجامی سیاسەتی پەرتکە و زاڵبەی هێزە باڵادەستەکان قووڵتر کراوەتەوە و خۆرهەلاتی ناوین بۆتە گۆڕەپانی شەڕ و پێکدادان. بێگومان ئەوەی بەڕادەیەکی هەرەزێدە لەئەنجامی ئەو شەڕ و پێکدادانانە بەشێوەیەکی خراپ و نێگەتیفانە کاریگەرییان کراوەتە سەر گەلانی ناوچەکە بوون, بەتایبەتیش لەهەموویان زیاتر ژنان بوون. بێگومان ئیتر لەسەدەی نوێدا چارەسەرکردنی ئەو کێشانە خۆی دەسەپێنێ کە پاشماوەی سەدەکانی رابردوون ئەو

کێشانەی و تاکو ئێستا لەخۆرهەڵاتی ناوین تێپەر نەکراون. ئەمەش لەمیانەی ئەو تێکۆشانە دیموکراسیانەوە دەبێت کە گەلان بەڕێوەی دەبەن. لەم چوارچێوەدا ژنان لەبەدیهێنانی برایەتی و یەکسانی نێوان گەلانی خۆرهەڵاتی ناوین ڕۆڵی پرد دەبینن و لەئاکامی تێکۆشانی رەگەزی کە پەیڕەوی دەکەن دەبنە گەرەنتی دیموکراسی و ئاشتی راستەقینە. بەمجۆرە ژنان ئەو هەڵوێستەی هێزە باڵادەستەکان پووچەڵ دەکەنەوە کەلەپێناو پاراستنی باڵادەستی خۆیان بەسەر خۆرهەڵاتی ناوین و بەگوێرەی بەرژەوەندیەکانیان سیاسەتی ئاشتی پەیڕەو دەکەن. گەلانی خۆرهەڵاتی ناوین و ژنان کە لێرەدا ژیانیان خولقاند دەتوانن سەرکەوتن لەوەدا بەدەست بێنن کە بەجۆرێك ئەم خاکە بکەنە جێگایەك بەها موراڵیەکانی مرۆڤایەتی ببێتە واقیعێکی کرداری کە لەگەڵ مێژووی سەرەتایی و شکۆمەندی ئەم خاکە کۆك بێت و بیگەڕێنێتەوە سەر گەوهەر و گیانی خۆی.

## 3 ـ ژن لەتورکیا

بۆ ئەوەی لەنێو مێژووی کۆمەڵگای گەلی تورك ئاشنای جێگا و شوێنی ژنان بین پێویستە شێوازی پەیوەندی و ژیانی ئەو هۆزە تورکیانە بگرینە دەست کە لەناوچە بەستەڵەکەکانی ئاسیای ناویندا کۆچبەر بوون. هەرچەندە هەلومەرجی ژیانی رەوەندی هاوبەشێتی پیاو و ژن لە بەرهەمهێنان و دابەشکردن لەگەڵ خۆیدا بێنێت, ئەوا بینینی " ئەسپ, ژن, چەك " وەکو ئامرازی دەست لێبەرنەدراو روانگە و تێڕوانینی پیاو بەرامبەر بەژنە دیاری دەکات.

تورکەکان کە بەئامانجی جێگیربوون لەئەنادۆڵ و کردنی بەشوێنی نیشتەجێبوونیان, بەشێوازێکی هەرەمەکی ئایینی ئیسلامیان پەسندکرد, بەشێوەیەکی خراپ کاریگەری کردۆتە سەر ژنان و ژیانی کۆمەڵگا. ئیسلامیەت رۆڵێکی مەزنی لەوەدا بینیوە کە ژن لەنێوماڵ و لەماڵیش لەنێو ژوورەکاندا بەند بکرێن و بەداخراوی بمێننەوە. بەڵام ئەمە کاریگەری بەسەر تورکمانەکانەوە نەکردووە کە تایبەتمەندێتی خێڵایەتیان پاراستووە. هەربۆیە ژنان شانبەشانی پیاوان ژیانێکی کۆمەڵایەتییان بەڕێوە بردووە و خاوەنی رۆڵێکی بەکاریگەرتر بوون. بەڵام ژنانی نێو کۆشکەکان کە لەژیاندا لاتەریك کرابوون, لەمیانەی بەکارهێنانی لایەنی سێکسی وەك چەکێك بەشێوەیەکی زۆر خراپ, ئامانجیان ئەوە بوو کە لەگەڵ هاوبەشانەی دەسەڵاتدار بەشێوەیەکی پەردەپۆشی و شاراوە شوێنێك بەدەست بێنن, نموونەی ئەم رەوشەش لەمێژووی عوسمانیەکاندا گەلێك زۆرە و بەرچاوە. تەنیا ژنە تورکەکان لەنێو کۆشکەکانی عوسمانیەکاندا نەبوون بەڵکو ژنانی گەلێك گەلانی تریش هەبوون کە یان لەئەنجامی شەڕەکان بەدیل گیرابوون یاخود لەئەنجامی دانوستاندنی دیبلۆماسی وەکو دیاری پێشکەش کرابوون و هەموویان دووچاری هەمان رەوشی ریسوایی و کەوتن هاتبوون. ئەو ژنانەی کە لە هەمان سەردەمدا لەئەنادۆڵ دەژیان لەبەرئەوەی بەتەواوەتی ئیسلامەتیان پەسند کرد بوو تاڕادەیەك لەبەرهەمهێناندا هاوبەش بوون و بە بەراورد کردنیان لەگەڵ ژنانی نێو کۆشك دا لەنێو ژیاندا زیاتر خاوەنی ماف قسەکردن بوون.

لەو قۆناخەی کە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی کەوتە نێو هەوڵ و تەقەلادان بۆ ئەوەی ببێتە هێزێکی ڕۆژئاوایی ئەوا ژنانیش بەشێوەیەکی تایبەت کەوتونەتە نێو ڕێکخستنە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان. هەرچەندە ژنانی تورك هەندێ پێکهاتەیان ئاواکرد بێ, بەڵام ئەم ڕێکخستنانەیان نەکردووە بە موڵکی کۆمەڵگا و بۆ ماوەیەکی درێژخایەن بەردەوام نەبووە و لەبەرئەوەی لەنێو چوارچێوەیەکی تەسکدا ماوەتەوە شوێن پەنجەیەکی بەمجۆرەی لەدوای خۆی بەجێنەهێشتووە.

لەئەنجامی ئەو ریفۆرمانەی کەمالیزم ئەنجامیدان لەماوەیەکی کورتی دە ساڵیدا هەندێ مافی کولتوری و سیاسی بە ژنان بەخشیوە. هەرچەندە ناسینی ئەو مافانەی ژنان وەکو ئەنجامێکی ڕەتکردنەوەی بنچینەیی سیستەمی تیۆکراتی عوسمانیەکان بێت و لەگەوهەری خۆیدا داخوازی گەیشتنبێ بەشێوازی ژیانی ڕۆژئاوا, بەڵام لەبەرئەوەی ئەم ریفۆرمانە لەسەربنەمای دینامیکی خۆیی نەبووە لەلاسایی کردنەوە زیاتر تێپەڕی نەکردووە. لەبەرئەوەی ژنان لەئەنجامی پەرەپێدانی تێکۆشانێکی تایبەت بەخۆیان بەم مافانە نەگەیشتبوون هەربۆیە ناوەڕۆکەکەی پڕنەکراوەتەوە و بەتوێژێکی تایبەت سنووردار ماوەتەوە.

شانبەشانی ئەوەی لەساڵی پەنجاکان سەرمایەداری دەربازی نێو کۆمەڵگای تورکیا بوو کۆماریش بووە خاوەنی گەوهەرێکی ئۆلیگارشیانە, گەلێك کێشە و شڵەژانی ئابووری, کۆمەڵایەتی و سیاسی هاتە ئاراوە. لەساڵی 1946 دوای ئەوەی دەربازی سیستەمی فرە حیزبی بوو, هەر پارتیەك سەبارەت بەژنان نزیك بوونێکی سیاسی تایبەت بەخۆی هەبووە, بەڵام لەبەرئەوەی تایبەتمەندێتی دیموکراسییانەیان لاواز بووە پێشکەوتنێکی دیار و بەرچاو بەدینەهاتووە. ژنان جێگای خۆیان لەنێو ئەو جولانەوە شۆڕشگێڕییە دیموکراسیانەدا گرت کە دوای ساڵانی شەستەکان لەژێر کاریگەری لێشاوە شۆڕشگێڕیەکانی جیهان پێشکەوت, لەبەرئەوەی سیستەم و پیاویان بەشێوەیەکی دروست شینەکردەوە لەنێو ڕێکخستندا بوونە خاوەنی هەڵوێستێکی وابەستە و گرێدراو. هەرچەندە ژنان لەنێو ڕەوتی چەپدا کەسایەتی بەمجۆرەیان لێهەڵکەوتبێ کە ئەرکی گرنگیان گرتبێتە دەست و تەنانەت سەرۆکایەتی پارتیشیان کردبێت بەڵام دیسان ئەم ڕاستینەیە بەلاوە نەنراوە. ئەو ژنانەی لەناو ئەو جوڵانەوانە جێگایان گرتووە بەئامانجی ناسینی گەوهەری خۆیان تێنەکۆشاون, هەروەها لەبەرئەوەی تێگەیشتنێکی قووڵی ڕەگەزی و ئیرادەیەکی سەربەخۆیان بەدەست نەهێناوە نەیانتوانیوە کێشەکە بەشێوەیەکی ڕاست و دروست بگوازنەوە بۆ نێو کۆمەڵگا و نەیانکردووە بەموڵکی گەل و شێوازی باو و خەڕەکی تێنەپەڕاندووە. هەربۆیە ژنانی تورکیا هەم لەبواری چەندایەتی و هەم لەبواری چۆنایەتی لەڕۆژگاری ئەمڕۆ نەگەیشتوونەتە ئاستی هێز و توانستی پێویست. لەڕاستیدا هەروەکو چۆن لەلایەنی چەپەکانی تورکەوە کەمالیزم و کاریگەریەکانی لەسەر ڕەوتی چەپ تێپەڕ نەکرابووبێت و بەردەوام ئەم خاڵە بووبێتە هۆکاری تێکشکان و ژێرکەوتنی چەپی تورك, لەهەمانکاتدا ئەو ژنانەی کەجێگایان لەنێو ئەم جوڵانەوانە گرتووە ڕووبەڕووی ڕاستینەی ئەم سنوورانە بوونەتەوە, هەربۆیە نەیانتوانیوە بەشێوەیەکی بەهێز و کاریگەر تایبەتمەندێتی نەتەوایەتی و چینایەتی شیبکەنەوە و گەوهەری ژنانیش

دەربخەنەڕوو و ئاشكرای بكەن. هەروەكو چۆن ئەو كودەتا سەربازییانەی بەدوای یەكەوە هاتن بوونە كۆسپ لەبەردەم پێشكەوتنی دیموكراسی لەتوركیا و كاریگەریان بەسەر كۆمەڵگاوە كرد, ئەوا رەنگدانەوە و كاریگەریان بەسەر ژنانەوە بەشێوەیەكی چەواشەكاری بووە. لەئاكامی كودەتای 12 ی ئەیلول كۆمەڵگا و پەیوەندی نێوان ژن و پیاو دووچاری گەندەڵ بوون و لادانێكی مەزن بوون, خێزانیش كراوەتە سەنتەرێكی پاشڤەڕۆیی. لێرەدا ژنان لەبنەما كۆمەڵایەتی, سیاسی, ئابووری, رۆحی و موراڵیەكان بێبەشكراون و وەكو ئامرازێكی بچووك و ساكاری سێكسی لەپێناو سیاسەتە شۆڤێنیەكان بەكارهێنراون و رووبەڕووی مەزنترین كەوتن و داڕووخان بوونەتەوە.

هەرچەندە لەم ساڵانەی دواییدا هەندێ كۆمەڵە و وەقف و رێكخراوی فامینیستی هەمەجۆر پێشخرابن كە بەرگری لەمافەكانی ژنان دەكەن, هەروەكو چۆن لەلایەنی بەدەستهێنانی ئازادی و مافەكانی ژنان نەگەیشتوونەتە ئاستی پێویست و خوازراو لەهەمانكاتیشدا ئاستێكی بەمجۆرە نەهاتۆتە ئاراوە كە تەواوی توێژەكانی كۆمەڵگا لەنێو ریكخستندا كۆبكاتەوە و ئەو كێشە كۆمەڵایەتی و ئابووریانەی ژنان چارەسەر بكات كە لەنێو ژیانی رۆژانە دەردەكەون یان لەئارادان.

تێكۆشانی رزگاری نەتەوەیی گەلی كوردستان كە PKK پێشەنگایەتی دەكات بەشێوەیەكی گشتی رۆڵێكی گرنگی بینی لەتێكۆشانی دیموكراسی توركیا, بەتایبەتیش كاریگەری بەسەر ژنانەوە كرد و لەئاكامیشدا بەسەدان ژنی توركی راكێشاوەتە نێو شۆڕش. چونكە یەكێك لەئەركە سەرەكییەكانی پارتیمان ئەوەیە كە ئەو هێز و توانست و پێشكەوتنە كۆمەڵایەتییانەی لەئارادان بەشێوەیەكی راست هەڵسەنگێنێ و لەمیانەی بەدەستهێنانەوەی گەوهەر و رەنگی ژنان كە لەهەموو بوارەكانی ژیاندا لەئاستێكی بەرچاودا بوونیان هەیە و بكرێت بەهێزێكی چالاك و ئاكتیفانەی تێكۆشانی دیموكراسی.

## 4 ـ ژن لەكۆمەڵگای كوردەواریدا

" پێویستە لەو شوێنەدا بەدوای گەنجینەدا بگەڕێین كە تێیدا بزر بووە. لەوشوێنەی كە مرۆڤایەتی لەدایكبوو دەبێ لەڕەگ و ریشەی بگەڕێین و لێی بكۆڵینەوە. جێنشین و وڵاتی راستەقینەی عەشتار ئەم خاكەیە, بەڵام بەداخەوە لەرۆژگاری ئەمرۆماندا ئەوەی لەدوای عەشتارەوە بەجێماوە پاشكەوتووترین و بێچارەترین كۆمەڵگا و ژنانی جیهانە. ئەو شوێنانەی كە بەشێوەیەكی گشتی بەلانەی مرۆڤایەتی ناوزەد دەكرێت ئەمرۆ بۆتە گۆڕستانی مرۆڤایەتی. بەر لەهەركەسێك عەشتارەكان, زەنوبیاكان و تەنانەت كیلۆپاترا, سەمیرە ئەمیسەكان لەنێو ئەم گۆڕەدان بەهێزترین ژنان كە جیهان لەخۆیەوە گرتن مریم و فاتمە و زەینەب و عایشەكان لەنێو ئەم گۆڕەدان. ئێمە لەنێو هەوڵدانێكداین كە گۆڕەكانی ئەم ژنانە هەڵتەكێنین و هەڵیاندەینەوە, تەماشا بكەین ئایا ژیانیان دێتەوە بەر یاخود نا؟ ئومێد نابڕێت و كۆتایی پێنایەت ". ئەم وتە و هەڵسەنگاندنانەی سەرۆكایەتی پارتیمان بەشێوەیەكی زۆر روون و ئاشكرا راستینەی ژنان لەخۆرهەڵاتی ناوین و میزۆپۆتامیا دیاری دەكات.

لەگەڵ دەرکەوتنی یەکەمین نیشانەکانی ژیان لەمیزۆپۆتامیا دەرکەوتن و لەدایکبوونی مرۆڤایەتی هاتۆتە ئاراوە. بۆ یەکەمجار هەنگاوی بەکۆمەڵگابوون و کۆمەڵایەتی بوون لەسەر ئەم خاکە هاوێشترا کە سەرچاوەی سەرەکی و وڵاتی یەکەمین هەست و هزرە. هەروەکو دەزانرێت قۆناخی دایکسالاری لەسەر ئەم خاکە بەڕێوە چووە. هەروەها بۆ یەکەمین جار لەسەر ئەم خاکە ژنان بەگەوهەری ناسنامەی خۆیان پێشەنگایەتی پێشکەوتنەکانیان کردووە و ئیرادەیەکی سەربەخۆی لەلایەن ژنانەوە پێشخستووە. کاتێك راستینەی رۆژگاری ئەمڕۆ لەگەڵ مێژووی رابردوو بەراورد بکەین دەبینین کە بەهاکانی مرۆڤایەتی بەکاربراون و لەنێو چوون. تێگەیشتنی ئەم رەوشە زۆر ئاستەم و زەحمەتە کە شوێنەواری کاریگەرێتی ژن بەسەر خاکێکی بەمجۆرە نەمابێ کە دایك و سەرچاوەی کولتوورێکی هێندە دەوڵەمەندە, لەهەمانکاتدا ناکۆکییەکی سەرەکییە کە پێویستی بەشیکردنەوە و دەرکپێکردن هەیە. هەروەها سەرۆکایەتی پارتیمان کاتێك دەڵێ:" ئەم ناکۆکییە مەزنە چۆنە کە هەم سەرچاوە و وڵاتی هەموو پرەنسیپەکانە و لەهەمانکاتدا ئێستاکە هیچ شوێنەوارێکی نەماوە؟ پێویستە ئەم ناکۆکییە مەزنە هەڵسەنگێنرێ و شیبکرێتەوە " ئەم هەڵسەنگاندنە سەرنج رادەکێشێ. بیروباوەڕی زەردەشتی کە سەرچاوەی ئەو ئایینانەیە کە تاکە خوداوەند پەسند دەکەن لەمیزۆپۆتامیا وەکو رەوشتێکی نوێ و چەمکێکی ژیان شێوەی گرتووە, زەردەشتیەت کە شێوە و گەوهەرێکی رۆحی و دەروونی ئاشتیخوازی و یەکسانیخواز و دادپەروەرانەی لەمیانەی فەلسەفەی ژیانییەوە لەلای تەواوی گەلان خوڵقاند, لەچۆنێتی هەڵوێستکردنی بەرامبەر بەژنانیش رێزیان لێدەگرێ. لەنێو ئەو گەلانەی کە فەلسەفە و پرەنسیپەکانی زەردەشتی باو و زاڵ بووە ژنان بوونەوەرێکن کە شایەنی رێزلێگرتنن. لەژێر کاریگەری بیروباوەڕی زەردەشتی ژن لەنێو کۆمەڵگای میدیدا هێندەی کۆمەڵگاکانی دیکە دووچاری فشار و چەوسانەوە نەهاتووە. هەرچەندە ژن لێرەدا خاوەنی ئازادی نەبووە بەڵام لەڕەوشێکدا بووە کە رێزی لێگیراوە.

لەسەدەی شەشەمی پێش زایینەوە تاوەکو ناوەڕاستی سەدەی حەوتەمی زایینی کۆمەڵگای کورد بەردەوام دووچاری داگیرکاری هاتووە بەرامبەر بەهێرش و شاڵاوە داگیرکارییەکانی پارس, یۆنان, رۆما و بێزەنتیەکان بەشێکی زۆری گەلی کورد ناچار بووە لەپێناو پاراستنی هەبوونی خۆی بەرەو ناوچە شاخاوییەکان بچێت, بەشەکەی تریش لەناوچە دەشتاییەکان مایەوە و لەئەنجامی چەوسانەوە و فشاری هێزە داگیرکارییەکان لەناوەڕۆکی کولتووری خۆیان دوورکەوتنەوە و دووچاری نامۆبوون هاتن. ئەوەی بەشێوەیەکی هەرە زیادە لەئاکامی ئەم رەوشە کاریگەری کراوەتە سەر ژنانی کورد بوون. سەرباری باڵادەستی پیاو و لەدەستدانی تەواوی بەها نەتەوەییەکان و ژێرپێخستنیان ژنان رووبەڕووی داگیرکاری بوونەوتەوە و بێ ئیرادە کراون و دووچاری کەوتن و داڕووخان هاتن.

لەگەڵ هاتنی ئیسلام بۆ نێو کۆمەڵگای کوردەواری, بە بەراوردکردن لەگەڵ رابردوو رەوشی ژنان بەرەو بارێکی خراپتر چووە, ژنان کە لەئیسلامییەتدا بەتەواوی کراونەتە موڵك و هیچ ماف و جێگایەکی تایبەتییان نەبووە و تەنیا لەنێو سنووری خێزاندا هێڵراونەتەوە و کراونەتە ئامرازی جێبەجێکردن و

تێرکردنی ئارەزووە سێکسیەکانی پیاو. لەڕێگای یاریکردن بەشەرەف و کەرامەتی ژن, کەرامەت و ئیرادەی کۆمەڵگا تەسلیم وەرگیراوە. ژنانی کورد کە بەدرێژایی مێژوو دووچاری چەوسانەوە و تالان هاتوون بەگەلێك قۆناخی سەخت و دژواردا تێپەڕیون و خراونەتە نێو بارێکی ئەوتۆ کە رەوشی کۆیلایەتیەکەیان قوولتر ببێتەوە. ژنان کە لەبەرهەمهێنان و ژیانی کۆمەڵایەتیدا دابڕاون و دوورخراونەتەوە ئیتر بەپێی دەربازبوونی کات کەوتوونەتە نێو رەوشێ کە بەگوێرەی پێوانە کۆمەڵایەتییەکان هیچ بەهایەکی مرۆڤایەتییان نەبێت و نەفرەتیان لێبکرێت. سەرەڕای تەواوی ئەمانەش ژنانی کورد گرێدانی خۆیان بەخاك و بەها مەعنەوییەکانەوە پاراستووە و دەستیان لەگەوهەری ولاتپارێزی خۆیان بەرنەداوە.

سەرەڕای ئەوەی گەلی کورد لەهەر قۆناخێکی ژێردەستیدا ناچاری نکولێکردنی نەتەوەیی کراوە, بەلام بەتەواوی لەو هێز و ئاستەی هۆشیاری دوور نەخراوەتەوە کە نەتوانێ ژیان و ئاییندەی خۆی دەستنیشان بکات, ژنانی کوردیش رۆڵێکی گەلێك گرنگیان لەپاراستنی ئەم گەوهەرەدا هەیە. لەسایەی ئەم راستینەیەشدا ژنانی کورد بەرامبەر بەشالاوەکانی هێزە دەسەلاتدارەکان کە لەدژی هەبوونی نەتەوەیی ئەنجامیانداوە لەمپەرێکی ولاتپارێزی بەرزی کردۆتەوە.

ژنانی کورد کە لەنێوان سیاسەتەکانی توانەوە و سڕینەوەی هێزە بالادەستەکان و کولتووری نەتەوەیی خۆیاندا تەنگەتاو بوون, کولتوور و زمانی سەپێنراوی بیانیان رەتکردۆتەوە و بەردەوام لەپێناو پاراستنی کولتووری نەتەوەیی لەنێو شەڕ و ململانێدا بوون. ژنانی کورد کە بەردەوام لەبەرامبەر سیاسەتەکانی نامۆبوون و دوورخستنەوە لەبەها نەتەوەییەکان لەگەڵ سیستەم لەنێو رەوشێکی ناکۆکدا بوون و لەگەڵیدا یەکانگیر نەدەبوون, لەژێر کاریگەری سەختی دابونەریتە فیۆدالیەکانی نێو کۆمەلگاش لەنێوخۆیدا دووچاری رەوشێکی داخراوی هاتوون. ئەو سایکۆلۆژییەتەی لەئەنجامی چەوسانەوە دروست بوو, بووە کۆسپ لەپێش ئەوەی هزری سەربەخۆ و ئیرادەیەکی ئازاد لەلای ژنانی کورد پێش بکەوێت.

بە بەراوردکردنی رەوشی پیاو و ژنانی کورد, پیاو کە لەژنی کورد زیاتر بەشێوەیەکی تێکەلاو لەگەڵ سیستەمدا ژیاوە و بەشێوەیەکی بێ هێز و بێچارە لەبەرامبەری ماوەتەوە و ئەو فشار و توندوتیژییەی کە لەلایەن سیستەمەوە بەسەریدا سەپێنراوە ئەویش بەسەر خێزان و ژن پیادەی دەکرد و رك و کین و کاردانەوەی رەوشی سەرکوتکراوی و بێهێزی خۆی بەتایبەت بەسەر ژنانەوە دەردەخست. ئەم رەوشەش پێکهاتەی کەسایەتییەکی ئەوتۆی پێشخستووە کە بەرامبەر بەژنان خاوەنی هەڵوێستی " دەسەلاتی ساختە " بێت و بەرامبەر بەڕاستینەی دوژمنیش کەسایەتییەکی تێکشکاو و بێ هێز بێت. هەروەکو سەرۆکایەتی پارتیمان دەڵێت:" راستینەی پیاوێتییەکی تێکشکاو جێگای باسە " لێرەدا گوزارشت لەوە دەکات کە پێکهاتەی ئەمجۆرە کەسایەتییە رۆڵێکی گرنگی بینی لەپێشنەکەوتنی ولاتپارێزی و نەتەوایەتی و بەگوێرەی پێویست سیاسیبوون.

دەزگای خێزانیش کە لەئاکامی بەیەکەوە گەیشتنی ڕاستینەیەکی بەمجۆرەی ژن – پیاو پێکهاتووە بۆتە بیرێکی بێ کۆتایی ئەوتۆ کە تا دواڕادە پیاو و ژن و لەمیانەی ئەوانیشەوە تەواوی کۆمەڵگا تێیدا دووچاری کەوتن و داڕووخان هاتووە. پەیوەندی خێزان کە فەلسەفەی درێژەپێدان و بەردەوامکردنی ڕەچەڵەکی بەسەردا زاڵە, کەوتۆتە پێشەوەی بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگا و نەتەوە, ئەم ڕەوشەش کەسایەتی داڕووخاندووە و لەئەنجامی ئەو کەسایەتییەشدا کەوتنێکی لەنێو کۆمەڵگادا هێناوەتە ئاراوە. لەنێو ئەم پێکهاتەیەی کۆمەڵگادا کە تادواڕادە ڕەوشی خێڵایەتی و فیۆداڵیزم و پەیوەندی ئەو خێزانانەی بەسەردا زاڵە کە لەئاستی تیرەدان. ژنان وەکو پێوانەیەکی سەرەکی ناموس سەیردەکرێن, هەربۆیە دوورکەوتن لەوڵاتپارێزی و نەتەوەگەرێتی هاتۆتە ئاراوە, سەرۆکایەتیمان لەمیانەی هەڵسەنگاندنی خۆیدا بەمجۆرە ئاماژە بەم ڕەوشە پاشڤەڕۆییەی کۆمەڵگا کردووە:" ئەم ڕەوشە بەواتای کەوتنێکی مەزنی هەست و هزر و بێهێزبوون دێت. لێرەدا لەئاستی نەتەوایەتیدا لەناوبردن و نەهێشتنی نەژاد جێگای باسە و ڕەوشی بێ وڵاتی لەئارادایە ". هەروەها سەرۆکایەتی پارتیمان لێرەدا بەشێوەیەکی زۆر ئاشکرا گوزراشتی لەکاریگەری جددیەتی ئەم تێکدانە کردووە کە تەڵەزگەی لەنێوبردن واتە پەیوەندی خێزان کردوویەتییە سەر کۆمەڵگا.

## 5 – سەرۆکایەتی و ژن

قۆناخەکانی پێشکەوتنی جولانەوەی ئازادی ژن لەنێو PKK دا.

کۆمەڵگای کورد کە بەدرێژایی سەدان ساڵ لەنێو خێزان و کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا مەحکومی ڕەوشی بێ ناسنامەیی کراوە بەشێوەیەك ناچاری نکوڵیکردنی نەتەوەیی, سیاسی و کۆمەڵایەتی کراوە کە لەهیچ شوێنێکی جیهاندا هاوتای نەبینراوە. جولانەوەی PKK کە سنووری بۆ ئەو زەبر و فشارە دانا کە گەیشتبووە ئاستی چەوسانەوەی هزری, وەکو سەنتێزێکی تەواوی بەهاکانی مرۆڤایەتی سەریهەڵدا و دەستی بە هەڵگیرساندنی شەڕی ئازادی کرد. هەروەکو چۆن تێکۆشانی ئازادی کە بەپێشەنگایەتی PKK پێشکەوت ژیانەوەی گەلی کوردی لەگەڵ خۆیدا هێنا ئاراوە, لەهەمانکاتدا هەلودەرفەتێکی ئەوتۆی بۆ رزگاری ژنانی کورد هێنایە ئاراوە کە لەڕەوشێکی کوێری و کەڕی و بێ زمانی لەنێو شوێنگەی کۆیلایەتی دابوو کە لە هیچ شۆڕشێکدا نەبینراوە تاوەکو بە ئازادی خۆی بگات. چونکە PKK جولانەوەیەك نییە کە تەنیا خاوەنی کارەکتەرێکی نەتەوەیی بێت, بەڵکو جولانەوەی وەرچەرخان و گۆڕانکاری هەموو ئەو دابونەریت و یاسا کۆمەڵایەتییە پاشڤەڕۆیانەیە کە بەرهەمی کۆمەڵگاکانی چینایەتییە. جولانەوەیەکی کاردانەوەیە بەرامبەر بەڕاستینەی چەوسانەوە و نایەکسانی و بێدادی کە کۆمەڵگای چینایەتی پشتی پێدەبەستێ و مرۆڤ لەگەوهەری خۆی نامۆ دەکات و لەهەموو شتێکدا بەرژەوەندیەکانی خۆی بەبنەما دەگرێت. هەر لەم چوارچێوەیەشدا ئامانجی سەرەکی PKK خوڵقاندنی ژیانێکی ئازادە و تەنانەت ئەم ڕاستینەیەی وەکو هۆکارێکی سەرەکی تێکۆشانیش بەبناخە وەرگرتووە. لەسەر ئەم بنەمایەش PKK هەوڵیداوە و خواستوویەتی سەرەتا وەڵامی پرسیاری "

چۆن بژین؟ " لەخۆیدا بەرجەستە بکات و دواییش لەئاستی نەتەوەییدا بەدیبێنێ و بیکاتە موڵکی تەواوی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی. ئەو پێوانە پاشڤەڕۆییانەی رەخنەی کردوون و رەتیکردوونەتەوە تەنیا لەئاستێکی نەتەوەییدا سنوردار نەبووە, بەڵکو لەهەمانکاتدا ئەو پێوانە تایبەتییانەشی رەتکردۆتەوە کە لەئاستی گەردوونیدا بوونەتە کۆسپ و تەگەرە لەبەردەم پێشکەوتنی مرۆڤایەتی. هەربۆیە PKK بەردەوام خاوەن گەوهەرێکە کەدەتوانێ وەڵامی پێویستی و داخوازی و ئومێدەکانی تەواوی مرۆڤایەتی بداتەوە. خاوەنی رەتکردنەوەیەك نییە بەمانای رەها, بەڵکو خاوەنی هەڵوێستێکە کە دادەکەوێتە نێو تەواوی لایەنەکانی ژیان و رەوشی نامۆبونی مرۆڤ لەسروشت و گەوهەری خۆی بەلاوە دەنێت و لەجیاتی ئەوە جوانترین و گونجاوترین شێوە لەگەڵ گەوهەری مرۆڤدا دەخولقێنێ, ئەمەش فەلسەفەی سەرەکی PKK یە. لەسەر ئەم بنەمایەش PKK کە گوزارشتی " لەسەربنەمای ئازادبوونی ژنان شێوازی ژیانی ئازادانەی کۆمەڵگا بەدیدێت بەبنچینە وەرگرتووە و وەڵامی پرسی " چۆن بژین "ی دایەوە و لەئاستێکی ستراتیژیدا ئەو هەڵوێستەی پێشخست کە پێشکەوتنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەژنەوە گرێبدات.

سەرۆکایەتی پارتیمان کە لەسەربنەمای بەرپرسیارێتی و گفتوگۆکردنی بەردەوام و ئەنجامدانی نوێکاری بەشێوەیەکی زۆر خولقێنرانە ئایدیۆلۆژیای سۆسیالیزمی زانستی بەبنچینە وەرگرت, هەروەکو چۆن بەرامبەر بەکێشە گشتییەکانی شۆڕش, بەرامبەر بەکێشەی ژنیش لەسەر بنەمای هەڵوێستی بەستەڵەك و دۆگماتیك و زاراوە کلاسیکییەکان نزیك نەبۆتەوە. بەڵکو بەشێوەیەکی زۆر زانستیانە هەم تایبەتمەندێتی راستینەی گەلی کورد و هەم کەموکورتییەکانی سۆسیالیزمی بونیادنراوی گرتەدەست کە لەچۆنیەتی گرتنەدەستی کێشەکە لەبواری تیۆری و پراکتیزەکردنیدا دووچاری هاتبوو, ئەو لایەنانەی دەستنیشانکرد کە سۆسیالیزمی بونیادنراو نەیتوانی چارەسەری بکات. سەرۆکایەتی پارتیمان لەڕاستینەی ژنانەوە هەنگاوی هەڵهێنا کە دووچاری فشار و ستەم دەهاتن و هەموو جۆرە پێوانە کلاسیکی و خەرەکیەکانی دوور لەسەردەمی رەتکردەوە, لەبەرئەوەی رزگاری مرۆڤایەتی لەڕزگاری ژنانەوە بەدیکرد جولانەوەی ژنی ئازادی پێشخست. هەروەها سەرۆکایەتی پارتیمان ئەم راستینەیەی دەستنیشانکرد کە " ئەو شۆڕشانەی ژنانیان بەشێوەیەکی کاریگەر و بەهێز نەخولقاندووە، شۆڕشێکن کە لەسەر یەك پێ وەستاون بۆیە بەسانایی تێکدەشکێنرێن " لەسەر ئەو بنەمایەش ژنی بەهێزێکی سەرەکی شۆڕش لەقەڵەمداوە و پشتگیری لێکردووە بۆ ئەوەی لەهەموو ئاستێکدا تەڤلی ببێت.

یەکەمین چەکەرە و تۆوی ئایدیۆلۆژیا و فەلسەفەی PKK کە وەك شێوازێکی ژیان لەدایکبوو و پێشکەوت, لەقۆناخی ژیانی منداڵی سەرۆکایەتی PKK دا سەرچاوەی گرتووە. سەرۆکایەتی پارتی هەرلە منداڵیەوە پێوانە باوەکانی کۆمەڵگای رەتکردۆتەوە و بەدوای هەلودەرفەت و پەیوەندییەکی ئەوتۆدا گەڕاوە کە هەڤاڵێتی و هاوبەشی لەگەڵ ژندا بەدیبێنێ, لەسەر ئەم بنەمایەش هەڵوێستێکی ئەوتۆی نیشانداوە کە خۆی لەو پەیوەندییە خەرەکی و باوانە بپارێزێت کە لە ئارادان. ئەو لێپرسینەوە

و رك و كینانەی كە لەئەنجامی ناكۆكییە كۆمەڵایەتییەكان خولقاون, لەسەر بناخەیەكی ئازاد لێگەڕینێكی كاریگەر و بەهێزی ژیانی فۆرمیلە كرد و بەبێ ئەوەی لاواز بێت وەریچەرخاند و كردی بەپرۆژەیەكی ئەوتۆی ژیانی ئازاد كە لە ئاستێكدا بێ نەك تەنیا گەلێك بەڵكو تەواوی مرۆڤایەتی لەخۆوە بگرێت.

هەوڵ و كۆششەكانی سەرۆكایەتی پارتیمان بۆ ئازادكردنی ژنان بناخەی خۆی لەو ناكۆكیانە وەردەگرێت كە لەقۆناخی منداڵیدا تێیدا ژیاوە. یەكەمین ناكۆكییەكانی سەرۆكایەتی پارتی لەگەڵ خێزاندا دەستیپێكرد. ئەمەش گوزارشت لەوە دەكات كە پاشڤەڕۆترین و بەستەڵەكترین رەوشی كۆمەڵگای فیۆداڵی لەنێو خێزانی كوردەواریدا پەیڕەوی لێدەكرێت, ئەمەش رەوشێكە پەسند ناكرێت. سەرۆكایەتی پارتیمان كە دەگێڕێتەوە و دەڵێ: " هێشتا تەمەنم حەوت ساڵان بوو كە لەگوندەكەماندا كچانی پێگەیشتوو هەبوون, هەر رۆژە و یەكێكیان دەبرد, هەرلەم رۆژەوە رقم لەم مەسەلەیە هەستا و گوتم پێویستە بەمجۆرە نەبێ. هەر لەو كاتەوە من یەكێك بووم كە خاڵێكم بۆ ژیانێكی بەمجۆرە دانا. هەر لەڕێگای ئەم هەنگاوەمەوە شەڕێكم دەستپێكرد. كاتێ لەتەمەنی منداڵییەوە ئەم رەوشەم بینی رازی نەبووم و رەتمكردەوە. دەتوانم ئاماژە بەوە بكەم كە بەیەكگەیشتنی ژن و پیاو تاڕادەی خنكاندن منی تەنگەتاو و پەست دەكرد. هەرلەو كاتەدا ئەم راستییەم بینی كە پێویستە ژیان بەمجۆرە نەبێت. هەرلەم رۆژەوە تاوەكو رۆژگاری ئەمڕۆمان وەكو تاكێكی ئازاد پێویستی ئەوەم بینی بەتایبەتیش بەرامبەر بەڕاستینەی ژن خۆم رێكبخەم و ئەمەش رەنگدانەوەی خۆی بەسەر ئاستی تێگەیشتن و هەست و كەسایەتیمدا كردووە. بەپوختی دەتوانم بڵێم كەسایەتی من شێوەگرتنێكە لەسەربنەمای هەستیاری و وشیاری و نەكەوتنە نێو هەڵە و بەبنەماگرتنی سەركەوتن و رێگەنەدان بەشكست. ئەو لایەنەی پێویستە وەكو ئەنجام هەڵبهێنجرێت ئەوەیە" كەكارێكی سادە و ئاسایی نەبوو توانیمان ئەم راستینەیە ببینین كە لەئەنجامی خواستنی ژن بەگوێرەی پێوانە باو و خەرەكییەكان ژیان بەدی نایەت و لەڕاستینەی كۆمەڵگای ئێمەدا وونبوون و دۆڕانێكی مەزن لەگەڵ خۆیدا دێنێ. هەربۆیە خواستنی ژن بەگوێرەی ئەو دابونەریتانە لەلای من وەكو تاوانێكی مەزن و لەدەستدان و دۆڕاندنی ژیان دەهات ". سەرۆكایەتی پارتیمان هەر لەتەمەنی منداڵییەوە هەستی بەوە كردووە كە ئەم رەوەشەی ژنان لەنێو كۆمەڵگادا تێیدایە و پەسند ناكرێت و بەلاوەنان و بەهیچ دانانی ژنان جگە لەوەی ژیان بێواتا دەكات لەهەمانكاتدا لەهەموو بەها و پێشكەوتنێكی مرۆڤایەتی دوور دەخاتەوە.

لەو پەیوەندییەی سەرۆكایەتی پارتیمان لەگەڵ فاتمەدا بەشێوەیەكی روون و ئاشكرا بینی كە شێوازی خەرەكی پەیوەندی نێوان ژن و پیاو دابڕان لەبەرژەوەندییەكانی كۆمەڵگا و نەتەوە لەگەڵ خۆیدا دێنێ, هەر بۆیە هەڵسەنگاندن و شیكردنەوەی ئەم راستینەیە هەنگاو و قەڵەمبازێكی مەزنی تێكۆشانی ئازادی ژنانی لەگەڵ خۆیدا هێنا ئاراوە. یەكێك لەفاكتەرە سەرەكییەكانی هەڵسەنگاندن و شیكردنەوەی ساتبەساتی پێوانەكانی پیاوی كلاسیك و سەركەوتنی لەسەرلەنوێ خولقاندنەوەی خۆیدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە ئەم كەسایەتییەی وەكو سیستەمێك گرتۆتە دەست. سەرۆكایەتی پارتیمان بۆ ئەوەی

بەرامبەر ئەم ژنە کلاسیکە تێکنەشکێ و نەڕووخێ کە بەشێوەیەکی زۆر لێهاتوو و وەستایانە لایەنی سێکسی جەستەی خۆی وەکو تەڵەزگەیەك بەکاردەهێنا, پیاوێتی کلاسیکی لەکەسایەتی خۆیدا کوشت و تەنانەت تەنیا بەکوشتنەوە سنووردار نەما و لەئەنجامی شەڕێکی مەزن و سەرسووڕهێنەردا پیاوی ئازادی لەکەسایەتی خۆیدا خوڵقاند. سەرۆکایەتی پارتیمان کاتێك دەڵێ:" پیاوێتی دەکوژم. لەڕاستیدا پێویست بوو ئەمە ببێتە پرەنسیپی سەرەکی سۆسیالیزم. کوشتنی پیاوێتی کوشتن و لەناوبردنی باڵادەستییە, واتای کوشتنی نایەکسانی و باڵادەستی یەکلایەنەیە. لەوێدا ناتەبایی و دەستەڕۆیی دەکوژرێت ". ئەوەی بەئامانج داناوە کە دەبێ ڕاستینەی سیستەمی باوکسالاری بگۆڕێت لەبەرئەوەی سەرچاوەی هەموو جۆرە فشار و نایەکسانی و چەوسانەوەیەکە. سەرۆکایەتی پارتیمان بەئەندازەی شیکردنەوەی ڕاستینەی پیاو ئەو ڕاستییەی دەستنیشان کردووە کە لەڕێی ژنی کلاسیکەوە شۆڕش ناکرێت و تەنیا لەڕێی ژن و پیاوی ئازاد شۆڕش دەکرێت و ژیان بەدەست دەهێنرێت, لەسەر ئەم بنەمایەش گەیشتۆتە چوارچێوەیەکی ئایدیۆلۆژی تێروتەسەل. لەجیاتی خۆشەویستی و هەست و ئارەزوو و داخوازییە تەسکە تاکڕەوییەکان, ئەشقی نەتەوە و خۆشەویستی ژن و تەواوی مرۆڤایەتی پێشخستووە. پێشکەوتنی هونەری خوڵقاندنی مرۆڤ و بەرجەستەکردنی سۆسیالیزم لەکەسایەتی مرۆڤدا بەشێوەیەکی زەق و بەرچاو دوای ئەم قۆناخەی شەڕ و ململانێ دەستپێکردووە.

لەگەڵ یەکلاکردنەوەی کەسایەتی فاتمە لەکۆنگرەی سێیەمی پارتیدا, دەرفەتی ڕزگاری ژنانی کورد هاتە ئاراوە و ڕێگایان لەبەردەمدا کرایەوە کە تەڤلی شۆڕش بن و پێشبکەون. لەساڵی 1986 بۆ یەکەمین جار هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەکانی سەبارەت بەژنان پێشخران, لەمیانەی ئەو ڕێکخستنەی لەسەر بنەمای ئەم شیکردنەوانە خوڵقێنرا ژنان بەڕەوشێك گەیشتن کە بتوانن لەچالاکییە جەماوەرییەکاندا ڕۆڵی پێشەنگایەتی بگێڕن. YJWK کە یەکەمین ڕێکخستنی تایبەت بەژنانە و لەکۆنگرەی سێیەمدا بڕیاری لەسەردرا و لەسەر بنەمای گرێدان بە ERNK کەوتە نێو تێکۆشانەوە. بەڵام لەبەر ئەوەی ژنان لەم قۆناخەدا خاوەنی تێگەیشتنێکی ڕەگەزی نەبوون و سەبارەت بەژیانی سیاسی و ڕێکخراوەیی بێ ئاگا و نامۆبوون و پێکهاتەی ژنی کلاسیکیان دەرباز نەکردبوو نەیانتوانی ئاستێکی بەمجۆرە بخوڵقێنن کە لەگەڵ ئەم ڕێکخستنە کۆك و گونجاو بێت.

ئەو ڤەبوون و هەڵکشانەی لەگەڵ گەیشتن بەساڵانی نەوەدەکان لەتێکۆشانی نەتەوەیی و پێشکەوتنی ڕێکخستن و سەرهەڵدانی گەل هاتە ئاراوە, بووە هۆکاری ئەوەی لەلایەنی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە تەقینەوە لەتەڤلیبوونی ژنان ڕوویدات کە لەهەموو توێژێك زیاتر پێویستیان بەشۆڕشە.

شەڕی باشووری ساڵی 1992 قۆناخێکە کە ژنان لەڕێگای تەڤلیبوونی ئاکتیفانەیان بۆ شەڕ هێزی خۆیان نیشاندا, هەروەکو چۆن لەهەموو بوارەکانی ژیاندا لەگۆڕەپانی گەرمی شەڕیشدا لەئەنجامی دلێری و فیداکاری خۆی لەبواری پراکتیکیدا ئەم ڕاستییەی نیشاندا کە هێزێکە دەستبەرداری لێناکرێت. ئەگەر بێتو ژن ئیرادەی خۆی و تێگەیشتنی ئازاد و هێزی بیرکردنەوەیەکی سەربەخۆ نەخوڵقێنێ و لەژێر سێبەری پیاودا بمێنێ و پێکهاتەیەکی بەگوێرەی پیاوی هەبێت, لەڕەوشێکی

بەمجۆرەدا ژن لەنێو تێکۆشاندا ڕۆڵی نانەوەی کۆسپ و زەحمەتی دەبینێ, ئەم ڕاستینەیەش پێویستی ئەمەی هێناوەتە ئاراوە کە شێکردنەوەکانی سەبارەت بەژنان قووڵتر بکرێتەوە. ئەو شیکردنەوانەی سەرۆکایەتی پارتی لەساڵی 1993 بەدواوە دەرهەق بەسوپابوونی ژنان پێشیخست, ڕێنماییەکانی سەبارەت بەچۆنێتی شێوازی ڕێکخستنی ژنان لەنێو شەڕدا لەخۆ گرتووە. بەسوپابوونی ژنان ڕێکخستنێك نییە کە تەنیا لەبواری سەربازی بێت, شانبەشانی ئەمەش پێکهاتە و ڕووداوێکە بەواتای پێشخستن و قاڵبوونەوەی ڕێکخستنی سیاسی, کولتووری و ئایدیۆلۆژی دێت کە هێز بەلاوازترین و کەوتووترین ئەندامی کۆمەڵگا دەبەخشێ کە ژنە.

سەرلەنوێ بەدەستهێنانەوەی ئەو هێزەی بەهەزاران ساڵە لەناسنامە و کەسێتی خۆیدا لەدەستیداوە و خوڵقاندنی ئاستێکی یەکسان لەنێو ژیانی کۆمەڵگادا, لەنزیکەوە پەیوەندی بەدەرخستن و ئاشکراکردنی هێزی خۆیی و بەدەزگاکردنەوە هەیە. سەرۆکایەتی پارتیمان لەنزیکبوونەوەی خۆی بەرامبەر بەسوپابوونی ژنان ئەوەی نیشانداوە کە تەنیا تێکۆشانێکی کۆمەڵایەتی نییە, بەڵکو لەهەمانکاتدا تێکۆشانێکە پێویستە لەئاستی سیاسی, سەربازی و کولتووری لێی بڕوانین. ئەم پارچە هەڵسەنگاندنە بەشێوەیەکی زۆر ڕوون و ئاشکرا گوزراشت لەئامانجی بەسوپابوونی ژنان دەکات " ئەگەر بێتو لەنێو ڕاستینەی گەلێك کە کرابێت بە کۆیلە ڕزگاربوونی کۆمەڵگا بکرێت بەئامانج, ئەوا پێویستە بۆ بەدیهێنانی ژیانێکی ئازاد لەئاییندەدا پشت بەئازادکردنی ژنان ببەسترێ کە لاوازترین ئەڵقەی کۆمەڵگان و لەنێو خراپترین و کەوتوترین ڕەوشدان. هەروەکو چۆن گەلان لەدەورووبەری ئەو ئایدیۆلۆژیایەی کە لەهەلومەرجی تایبەتی کۆمەڵگادا دەرکەوتوون ڕێکخستنی خۆیان بەکارهێناوە و بەئەندازەی ئەوەی بەرامبەر بە تەواوی داموەدزگا و سوپای دەسەڵاتداران سوپای گەلی تایبەتی خۆیان ئاواکردووە و لەئەنجامی شەڕکردندا توانیویانە سەربەخۆیی بەدەست بێنن, بەهەمان شێوە ژنانیش کە ڕەگەزێکی چەوساوەن بۆ ئەوەی گەوهەری ناسنامە و ئازادی بەدەست بێنن ناچارن لەهەموو بوارێکدا خۆیان ئامادە بکەن و ئاکتیف و چالاك بن. فۆرمیلەی بەسوپابوونی ژنان ئامرازی هەرە سەرەکی یەکسانییە, لەتەواوی جیهاندا سوپا سەرچاوەی هەرە سەرەکی هێزی سیاسییە, لەرابردوو و ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا لەپیاوان پێکهاتووە. زاڵ بوون و دەسەڵات بەسەر سوپادا مانای زاڵبوونە بەسەر ژیاندا ".

لەسەر بنەمای ئەو توانست و هەڵایسانە ئایدیۆلۆژی, ڕێکخستنی, سەربازییەی کە لەئەنجامی بەسوپابوونی ژنان پێشکەوت کە لەساڵانی 93 ـ 94 بناخەکەی دانرا و بەئامانجی ئەنجامدانی ڤەبوونێکی نوێ لەناو پارتیدا لەیەکەمین کۆنگرەی نەتەوەیی ژناندا ڕێکخستنی YAJK ئاواکرا. ئەم ڕێکخراوە بۆ ئەو ئامانجە ئاواکرا کە بەقووڵترین شێوە نوێنەرایەتی وڵاتپارێزی و گرێدان بەگەل و خاك و ئازادی بکات, لەهەمانکاتدا بووە ئامرازی تێکۆشان بەرامبەر بەو چەمك و هەڵوێستانەی کە گوزارشتیان لەپاشڤەڕۆیی باڵادەستی پیاو کردووە و لەپێناو وەرچەرخاندنی پیاو بەکارهێنراوە. لەم چوارچێوەیەشدا YAJK وەکو بەکاریگەرترین ئامرازی خوڵقاندنی هزری سەربەخۆ و جوانی ڕۆحی و

هێزی ڕێکخستنی کۆمەڵکاری ژنان و وەرچەرخانی پیاوان ڕێکخرا تاوەکو لەنێو ڕەوشی ڕەنگدانەوەی دەسەڵاتی ساختە رزگاریان ببێت و لەدەرئەنجامیشدا چەمکێکی دەسەڵاتی هاوبەش لەنێو کۆمەڵگایەکی یەکسان و ئازاددا پێشبخات. لەسەر ئەم بنەمایەش لەبواری کۆمەڵگادا بووە ئامرازی تێکۆشانی خولقاندنی چەمکێکی نوێی کولتور و ڕەوشت و نرخ و بەهای نوێ.

لەمیانەی ڕێکخستنی YAJK دا پێشکەوتنی مەزن سەبارەت بەپڕۆسەی پراکتیزەکردنی فەلسەفە و پرەنسیپەکانی ئاپۆچێتی هاتە ئاراوە, ئەمەش سەرەتا لەژنانەوە دەستپێکرد و دواییش پیاوان و تەواوی کۆمەڵگای لەخۆوە گرت. لەڕاستینەی زیلاندا سەلمێنراوە کە گەیشتن بەم فەلسەفەیە شتێکی مەحاڵ و خەیاڵ نییە و ئەگەر بێتو مرۆڤ بە ئامانجەوە گرێدراو بێت و پێیەوە کلیل بدرێت دەتوانرێت بەرجەستە بکرێت.

هەڤاڵ زیلان بۆتە ناوی ئەم قەڵەمبازە شۆڕشگێڕییەی کە بەگوێرەی گەوهەر و تایبەتمەندێتی ژنان شیکردنەوەی ئایدیۆلۆژی و مێژوو ڕۆژگاری ئەمڕۆی بۆ چالاکیەك وەرچەرخاند و داڕشت بەرامبەر بەم ڕەوشە سەخت و دژواریە ئەنجامیدا کە پارتی لەلایەن هێڵی چەتەی بەکرێگیراو دووچاری دەهات و لەهەمانکاتدا بەرامبەر ئەو پیلانگێڕیانە بوو کە بە ئامانجی لەنێوبردنی سەرۆکایەتی پارتیمان پەیڕەوی لێدەکرا. هەروەکو چۆن ئیرادەی مرۆڤ بوو بە هێزێکی سەرسوڕهێنەر و وەرچەرخا و بوو بە چالاکیەکی گیانبازی و ئەم چالاکیەش بووە وەڵام بۆ پووچەڵکردنەوەی ئەو بنبەستبوونەی کە هێڵی چەتەی بەکرێگیراو لەتەکتیکی شەڕدا هێنا بوویە ئاراوە لەهەمانکاتدا لەبەرەی ئیمپریالیستی ـ ئۆلیگارشیەتیشدا ڕێگای لەپێش هەژاندن و شڵەژانێکی مەزن کردەوە.

سەرۆکایەتی پارتیمان بەمجۆرە پێناسەی ڕێبازی زیلان دەکات کە مانیفێستۆی ئازادی ژنانی کوردە: "کەسایەتی زیلان چییە؟ کەسایەتی ئەشق و ئومێدە مەزنەکانی ژیان و ئازادی و ڕێکخستن و شەڕە. ئەمە زۆر ڕوون و ئاشکرایە و ناتوانرێ دەستبەرداری لێبکرێت. پەیوەندی و گرێدانێکی سەیر لەنێوان عەشتاری خوداوەند و زیلاندا هەیە. ئەگەر پرسیار بکرێ و بگوترێ چ پەیوەندییەکی بەخوداوەندییەوە هەیە, لەوەڵامدا دەتوانرێ بگوترێ کە لەلایەنی دلێری و فیداکاری و زیرەکی و ڕاستگۆیی و نەبوونی بەکۆسپ و گیروگرفت و سەرکەوتندا پەیوەندی هەیە. کەسایەتی زیلان کەسایەتیەك نییە کە تەنیا بەخۆیەوە سنوردار بێت. بەڵکو ئەمە بۆتە ڕێبازێك و هەڵوێستی بەسەدان و تەنانەت بەهەزاران ژنی قارەمان کە خۆیان لەپێناو ئەو شێوازەی بەدەستهێنانی ئازادی بەختکردووە و گیان و سەری خۆیان کردۆتە قوربانی و لەسەرووی هەمووشیانەوە ئەو کەسایەتیانەی ژنان دێن کە لەم پێناوەدا شەهید بوون, هەروەها هەڵوێستی گەلێك کەسایەتی ڕاستگۆ و دروستی پیاوانیشە. ئەم چالاکییە چالاکی بەدەستهێنانی ژیانی هەرە مەزنە و, خودی جوانی خۆیەتی. لەسەرۆکایەتی پارتی زیاتر خودی ئەم کەسایەتییە سەرۆکە. کەسایەتی زیلان دەزگایەکە و ڕاستینەی تاکە کەسێك نییە. ئەمەش مانیفێستۆیەکە و سوێندێکە."

هەڤاڵ زیلان کە لەڕێگای ئەنجامدانی چالاکییەکەیەوە هزر و ئەندێشەی مرۆڤی نوێی بەرجەستە کرد و خستیە بواری پرۆسەی کردارییەوە, سنوورێکی بۆ مێژووی هەزار ساڵەی کۆیلایەتی و سەراوژێر چوونی ژنان دانا و بووە خوڵقێنەر و گوزارشتی هەرە گەوهەری ئەو کەسایەتییەی کە YAJK دەیخواست بۆ ژنانی بخوڵقێنێ و گرێدانی راستەقینەی پەیوەندی راست و چەمکی خۆشەویستییە.

ئایدیۆلۆژیای رزگاری ژن

و

تیۆری دابڕان

" شانبەشانی ئەوەی پارتیمان سۆسیالیزمی لەگەڵ واقیعی رۆژگاری ئەمڕۆمان کردۆتە یەك و لەسەر بنەمای چوونە نێو کێشەکانەوە تێکۆشانی ئازادی ژن تەنیا بەڕزگاری کوردستانەوە سنووردار نەماوەتەوە, بەڵکو ئەو هەڵوێستە بەخۆ باوەڕ و خوڵقێنەرانەی پارتیمان گرنگیەکی مەزنی هەیە کە تێکۆشانە کۆمەڵایەتییە تازەکانی جیهانی تایبەت بەژنان, لەسەرووی هەمووشیانەوە ژنانی خۆرهەڵاتی ناوین, لەخۆوە دەگرێت. بەرلەهەموو شتێك پێویستە باس لەئایدیۆلۆژیایەکی رزگاری ژنان بکرێت. ئێمە هەوڵ و کۆشش لەپێناو خوڵقاندنی ئەم ئایدیۆلۆژیایە دەدەین. ئەگەر بێتو بەشێوەیەکی چڕوپڕ پێشکەوتنی ئایدیۆلۆژیای رزگاری ژن بەدینەهێنرێت ئەوا هەموو شتێك لەخۆخەڵەتاندن بەملاوە تێپەڕ نابێ. ئەمە تەنیا ئایدیۆلۆژیایەکی رەها نییە کە لەپێناو رزگاری رەگەز بێت. تەنانەت ئاستێکە کە فەلسەفەی سۆسیالیستی و پێشکەوتنی زانستیانەی کۆمەڵگاش بەرەو ئەم خاڵەمان دەبات.... هەربۆیە زۆر لەلامان گرنگە کە لەچوارچێوەی بیرکردنەوە لەتەوەرەی ژندا ئایدیۆلۆژیایەك بێتە ئاراوە و بەپشتبەستن بەم ئایدیۆلۆژیایەش رێکخستنێك پێشبخرێت. لەچارەسەرکردنی کێشەکانی شەڕەوە تاوەکو بەدەستهێنانی ئاشتییەك لەسەر بنەمای ئازادی, تەواوی ئەمانە پێویستیان بەپێشکەوتنی ئایدیۆلۆژیایەکی بەمجۆرە هەیە. ئەو ئایدیۆلۆژیانەی تاوەکو ئێستا لەئارادابوون مۆرکی پیاوانیان پێوەیە و ئایدیۆلۆژیایەکن کە گرانی پیاوانیان بەسەرەوەیە. بێگومان ئەمەش لایەنی چینایەتی هەروەها لایەنی داگیرکاری ئیمپریالیستی هەیە, بەڵام بەشێوەیەکی زەق و بەرچاو لایەنی باڵادەستی پیاوی تێدا هەیە. هیچ کەسێك ناتوانێ نکوڵی لەمە بکات. هەرچەندە هەڵوێستی باڵادەستانەی کە بەسەر کۆمەڵگادا زاڵە و دەسەڵاتدارە بەدرێژایی چەندین سەدەی بەر لەئێستا بەردەوام شاردویەتیەوە و پەردەپۆشی کردووە, بەڵام مەحاڵە هەرکەسێك کەمێك رێزی بۆ زانست هەبێت کەمێك پەیوەندی بە رزگاری ژن و گرێدانێکی مەزنی بەگەل و رزگاری گەل هەبێت کە ئەم راستینەیە نەبینێ. هەربۆیە خوڵقاندنی ئایدیۆلۆژیایەك لەسەر بنەمای تەوەرەی هزری ژنان پێویستییەکی گرنگە." هەروەکو لەم شیکردنەوەشدا دەردەکەوێت سەرۆکایەتی پارتیمان پێشخستنی ئایدیۆلۆژیای رزگاری ژن وەکو پێویستییەك بینی بۆ ئەوەی لەسەربنەمای نەهێشتنی کەموکورتییەکانی سۆسیالیزم ڤەبوونێك

لەئایدیۆلۆژیای سۆسیالیزمی زانستی ئەنجامبدات و خواستی لەجیاتی تێپەڕکردنی ڕەوشی بەندکراوی هزر و ئیرادەی ژنان, ئەو داڕووخانەی کۆمەڵگا بەلاوە بنێت کە لەئەنجامی بەندکردنی ڕەگەزێك کۆمەڵگا دووچاری هاتووە و کۆمەڵگایەکی ئازاد بخوڵقێنێ. سەرباری ئەمەش ئەو ئایدیۆلۆژیایە وەکو وەڵامێکە بۆ پێویستی ژنان بەشیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی ژیان و جیهان لەسەر بنەمای ئازادی و تێڕوانینی خۆیەوە. ئایدیۆلۆژیای ڕزگاری ژنان لەسەر ئەم بنچینەیە کە لەلایەن سەرۆکایەتی پارتیمانەوە داهێنراوە و پێشخراوە پێنج پرەنسیپی سەرەکی هەیە:

1 ـ ژیان لەسەر ئەو خاکەی لێی لەدایکبووە, واتە وڵاتپارێزی.

2 ـ هزری ئازاد ئیرادەی ئازاد.

3 ـ ڕێکخراوبوون لەپێناو ژیانێکی پشت ئەستور بەئازادی.

4 ـ تێکۆشان شانبەشانی ڕێکخراوەیی بوون.

5 ـ گرێدانی پەیوەندی جوانی و ستەتیکای ژیان.

ئایدیۆلۆژیای ڕزگاری ژن کە پرەنسیپە سەرەکییەکانی تێکۆشانی ئازادی و ڕزگاری ژن لەپێناو گەیشتنی بەئامانجەکانی بەمجۆرە فۆرمیلە دەکات, لەمێژووی مرۆڤایەتیدا لەقۆناخی دایکسالاری بەدواوە یەکەمین ئایدیۆلۆژیایە کە لەچوارچێوەی تەوەرەی ژندا بێت. ئەمە ڕاستینەیەکی حاشا هەڵنەگرە کە تەواوی ئەو ئایدیۆلۆژیانەی لەدوای قۆناخی دەربازبوونی کۆمەڵگای دایکسالاری بۆ کولتووری باوکسالاری دەرکەوتوون, جگە لەوەی لایەنی چینایەتی و ئیمپریالیستی یاخود داگیرکارییان لەخۆ گرتووە, لەهەمانکاتدا لایەنگری پیاو بووە و نوێنەرایەتی کارەکتەری پیاوی کردووە و لێرەدا ژن بەلاوە نراوە و بەهیچ دانراوە. لەبەرئەوەی تەواوی ئایدیۆلۆژیاکان تاوەکو ڕۆژگاری ئەمڕۆمان لەسەر بنەمای تەوەرەی باڵادەستی پیاو بوون, پێویستیان بەوە نەبینیوە کە پیاو شیبکەنەوە و ڕەخنەی بکەن. چونکە پیاوی باڵادەست هیچ کاتێك ڕێگای بەو هزر و ڕێکخستنانە نەداوە کە هەڕەشە لەدەسەڵاتی هەزاران ساڵەی بکات. ئەم ڕەوشەش لەلای پیاو هەڵوێستێکی تێکهەڵکێش و تێکچڕژاوە و کۆڵەکە و بنەما مێژووییەکانی زۆر بەهێزە. هەربۆیە بۆ ئەوەی بتوانین سیستەمی باوکسالاری پیاو بەشێوەیەکی دلێرانە ڕەخنە بکەین, پێویستە دابڕان لەپیاوێتی کلاسیك بەدیبێت و لەم پێناوەشدا تێکۆشانێکی سەخت و دژوار لەبەرچاو بگیرێت. بۆ ئەوەی بتوانرێت ئەو ئایدیۆلۆژیایە پێشبکەوێت کە بەگوێرەی تەوەرەی ژنە و لەسەر بنەمای ئازادی و یەکسانی هەردوو ڕەگەز ژیان و ڕێکخراوەکانی خۆی بخوڵقێنێت, ئەوا ناچارییەکە ئەو دامودەزگایانە تێپەڕبکات کە پشت بەو ئایدیۆلۆژیایانە دەبەستن و لەسەر بنەمای باڵادەستی پیاوە.

ئەو ئایدیۆلۆژیایانەی باڵادەستی پیاویان بەبنەما وەرگرتووە, ڕەگەزێکی بەشێوەیەکی زێدەڕۆیی بەرز کردۆتەوە و بەپیرۆزی نیشانداوە و ڕەگەزەکەی تری بەشێوەیەك لاتەریك کردووە کە ڕێگای لەپێش داڕووخان و لەنێوچوونیان کردۆتەوە, هەروەها لەبەر ئەوەی فشار و توندوتیژی و دەستەڕۆیی لەخۆوە دەگرێت لەمێژووی مرۆڤایەتیدا ڕۆڵێکی دیاریکراوی هەبوو لەو شەڕە ترسناکانەی کە ڕوویانداوە.

هەربۆیە پارچەبوونی مرۆڤایەتی لەسەر بنەمای رەگەزی رێگای لەپێش ئەوە کردەوە کە بەها مەعنەوییەکان و جوانی و کولتوورەکان بەرەو لەنێوچوون برۆن. لەهیچ بوارێکی کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی و سەربازیدا ژن بوونی نەبووە، بێگومان بەهۆی رەوشی سەرکوتکراوییەوە جێگای خۆی لەنێو ئەم بوارانەدا نەگرتووە و ئەوەی هەموو شتێکی دیاریکردووە و بڕیاری لەسەرداوە مێشك و داخوازی و بانگەشەکانی پیاو بووە. ئەوە راستینەیەکە و لەئەنجامی کولتووری باڵادەستی پیاودا کەشوهەوایەکی بەمجۆرەی خوڵقاندووە کە دژی ژیان و ئاشتی و ئازادی و یەکسانییە و تەنانەت خۆیشی تێدا دەخنێکێ. تاوەکو ژنان بەتێڕوانین و ناسنامەی ئازادی خۆیان خاوەن هەبوون نەبێت، کە لەنێو ئەو کەشوهەوایەدا لەناوەڕۆکی خۆی دوورکراوەتەوە، ئەوا مسۆگەر چەمکی باڵادەستی پیاو و کێشەکانی مرۆڤایەتی قووڵتر دەکاتەوە.

پیاو لەمیانەی پێشخستنی یەکەمین چەوسانەوە بەسەر ژندا چەوسانەوەی بەسەر تەواوی کۆمەڵگا پەیڕەو کردووە و ژن لەسروشتی خۆی نامۆ بووە، هەربۆیە کێشەی ژن لەسەر بنەمای تێڕوانینێکی تەسکی چینایەتی چارەسەر ناکرێت و بەڵکو پێویستی بەهەڵوێستێکی نوێ هەیە کە تایبەتمەندێتی لایەنی رەگەزی لەخۆوە بگرێت. ئایدیۆلۆژیای ژن ئایدیۆلۆژیایەك نییە کە تەنیا لایەنی رەگەزی لەخۆوە بگرێت، بەڵکو ئایدیۆلۆژیایەکی کۆمەڵایەتییە. کاتێك پرسەکە بەمجۆرە بگرینە دەست پێویست دەکات تەواوی ئایدیۆلۆژیا و هەڵوێستەکانی باڵادەستی پیاو و رێکخستنە سەربازی، سیاسی، کولتووری و ئابوورییەکان لەبەرچاوان دەربازبکەین. چونکە تەواوی ئەم رێکخراوانە خاوەنی کارەکتەری باڵادەستی پیاون و لەگەوهەری خۆیاندا شەڕ و نایەکسانی و فشار دەگرن لەخۆوە. ئەمەش کەوتنی رەگەزی ژنانی لەگەڵ خۆیدا هێناوە. کەوتنی رەگەزیش رێگای لەپێش کەوتنی ژیان و کۆمەڵگا کردۆتەوە، ئەمەش ونبوونی کۆمەڵگا و زاڵبوونی توندوتیژی لەگەڵ خۆیدا هێناوە. هەر لەم چوارچێوەیەشدا ناکۆکی رەگەزی تەنیا رەگەزێك پەیوەستدار ناکات بەڵکو ناکۆکییەکە ئاستی کۆمەڵایەتی هەیە و کۆمەڵگا لەخۆوە دەگرێت.

لەنێو سیستەمێکدا کە رەگەزێك چەوسێنەر بووە و رەگەزەکەی تریش دەچەوسێنرێتەوە، پێشخستنی ئەو ئایدیۆلۆژیایە پێویستی و گرنگییەکی ژیانییە کە ئامانجی سەرلەنوێ خوڵقاندنی ئەو ژن و پیاوە بێت کە لەرێگایانەوە دەخوازن مرۆڤایەتی لەنێو ببەن. چونکە ئەو ئایدیۆلۆژیایەی راستینەی سیستەمی باڵادەستی پیاو دەگۆڕێت، کە بەڕادەیەکی هەرە زۆر کەوتن و بێ ئیرادەیی بەسەر ژناندا دەسەپێنێ و پیاویش دووچاری داڕووخان کردووە و بێ ئیرادەی کردووە، ئەوا یەکسانی، ئازادی، خۆشەویستی و ئاشتی بەدیدێنێ. ئەو ئایدیۆلۆژیایە کە لەچوارچێوەی تەوەرەی ژندایە، لەم لایەنەشەوە ئایدیۆلۆژیای رزگاری ژن" گەوهەرێکی ئەوتۆ لەخۆوە دەگرێت کە ئەو هەڵوێستە تەسك و رەها و رەتکەرەوانە تێپەڕ دەکات کە جولانەوەکانی ژنان تێیکەوتوون، هەروەها بە ئامانجی بەرجەستەکردن و پراکتیزەکردنی گەوهەرێکی پێشکەوتووخوازانەیە. جیهانی ئەمڕۆمان کە سیستەمی باڵادەستی پیاو خوڵقاندوویانە و هەزاران ساڵە لەگەڵ ئەو کێشانەدا لەکێشمەکێشدایە هێزێکی ئەوتۆی

نییە کە هەزاران ساڵی تر بەرگەی لەخوەگرتنی ئەم کێشانە بگرێت. تەواوی کێشە ئابووری, سروشت و سیاسی و... هتد راستینەیەکی بەمجۆرە لەخۆوە دەگرن. چونکە ئەم کێشەیە وەك کۆنترین کێشەی کۆمەڵگا هێندە لەگەوهەری خۆی دوور خراوەتەوە کە ئەگەر بۆ ماوەیەکی دیکە بەچارەسەرنەکراوی بمێنێتەوە بەواتای مەترسی لەدەستدانی گەوهەری خۆی دێت.

هەر لەسەر ئەو بنەمایانەش ئەم سیستەمەی کە رەگەزی ژن و رەگەزی پیاو بەشێوەیەکی هەرەباش گوزارشت لەمافەکانی یەکسانی و ئازادی خۆیان دەکەن و سەرلەنوێ هاوسەنگی سروشتی و تەبایی و بەیەکەوە ژیانی کولتوور و گەلان دێنێتە ئاراوە و ڤەبوونی کۆمەڵگایەکی سۆسیالیستی دەخولقێنێ سیستەمێکە لەچوارچێوەی تەوەرەی ژندا بێت.

## تیۆری دابڕان

سەرۆکایەتی پارتیمان کە تەواوی قۆناخەکانی پێشکەوتنی جولانەوەی ژنانی لەسەر بنەمایەکی زانستیانە شیکردۆتەوە, پێش هەمووشتێك ئایدیۆلۆژیای رزگاری ژنانی بەقووڵی بەبنچینە وەرگرتووە و دواییش کاتێك تیۆری دابڕانی پێشخست لەم بارەیەوە چوارچێوەیەکی زانستی و مێژوویی بۆ دانا. بۆ یەکەمجار دیاردەی " دابڕان " لەڕووی تیۆرییەوە لەنێو PKK دا پێشکەوت و لەبواری کرداریدا پراکتیزە کرا. لەئەزموونی هیچ شۆڕشێکدا لەئاستی تیۆری و کرداریشدا راستینەیەکی بەمجۆرە پەیڕەوی لێنەکراوە. تەنانەت ئەم رەوشە ئەو راستینەیە دیاری دەکات کە جولانەوەی ژنی ئازاد ــ کە PKK پێشیخستووە ــ تا چ رادەیەك رادیکاڵ و سەربەخۆیە و لەسەر بنەمای پشتبەستن بەکۆڵەکە و فاکتەری مێژوویی و ئایدیۆلۆژی خولقێنراوە.

لەڕۆژگاری ئەمڕۆماندا گوزارشتی واقیعیانە و کولتووری خوداوەندی ژنان لەخۆرهەڵاتی ناویندا لەوەدا دەکرێت کە" ئەو تێکدان و چەواشەکارییانە بەلاوە بنرێت و کۆتایی پێبێت کە سیستەمە باڵادەستەکانی پیاو بەسەر ناسنامەی ژناندا ئەنجامیان داوە. واتە لەمیانەی بێگەردکردن و یەککردنەوەدا ئاستێکی ژنی ئازاد بخولقێندرێت. لێرەدا راستینەی رەوشی خۆ یەکلاکردنەوە, یاخود بەواتایەکیتر دابڕان, بەشێوەیەکی روون و ئاشکرا وەکو پێویستییەك رووبەڕوومان بۆتەوە. ئەمڕۆکە بەشێوەیەکی پێچەوانەو ناکۆك لەگەڵ میراسی مێژوویی میزۆپۆتامیادا, لەم جوگرافیایەدا لەنێوچوونی مرۆڤایەتی جێگای باسە. لەم چوارچێوەیەشدا دابڕان کە هەڵوێستێکی سەرەکی و گرنگی ئایدیۆلۆژیای رزگاری ژنە" پردێکە لەپێناو سەرلەنوێ گەیشتنی مرۆڤایەتی بەدەرفەت و توانستی ژیان کە دەخوازن لەسەر ئەم خاکە لەنێوی ببەن. پردێکی پێویستە لەپێناو دابینکردنی ژیانێك کە لەگەڵ سەرەتای مێژووی مرۆڤ کۆك و شیاو بێت. لەڕاستیدا ئەمە دابڕانێکە لەتەواوی ئەو نایەکسانی و قرێژیانەی کە مرۆڤی لەژیانی راستەقینە دوور خستۆتەوە. دابڕانێکە لەهەموو ئەو جۆرە پاشڤەڕۆیەتییانەی کە ژن و پیاوی بەرامبەر بەڕاستینەی ژیان و بەهاکانی تێکۆشان دووچاری شکست کردۆتەوە.

کاتێك گرنگی پرسی چۆنێتی بەرجەستەکردنی مەسەلەی دابڕان لەنێو پەیوەندییەکانی مرۆڤدا دەبێتە جێگای بایەخ و گرنگی پێدان, ئەوکاتە چارەسەری لەوەدا بەدیدێت کە ئەو چەمکانەی پەیوەندی کۆتایی پێبهێنرێت و لەنێو بچێت کە پشت بەپێوانە و رێسا کۆمەڵایەتییە پاشڤەڕۆکان و دابونەریتی ئەو هزر و سۆزانە دەبەستێت کە کاریگەری گرانی کۆمەڵگاکانی چینایەتی لەخۆوە دەگرن. کوشتن و لەنێوبردنی چەمکی ئەو پێکهاتەیەی ژن و پیاو کە جێگای گاڵتەجاڕییە, هەروەها پاکژکردنەوەی لەڕووی رۆحی و هزرییەوە و رزگارکردنی لەژیانی کۆن یەکەمین چەکەرەی ئاواکردنی ژیانێکی نوێ پێکدێنێ. پێویستە ژنان بەهەموو شتێکی خۆیانەوە بەرامبەر بەژیانی کۆن, کە بەهەموو شێوەیەك لەدژیانە, وەکو رەگەزێکی بەهێز ببنە هەوێنی تێکۆشان و, خاوەنی هەڵوستێکی رادیکاڵانە بن هەم بەرامبەر بەو هەڵوێستانەی کە ژنانی بێهێز و بێئیرادە کردووە و کردوویەتی بە کاڵا و تەنیا وەکو ئامرازێکی درێژەپێدانی رەچەڵەك تەماشای دەکات, هەم بەرامبەر بەو پێوانە ئەخلاقییانەی کە پیاو لەسەر بنەمای لاوازی ژن و کەسایەتی و هزری پیاوێتی خۆی خولقاندوویەتی. پەسندکردنی رەوشی ژنێتی هەرزان یاخود نەبینینی راستییەکی بەمجۆرە لەلایەن ژنان تەنیا بەمانای کۆیلایەتییەکی قووڵ دێت. ئەمەش رەوشێکە جگە لەوەی پێویستە تا دواڕادە جێگای شەرم بێت, لەهەمانکاتدا رۆڵێکی دیارکراوی هەیە لەپێشکەوتن و بەردەوامبوونی باڵادەستی پیاو. تەنیا دەرکپێکردنی ئەم رەوشە تێر ناکات بەڵکو نیشاندانی هێز و ئیرادەی تێکۆشانێکی رەگەزی ئەوتۆ کە ناسنامەی خۆی بەدەست بێنێت و پیاو بگۆڕێت, تەنانەت گەیشتن بەهێزێك کە لەئاستی پراکتیزەکردن و حیسابخواستندا بێت و دەرك بەم راستینەیە بکرێت کە ئەو هەڵوێستانەی چاوەڕوانی و ئومێد لەپیاو دەکەن پاشماوەکانی چەمکی باڵادەستی پیاوە, ئەو کاتە ناسنامەی ژنی ئازاد بەرجەستە دەبێت.

دابڕانێکی بەهێزی ژنان لەو تێڕوانینانەی کە لە خودی خۆیدا وەکو روانگە و تێڕوانینی باڵادەستی پیاو تێکچڕژاوە و بەدەستهێنانی گەوهەری ناسنامەی خۆی و دەرکپێکردنی ئەم راستینەیە کە لایەنەکانی باڵادەستی پیاو بە واتای کۆیلایەتی خۆی دێت, لەسەر ئەم بنەمایەش بەدەستهێنانی سەرکەوتن لەو تێکۆشانەی کە بەناوی بەرژەوەندییەکانی تەواوی گەلان و مرۆڤایەتی پەیڕەوی لێدەکات و وەکو پرەنسیپێك بگرێتە دەست و بەرجەستەی بکات, ئەمەش تاکە بژاری خولقاندنی ژیانێکی ئازادە لەسەر بنەمای بەیەکەوە ژیانێکی راست و دروست.

بێگومان کاتێك پارتیمان تیۆری دابڕان دەخاتە نێو رۆژەڤی خۆیەوە و دەخوازێ هەنگاوی پراکتیکی لەم لایەنەوە بهاوێژێ لەنێو هەڵوێستێکی بەمجۆرەدا نییە کە پێچەوانەی یاساکانی سروشت بێت. بەپێچەوانەوە سەقامگیرکردنی هاوسەنگیەکانی سروشت کە لەئەنجامی نایەکسانی نێوان رەگەزەکان تێکدراوە, ئامانجێکی سەرەکی پارتیمانە. ئامانجی سەرەکی تیۆری و دیاردەی دابڕان ئەوەیە کە بەرامبەر بەسیستەمی باڵادەستی و نایەکسانی نێوان رەگەزەکان کە ئیرادە و کەسایەتی هەر تاکێکی چەوساوە لەسەرووی هەمووشیانەوە ئیرادە و کەسایەتی رەگەزی ژنان بخولقێنێ و بیگەڕێنێتەوە سەر گەوهەری خۆی, بەمجۆرەش ئامانج ئەوەیە کە لەمیانەی دابڕان لەتەواوی ئەو قرێژ و پاشڤەڕۆیەتیانەی

پیاو و ژن لەبواری هزر و هەستدا, نامۆ بوون لەخود کۆتایی پێبهێنرێت لەئەنجامی ئاوێتە بوون لەگەڵ گەوهەری ناسنامەکەیدا خۆی بخوڵقێنێ.

## بە پارتیبوونی ژنان

PKK وەکو خاوەنی ئایدیۆلۆژیای رزگاری ژن, هەم پارتی ژنانە و هەم هێزی پراکتیزەکردن و بەرجەستەکردنی ئەم شۆڕشەیە. لەساڵی 1998 کاتێك سەرۆکایەتی پارتیمان ئایدیۆلۆژیای رزگاری ژنانی راگەیاند جەختی لەسەر ئەوەش کردەوە کە پێویستە لەسەر بنەمای پشتبەستن بەم ئایدیۆلۆژیایە رێکخستن پێکبهێنرێت. هەرلەم چوارچێوەیەشدا بەپارتیبوون لەم قۆناخەدا بووەتە پێویستییەك بۆ بەرەو پێشبردنی ئەو بەها و ئاستەی تێکۆشانی ئازادی کە لەسەربنەمای ئەم ئایدیۆلۆژیایە پێگەیشتووە و هاتۆتە ئاراوە. بەمجۆرە PJKK پارتی ژنانی کرێکاری کوردستان لە 12ی ئاداری 1999 لەدووەمین کۆنگرەی ژنان دامەزرێنرا, کە دوای دیلبوونی سەرۆکایەتی پارتیمان بەسترا, وەکو وەڵامێکی بەهێز بوو کە لەبەرەی ژنان بۆ پووچەڵکردنەوەی ئەو پیلانگێڕییە نێودەوڵەتییە درایەوە کە ئامانجی لەنێوبردنی پارتیمان و شۆڕشەکەمان بوو.

پارتی ژنان شۆڕشێك نییە کە تەنیا رەگەزێتی رەها بکات بەسەنتەر, بەڵکو نوێبونەوەیەك بەبناخە دەگرێت کە هەموو بوارەکانی کولتووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی ژیان لەخۆوە بگرێت. وەرچەرخانی PKK و بوونی بە پارتی ژنان بەشێوەیەکی روون و ئاشکرا باشترین و یەکەمین نموونەی ژیانە کە بەگوێرەی تەوەرەی ژنە و ژنان لەمیانەی کەسایەتی و ناسنامەی ئازادی خۆیاندا جێگایان تێدا گرتووە. ئەزموونێکی هێندە مەزنی شێوازی ژیان لەنێو PKK پراکتیرە دەکرێت کە پشت بەتایبەتمەندێتی ئاشتیخوازی و پارێزگاری سروشت و ژینگە و خۆشەویستی و رێزگرتن و یەکسانی دەبەستێت, کە لەسروشتی ژندا هەم و هەمەڕەنگی لەخۆوە دەگرێت. لە PKK دا ئەم راستینەیە وەکو پرەنسیپێکە کە ئەو پرۆسە و هەوڵ کۆشش و رەنجەی لەپێناو تێکۆشانی ئازادی ژنان دەدرێت نیشاندانی گەوهەری پێشکەوتوخوازی و گەرەنتی کردنی رزگاری ئاییندەیە.

ئەم راستینە زانستییەی کە دەڵێ: تەنیا پارتێکی مەزن ناکۆکیەکی مەزن تێپەڕ دەکات, هەروەها بانگەشەی ژن بەخۆی رزگاری خۆی بەدەست دێنێ, وەکو هەنگاوێکی مێژوویی تێکۆشانی رزگاری ژنان پارتی ژنان دامەزرا و ئەم راستییە نیشاندرا کە PKK لەپێناو رزگاری ژن پارتێکی چۆنە. سەرۆکایەتی پارتیمان لەمیانەی ئەم دەستەواژەیەدا راستینەی PKKی دەرخستۆتەڕوو کە دەڵێ: " پارتیمان زەمینەیەکە بۆ هەوێن کردنی پارتێکی شۆڕشگێڕی ژنان ".

پارتی ژنان لەسەربنەمای پشتبەستن بەهێزی خۆیی, ئامرازێکە لەپێناو بەلاوەنانی ئەو کێشانەی هەزاران ساڵە سیستەمی باوکسالاری خوڵقاندوویەتی و ئەو شەڕانەی کە مرۆڤایەتی بەخۆیەوە دیوە, هەروەها خوڵقاندنی شێوازی ژیانێکی نوێ و ئازادە. ئەگەر بێتو هەڵوێستێکی بەمجۆرە بەبنچینە

وەربگیرێت کە جێگا بە باڵادەستی و زاڵبوونی یەکلایەنی نەدات و لەپێوانە باو و خەرەکیەکان دوور بێت, ئەمە پێویستی بەجەسارەتی مەزن هەیە و پارتی ژنان هێزی رێکخراوی خولقاندنی ئەم جۆرە هەلۆیستەیە. هەروەکو چۆن پارتی ژنان دەبێتە بەکاریگەرترین هێز بۆسەرلەنوێ رێکخستنەوەی پەیوەندی راستینەی کۆمەڵایەتی ژنان بەسیاسەت و ژیانەوە کە تاوەکو رۆژگاری ئەمڕۆمان لێك دابڕێنرا بوو, لەهەمانکاتدا گوزارشت لەپارتیبوونێك دەکات کە چۆنیەتی ژیانێکی جوان و هەڤاڵێتی لەگەڵ ژن دیاری دەکات و وەڵامی ئەو کێشانە دەداتەوە کە ژیانێکی بەمجۆرە لەلایەنی گەوهەر و شێوە لەگەڵ خۆیدا دێنێتە ئاراوە.

سەرەڕای رەوش و راستینەی کۆیلایەتی هەزاران ساڵە ئەوا دەرخستنی ژنان لەڕەوشی بەکارهێنانی وەکو ئامرازێك و گەیاندنی بەئاستێك کە ببێتە گەوهەری ژیان و لەسەربنەمای پستبەستن بەناسنامەی خۆی و بەهێزی ئیرادە و دەرك پێکردن بگات, تەنیا دەشێ لەمیانەی ئەو هێزەی هزر و هەستەوە پێیبگەن کە بەدەستیان هێناوە, بەپارتیبوونی ژنان هەنگاوی مێژوویی بەدیهێنانی ئەم ئامانجەیە. لەڕێگای ئەم پارتیبوونە ژنان دەتوانن خۆیان بگەیەنن بەئاستی بڕیاردان و, لەجیاتی راستینەی کۆمەڵایەتی هەزاران ساڵەی باڵادەستی پیاو کە رەگەزی ژنانی مەحکومی بێ ناسنامەیی کردووە, کۆمەڵگایەکی بەمجۆرە بخولقێنێ کە لەسەربنەمای ئیرادەیەکی ئازاد و هزرێکی سەربەخۆ جێگای خۆی تێیدا بگرێت و دابەشکردنێکی دروستی کۆمەڵایەتی لەخۆوە بگرێت و سەرلەنوێ لەگەلێك بوارەوە بونیادی بنێتەوە. لەم چوارچێوەیەشدا لەڕێگای ئەو پرۆگرام و شێوازی ژیان و رێکخستنەی پارتی ژنان خاوەنیەتی, سەرلەنوێ خۆی بونیاد دەنێتەوە ئەمەش دەبێتە زەمینەیەکی لەبار و بەکاریگەر بۆ گەیشتن بەهێزێکی بەڕێوەبردنی بەپرەنسیپ و بەخۆ باوەڕ.

پارتی ژنان کە لەساڵی 1999 دامەزرێنرا وەڵامێکی بەرەی شۆڕشگێڕی و ئەلتەرناتیفی ئەو ژیان و واقیعەی کە سیستەمی ئیمپریالیستی لەمیانەی ئەو دەزگایانەی لەسەر بنەمای باڵادەستی رەگەزی و بەرژەوەندی و چەوسانەوە دایمەزراندوون و بەسەر ژن و پیاو و هەموو بوارەکانی ژیاندا دەسەپێنێ. یەکێك لەو هۆکارە سەرەکیانەی پیلانگێڕی نێودەوڵەتی کە سەرۆکایەتی کردە ئامانجی خۆی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ژیانێکی ئازادی وەکو ئەلتەرناتیف خولقاندووە. ئەم واقیعەی شانبەشانی 15 ی شوبات هاتە ئاراوە بەئەندازەی ئەوەی بۆ تەواوی پارتی و گەل لەهەمانکاتدا سەبارەت بەژنانیشەوە هەژاندنێکی مەزنی لەگەڵ خۆیدا هێنا. بەڵام سەرۆکایەتی پارتیمان تەنانەت هەلومەرجی دیلبوونی خۆیشی کردە خاڵێکی ئەڕێی بۆ وەستاندنی ئەو توندوتیژییەی کە هێزەکانی پیلانگێڕییە نێودەوڵەتییە کە دەیانخواست گڕوتینی پێبدەن, وەکو دەرفەتێك بۆ دەستپێکردنی قۆناخی ئاشتی قۆستۆتەوە کە لەساڵی 1993 بەولاوە لەم پێناوەدا هەوڵ و کۆششی گرنگی بۆ داوە. سەرەڕای هەلۆیستی تێکدەرانەی ئەو توێژانەی کە ناخوازن ئەو شەڕەی بیست ساڵە بەردەوامی کرد و رێگای لەپێش لەنێوبردنی هەزاران گیان کردەوە بەئاشتی کۆتایی پێ بێت و لەبەرژەوەندی خۆیاندا نابینن, سەرۆکایەتی پارتیمان سەرکەوتنی لەمەدا بەدەستهێنا کە ستراتیژی PKK بگۆڕێت و بەرەو

تێکۆشانی دیموکراسی و یەکێتی ئازادانەی وەرچەرخێنیَ. ئەمە گۆڕانکارییەك نییە کە واقیعی 15 ی شوبات ناچاری کردبین, بەڵکو ئەو پێشکەوتنانەی کە PKK بەدیهێناون و ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەر هەلومەرج و رەوشی جیهاندا هاتوون و دەرکەوتنی جیاوازی لەچۆنیەتی ناکۆکییەکان و پێویستی نوێبوونەوەی چەمکی کلاسیکی تێکۆشانی چەوساوەکان, ئەمانە هەمووی بووە سەرچاوەی پێویستی و ئەنجامدانی ئەم گۆڕانکارییە ستراتیژییە, لەهەمانکاتدا بەرهەمی هزر و قوڵبوونەوەی ساڵانێکی درێژی سەرۆکایەتی پارتیمانە. سۆسیالیزمی بونیادنراو گوزارشت لەقۆناخی سەرەتایی سۆسیالیزم دەکات کە هێندەی مێژووی مرۆڤایەتی کۆنە. شانبەشانی شێوازەکانی تێکۆشان پێشنەخستنی دیموکراسسی لەنێوخۆشدا رۆڵێکی دیاریکراویان هەبوو لەهەڵوەشاندنەوەی سۆسیالیزمی بونیادنراو کە لایەنی توند و تیژی لەپێش بوو و پاشماوەی چینە دەسەڵاتدارەکانی لەخۆوە گرتبوو. کاتێك سەرلەنویَ مێژووی مرۆڤایەتی لەبواری ئایدیۆژی و ماددییەوە بگرینە دەست و لێبکۆڵینەوە و شانبەشانی پێشکەوتنە زانستی ـ تەکنۆلۆژییەکان شرۆڤە بکرێت ئەوا سۆسیالیزمی قۆناخی پێگەیشتن دەردەکەوێتە روو. لەجیاتی توندوتیژی کە لەپێناو ئاواکردنی دیموکراسی لەسەربنەمای چەمك و هەڵوێستی چینایەتی پەیڕەوی لێدەکرا, ئەوا بەبنچینەگرتنی شێوازە ئاشتیخوازانەکانی سیاسەت و پێشکەوتنی زانستی و تەکنۆلۆژی بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییە کۆمەڵایەتییەکان تاوەکو دەگاتە ناکۆکییەکانی سروشت بۆتە جێگای گرنگی بایەخ پێدان. ئیتر ئەمە کۆتایی پێدێت کە تەنیا رەنگی سوور سیمبۆڵی سۆسیالیزم بێت, بەڵکو رەنگی زەرد وەکو رەمزی گوڵەگەنم و تیشکی رۆژ, رەنگی سەوزیش وەکو سیمبۆڵی سروشت و ژینگە و ئازادی ژنان دەبنە سیمبۆڵی سۆسیالیزم, بەمجۆرەش سۆسیالیزم دەگاتە قۆناخی پێگەیشتن و هەمەڕەنگی.

لەسەر ئەم بنەمایەش وەکو پێویستییەکی چەمکی سۆسیالیزمی قۆناخی نویَ و وەرچەرخانی ستراتیژی PJKK , PKK ناچار دەکات کە لەمیانەی ئەو گۆڕانکارییانەی لەسەرووی هەرشتێکەوە لەپەیڕەوی ناوخۆ و بەرنامە و شێوازی رێکخستن و تێکۆشان و تەنانەت لەئاستی ناو گۆڕینیشدا ئەنجامی دەدات خۆی لەگەڵ قۆناخی نویَ بگونجێنیَ و رێکبخات. بەمجۆرە پارتیمان کە ناوی خۆی بۆ پارتی ژنانی ئازاد ( PJA ) گۆڕیوە و بەگوێرەی ستراتیژی نویَ هەنگاوی وەرچەرخانی هاوێشتووە. لەسەدەی بیست و یەکەمدا لەبەر ئەوەی ناکۆکییە چینایەتی و نەتەوەییەکان گرنگی رابردووی لەدەستداوە, ئەوا ناکۆکی رەگەزی دەکەوێتە پلانی پێشەوە کە ناکۆکییەکی گەردوونی و مێژوویی کۆنە و دەگاتە ئاستێك کە تەواوی کۆمەڵگا و سروشت بگرێتەوە. PJA لەسەربنەمای بەبنچینەگرتنی رزگاری و چارەسەرکردنی تەواوی کێشەکانی ژنانی جیهان هاتە ئاراوە و بەشێوەیەکی کۆك لەگەڵ سۆسیالیزمی قۆناخی نویَ و بەلاوەنانی گۆشەنیگا و تێڕوانینی تەسکی نەتەوەیی ـ چینایەتی و رەگەزی, وەرچەرخانی ئەنجامدا. بێگومان لەزەمینە و هەلومەرجی ئاشتی و دیموکراسییانەدا ژنان بەڕادەیەکی هەرەبەرز دەتوانن گوزارشت لەپێشکەوتنی ئازادانەی خۆیان بکەن, شانبەشانی ئەمەش بەئەندازەی ئەوەی دیموکراسی و ئاشتی گرێدانی خۆی بە ژن و ئازادییەوە هەیە, لەهەمانکاتدا دەبێتە

ئاسەوار و شوێن پەنجەی ژنان. هەربۆیە دەتوانین بڵێین کە کێشەی دیموکراسی لەگەوهەری خۆیدا کێشەیەکی ژنانە و چارەسەری ئازادیخوازانەی کێشەی ژنانیش ڕۆڵێکی دیارکراو دەبینێ لە هەمیشەیی و بەردەوامی پێشکەوتنی دیموکراسی. سەرۆکایەتی پارتیمان لەمیانەی ئەو هەڵسەنگاندنەی کەدەڵێ: " تاوەکو راستینەی ئەو هزر, ئایدیۆلۆژیا, رێکخستن, فشار و چەوسانەوە نەگردرێتە دەست کە چواردەوری ژنانی پێگیراوە و لەسەر ئەم بنەمایەش چارەسەری قاڵنەکرێتەوە و شۆڕش و شەڕ بەشێوەیەکی دابڕاو لەژنان بگردرێتە دەست, نەدەتوانرێ شەڕ بکرێتە شەڕێك لەپێناو ئازادی و نەدەتوانرێ ئەم ئاشتییە بکرێتە ئاشتییەکی راستەقینە کە دوای شەڕ دێتە ئاراوە. هەلومەرج و زەمینەی سەرەکی ئەمەش شیکردنەوەی ئەم پەیوەندییانەیە کە لەچواردەوری ژناندا بەڕێوە دەچێت " جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ژنان خاوەنی رۆڵی کلیل دەبینن لەپێشکەوتنی ئاشتی و دیموکراسی. هەرچەندە چۆنێتی بەدەستەوە گرتنی کێشەی ژنان لەلایەنی تیۆری و مارکسیست ـ لینینیستی بەگوێرەی هەلومەجەکانی خۆی پێشکەوتنی گرنگی هێنابێتە کایەوە, بەڵام ئەگەر بێتو بەگوێرەی تێڕوانین و روانگەی سۆسیالیزمی قۆناخی پێگەیشتن هەڵنەسەنگێنرێ, ئەوا دەبینین ئاستی تەسکی چینایەتی تێپەڕنەکردووە و سەبارەت بە ئازادی رەگەزی بەشێوەیەکی زۆر لاواز و رووکەشی ماوەتەوە. ناتەواوی تیۆری سەبارەت بەرۆڵی دیاریکراوی ژنان لەپێشکەوتنی مێژووی کۆمەڵگا و سنوورداری و تەسکبینین و هەڵوێستی درەنگخستن و رووکەشی سۆسیالیزم لەبواری تیۆری و تێنەپەڕاندنی هەڵوێستەکانی باڵادەستی پیاو لەبواری کرداریدا لەئەنجامی پێشنەکەوتنی دیموکراسی لەنێوخۆدا, رووخانی سیستەمی لەگەڵ خۆیدا هێنا. لەم چوارچێوەیەشدا ئایدیۆلۆژیای رزگاری ژن کە سەرۆکایەتی پارتیمان پێشیخست بەشێوازێکی لێهاتوو و خوڵقێنەرانە تەواوکاری ئەم لایەنە ناتەواوەی سۆسیالیزمە. لەبەر ئەوەی ئەو ژیانەی کە لەئەنجامی پراکتیزەکردنی ئایدیۆلۆژیای رزگاری ژنان لەسەر بنەمای تەوەرەی ژن دەخوڵقێ دەبێتە وەڵام بۆ پێویستییە سەرەکییەکانی مرۆڤایەتی, هەربۆیە خاوەنی گەوهەرێکی گەردوونییە. پارتیمان پارتی ژنانی ئازاد ( PJA ) خاوەنی بانگەشە و بڕیاری بەڕێوەبردنی تێکۆشانی ئاشتی و دیموکراسییە لەپێناو بڵاوکردنەوەی ئایدیۆلۆژیای رزگاری ژن و کردنی بەموڵکی تەواوی مرۆڤایەتی.

## ناکۆکی رەگەزی
## لەسەدەی بیست و یەکەمدا

ئەم راستینەیە لای هەموو کەسێك پەسند کراوە کە لەم سەدەیەدا ناکۆکی رەگەزی دەردەکەوێتە پێش و لەناکۆکی چینایەتی و نەتەوەیی زیاتر چڕ دەبێتەوە و بەڕێوەدەچێت و بۆتە هێمای دەستنیشانکردنی کارەکتەری ناکۆکی رەگەزی و فاکتەرەکانی دەرکەوتنی, ئەوا بۆ ئەو هێزانەش کە بانگەشەی خوڵقاندنی بەدیهێنانی چارەسەری دەکەن, گرنگییەکی زۆری هەیە.

وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە رووخانی یەکێتی سۆڤیەتی وەکو سەرکەوتنی خۆی راگەیاند, هەرچەندە خاوەنی بانگەشەیەکی بەمجۆرە بێ کە ببێتە تاکە هێزی " سۆپەر "ی جیهان, ئەوا کارەکتەر و تایبەتمەندێتییەکانی ئەم سەدەیە و هاوسەنگییەکانی هێز دەرفەتی ئەمەی پێنادەن. کێشەکانی ژینگە, زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان, پیسبوونی ئەتۆمی, بێکاری و کێشەی تری بەمجۆرە گەیشتۆتە ئاستێك کە هەڕەشە لەتەواوی مرۆڤ لەجیهاندا دەکات. لەڕۆژگاری ئەمڕۆماندا بەرامبەر بەجیهانگیری و ئەو ئاستەبەرزەی کە کێشەکانی مرۆڤایەتی پێگەیشتووە هێزێك بەتەنیا ناتوانێ و ناشێ چارەسەری پێشبخات.

شانبەشانی ئەو پێشکەوتنەی لەبواری زانستی و تەکنۆلۆژی هاتۆتە ئاراوە, ئەو بەهایانەی کە تێکۆشانی مرۆڤایەتی خوڵقاندوویەتی پێویستی دیموکراسییان خستۆتەڕوو. لەجیهاندا ئەگەر پشت بەدیموکراسی نەبەسترێت ئەوا ئەو ئەنجامانەی کە پێشکەوتنی تەکنۆلۆژی بەسەر ژیانەوە دەخوڵقێنێ ترسناك دەبێت. هەربۆیە لەم خاڵەشدا ئاستی پێشکەوتنی کۆمەڵگا و بەرزبوونەوەی ئاستەکانی ژیان وەکو پێویستییەك دەردەکەوێتەڕوو. بەڵام ئایا دەبێ ناوەڕۆك و گەوهەر و شێوەی ئەم پێویستیە چۆن بێت و کامە ئایدیۆلۆژیا یاخود کامە هێز پێشەنگایەتی ئەم تێکۆشانە دەکات؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە بەلایەنی کەم هێندەی پێویست جێگای گرنگی و بایەخ پێدانە.

ئەگەر لەم سەدەیەدا پێداویستی سەرەکی مرۆڤایەتی لەپێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و دیموکراسی و ئازادیدا ببینرێت ئەوا ئاشتی و تەبایی و جێگیری دەبێتە مەرجێکی لەپێشینە. کاتێك دەڕوانینە ئەو ئاستەی کە مرۆڤایەتی پێیگەیشتووە و ئەو کێشانەی رووبەڕووی بۆتەوە و رێگاکانی چارەسەری ئەو کێشانە, ئەوکاتە دەبینین کە لەهەموو بوارەکاندا دەرکەوتنەپێشی ناکۆکی رەگەزی کە کۆنترین ناکۆکی مرۆڤایەتییە شتێکی دەست لێبەرنەدراو و حاشا هەڵنەگرە. بۆ ئەوەی چارەسەرییەکی بەردەوام و یەکجارەکی بۆ ئەم کێشانە بدۆزینەوە, کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێکرد, ئەوا پێویست بەوەرچەرخانی کۆمەڵگا دەکات. هەرسیستەمێك لەمیانی چ جۆرە شێواز و لەڕێگای چ ئامرازێکەوە دەبێت بەئەندازەی ئەوەی لەسەر ژیانی کۆمەڵگا و کۆمەڵایەتیدا زاڵ دەبێت دەتوانێ درێژە بەهەبوونی خۆی بدات. هەرچەندە ژنان خاوەنی رێکخستن و تێگەیشتنی رەگەزی نەبوون بەڵام لەهەر قۆناخێکی نوێی کۆمەڵگادا جێگایەکی چالاکانەیان گرتووە. لەبەر ئەوەی دوای تەواوبوونی قۆناخ سەبارەت بەشوێن و جێگیرتنی ژنان هیچ گۆڕانکارییەك رووی نەداوە و سیستەمی باڵادەستی پیاو تێپەڕ نەکراوە, ئەوا چەوسانەوەی سەر رەگەزی ژنان بەردەوام بووە.

لەسەدەی بیست و یەکەمدا دەبینین کە مرۆڤایەتی لەدەروازەی قۆناخێکی نوێی کۆمەڵگادایە. بەبنەماگرتنی ئەم راستییە لەواقیعی رۆژگاری ئەمڕۆماندا, یان کاریگەری و چالاکی کۆمەڵایەتی ژنان زیاد دەکات, یاخود ژنان لەلایەن ئەو هێزانەوە دەخرێنە پێش کە دەخوازن فۆرمیلە بەکۆمەڵگا بدەن.

ئەو پێشکەوتنەی لەبواری ئامرازەکانی بەرهەمهێناندا بەدیهاتووە ئاستی جێگرتنی ژنانی لەبوار و گۆڕەپانەکانی بەرهەمهێناندا بەرز کردۆتەوە. ژنان کە لەبەرهەمهێناندا ئاستی هەبوونیان بەرز بۆتەوە

لەبوار و گۆڕەپانەکانیتری ژیانیشدا کاریگەرێتی خۆی زیاد کردووە. بەتایبەتیش لەبوارەکانی هزر و سیاسەتدا پێشکەوتن بەخۆیەوە دەبینێ. کاتێك ژنان لەم بوارانەدا بەهێز بن ئەوا جێگا و شوێنی خۆیان لەنێو کۆمەڵگادا بەهێز دەکەن. لەئاکامی هەڵسەنگاندنی ئەم تواناکارییانە لەلایەن ژنان و بەخشینی هێز بەکۆمەڵگا, لەسەر بنەمای دیموکراسی و ئازادی, پەیوەستبوون و ئاستی ئایدیۆلۆژی و رێکخستن پێشدەکەوێت.

زێدەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێین کێشەی ژنان لەسەدەی بیست و یەکەمدا بەشێوەیەك لەبەرامبەرماندا وەکو کێشەیەکی مرۆڤایەتی زەق دەبێتەوە کە بەهیچ جۆرێك لەڕابردوودا نەبووە. چارەسەرکردنی کێشەی رزگاری ژنان لەسەر بنەمای یەکسانی و ئازادی بەردی بناخەی دیموکراسی پێکدێنێ. ئەم رەوشەش زەمینەی تێکۆشانی ئاکتیفانە بۆ ژنان دەڕەخسێنێ. بەڵام ئەو تێکدانەی لەئەنجامی چەوسانەوەی رەگەزی کە هەزاران ساڵە بەسەر ژنانەوە پیادە دەکرێت واقیعی ژنێکی لاوازی بەرامبەر بەپێویستی ئازادی هێناوەتە ئاراوە. هەربۆیە پێویستە ژنان کە لەقۆناخەکانی کۆمەڵگادا دینامیکیەتی وەرچەرخان و گۆڕانکاری پێکدێنن, بەشێوەیەکی کۆك لەگەڵ سروشت و گەوهەری خۆی تەڤلیبوون ئەنجام بدات.

تاوەکو ئێستا راستینەی ژنان لەو ئاستەدا نییە کە کێشەکانی مرۆڤایەتی شیبکاتەوە و وەکو رەگەزێك پێویستی خۆی بۆ ئازادی ببینێ. هەربۆیە پێویستە بە پشتبەستن بەتێگەیشتنی رەگەزی رێکخستنی ژنان لەسەر بناخەی سۆسیالیزمی زانستی رێکبخرێ بۆ ئەوەی ئیرادە و هەبوونی ژنان بێنێتە ئاراوە. پێویستە ژنان تێکۆشانی رەگەزی بە پشتبەستن بەهێزی خۆیان بەڕێوە ببەن. پێویستە رێکخستنی ئازادی رەگەزی ژنان لەڕێگای ئیرادەی سەربەخۆی خۆی بەشێوەیەکی هاوتەریب لەگەڵ تێکۆشانی ئازادی کۆمەڵگادا بڕوات. چارەسەرکردنی ئەو کێشە هەرەکۆنەی مرۆڤایەتی, لەبەر هەندێ هۆکار کە سەرچاوەی خۆی هەم لەژن و هەم لەپیاو وەردەگرێت لەماوەیەکی کورتدا بەدینایەت. بەڵام لێرەدا خاڵی گرنگ و سەرەکی ئەوەیە کە ژنان وەکو فاکتەرێکی دیاریکەر تەڤلی تێکۆشانی چارەسەری رزگاری ژنان بن چونکە وەکو کێشەی تەواوی مرۆڤایەتی رووبەڕوومان بۆتەوە. شێوازی سەرەکی گەیشتن بەو ئەنجامە ئەوەیە کە لەهەر بوارێکدا پەروەردە و رێکخستنی تایبەتی ژنان بە پەروەدە پێش بخرێت کە تێگەیشتنی مێژوویی و رەگەزی پێشدەخەن.

لەڕۆژگاری ئەمڕۆماندا هەرچەندە رێکخستنی ژنان ناتەواو بێت بەڵام خاوەنی میراسێکە. پارتیمان کە بەپشتبەستن بەئایدیۆلۆژیای رزگاری ژنان پەندی لەئەزموونی تەواوی جولانەوەکانی ژنان دەرخستووە, لەواقیعی گەلی کورددا کە خاوەنی راستینەی گەلێکی کۆیلەیە, بانگەشەی پێشخستنی چارەسەری ئەو کێشەیە دەکات. ئەم چارەسەرییەی کە پێشخراوە تەنیا بۆ کۆمەڵگای کورد و گەلانی خۆرهەڵاتی ناوین نییە بەڵکو لەئاستێکدایە کە بۆ تەواوی جیهان دەبێتە نموونە. هەربۆیە پێویستە بەشێوەیەکی لێهاتووانە و سەرەتا لەجوگرافیای کوردستان و تورکیا, دوایی لەگەڵ ژنانی خۆرهەڵاتی ناوین و سەرتاسەری جیهان پەیوەندی و رێکخستن پێشبخات.

چۆنێتی بەدەستەوەگرتنی کێشەی ژن لەلایەن هەر سیستەمێکی سیاسییەوە, کە وەکو کێشەیەکی گرنگ خۆی نیشانداوە, بۆتە پێودانگی دەرخستن و ئاشکراکردنی کارەکتەری ئەم سیستەمە. ئاستی پێشکەوتنی ژنان هاوتەریبی ئاستی پێشکەوتنی ئەو کۆمەڵگایەیە کە لەنێویدا دەژین, ئەمەش لەم لایەنەوە پێوانەیەکە. چارەسەری بنچینەیی کێشەکە لەنێو ئەو سۆسیالیزمەدایە کە خۆی نوێ کردۆتەوە. لەهەمانکاتدا ئاشکراکردنی لایەنەکانی مرۆڤپەروەری, ئاشتیخوازی, دیموکراسی و سۆسیالیستی کە لەگەوهەری ژندا هەیە بەرلەهەموو شتێك ئەرکێکی تێکۆشانی دیموکراسییانەیە.

تایبەتمەندییەکانی تێکۆشانی

رزگاری ژنان

**تایبەتمەندییەکانی تێکۆشانی رزگاری ژنان کە پارتیمان PJA بەڕێوەی دەبات, ئەمانەن:**

1 ـ دوو لایەنی تێکۆشانی PKK هەیە کە تێکۆشانی وەرچەرخانی دیموکراسییانە بەڕێوە دەبات: یەکەمیان" بەلاوەنانی بونیادی ئۆلیگارشیانەی دەوڵەتی تورکیا و دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگایە. دوومیان" چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەیی گەلی کورد لەچوارچێوەی ئەو سنوورانەی لەئارادان. ئەو گۆڕانکارییە ستراتیژییەی PKK ئەنجامیدا, پارتیمان PJA ش پەیوەستدار دەکات و دەیگرێتەوە. لەسەر بنەمای ئەم راستینەیەش پارتیمان PJA ئامانجی ئەوەیە لەتێکۆشانی ئاشتی و دیموکراسیدا رۆڵی هێزێکی پێشەنگ ببینێ. لەتێکۆشانی دیموکراسییانەدا پارتیمان ئەوە بەئامانج دەگرێ کە لەمیانەی رێکخراوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان " پارتی سیاسی, وەقف, کۆمەڵە, دەزگاکانی پەروەردە و... هتد " ئایدیۆلۆژیا لەکەسایەتییەکاندا بەرجەستە بکات و سیستەم بگۆڕێت, ئەمەش لەڕێگای ئەو کەسایەتییانەوە ئەنجام بدات کە خولقێنراون. ژنان لەئەنجامی جێگرتنی چالاکانەیان بەناسنامە و رەنگی خۆیان لەنێو تێکۆشانی وەرچەرخاندنی سیستەمدا, ئەم ئامانجەی خۆی بەدیدێنێت.

پارتیمان PJA تەنیا بەرگری لەڕزگاری رەگەز ناکات, چونکە ناکۆکی رەگەزی لەگەڵ تەواوی ناکۆکییە چینایەتی, نەتەوەیی, سروشتی, بەرزبوونەوەی ژمارەی دانیشتوان, کولتووری و... هتد تێکچڕژاوە و چارەسەرکردنیشی بەشێوەیەکی هاوتەریب لەگەڵ ئەم ناکۆکییانە بەدیدێت.

2 ـ سەرۆکایەتی PKK سەرۆکایەتی ستراتیژی پارتیمان PJA یە. پارتیمان ئەم پێشەنگایەتییە بەبنەما دەگرێت کە دژی هەموو جۆرە هەڵوێستێکی پابەندی دەرەوە, باڵادەستی, زۆرداری, دژە دیموکرات, شۆفێنیستی و میللیگەرای سەرەتایی بێت و شانبەشانی خەباتی دیموکراسی, سۆسیالیستی و ئەنتەرناسیۆنالیستی, رەگەزی خۆی خۆش بوێت و لەپێناو رزگاری رەگەزەکەی خۆیدا خەبات بکات و ئیرادەیەکی سەربەخۆ و ئازاد لەخۆیدا بەرجەستە بکات.

3 ـ PJA یەکەمین زمینە و نموونەیە لەدەربازبوون بەرەو سیستەمێك کە ژن لەتەوەرەیدا بێت و لەسەدەی بیست و یەکەمدا پتەوترین پێگەی ژنانە. سیستەمی سۆسیالیستی لەگەوهەری خۆیدا

سیستەمێکە لەچوارچێوەی تەوەرەی ژندایە. تێکۆشانی نوێی سۆسیالیزمیش لەسەر ئەم بنەمایە پێشدەکەوێت.

4 ـ راستینەی سیستەمی نوێی جیهانی رۆژگاری ئەمڕۆمان, تێکۆشان و بڵاوکردنەوەی سیستەمێکی تەوەرەی ژنان بۆ نێو سەرجەم توێژەکانی کۆمەڵگا وەکو پێویستییەك دەسەپێنێ. هەلومەرجی خەباتێکی بەمجۆرە لەهەموو کاتێك زیاتر گونجاو و لەبارە. لەمیانەی قۆناخی ئەم تێکۆشانەدا و لەئاکامی تەواوکردنی شۆڕشی کۆمەڵایەتی, کولتووری و دیموکراسیدا لەڕێگای دینامیك و هێز و ئیرادەی خۆی بەرەو سیستەمێکی سۆسیالیستی هەنگاو دەهاوێژێ.

5 ـ تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ئەو سیستەمەی لەسەر بنەمای تەوەرەی ژنان دەخولقێنرێ تایبەتمەندێتی یەکسانی, ئاشتی, دادوەری و دیموکراسی هاوبەش پێویست دەکات کە تەڤلیبوونی هاوبەشە هەر لەسەرەتای مێژووی مرۆڤایەتیدا لەسروشتی رەگەزی ژندا هەبوونە, ئەمەش لەپەیوەندییەکانی تەواوی بوارەکانی " کۆمەڵایەتی, بەرهەمهێنان, پەیوەندی ژن ـ پیاو... هتد " زاڵ و کاریگەر بکرێن. ئەو سیستەمەی کە بەرامبەر بەو سیستەمە ئیمپریالیستیە ئاوا دەکرێت کە لەبەرزترین ئاستدا نوێنەرایەتی دەزگای کارەکتەری باڵادەستی پیاو دەکات, دەبێتە سیستەمێك کە بەرهەمهێنان و بەکاربردنی هاوبەش بەبناخە دەگرێت و تەواوی جۆرەکانی باڵادەستی رەتدەکاتەوە. کاتێك ئاواکردنی جیهانێك لەسەر بنەمای سۆسیالیزم و تەوەرەی ژن بەئامانج دەگرین, چەمکی دەسەڵات کە چەمکی ژیانی هاوبەشە, گەوهەری ژن لەخۆوە دەگرێت. ئایدیۆلۆژیای رزگاری ژنانی پارتیمان PJA لەگەوهەری خۆیدا بەگەردوون بوون لەخۆوە دەگرێت. ئامانجی پارتیمان ئەوەیە کە ئەم گەوهەرە بگەیەنێتە تەواوی ژنانی جیهان لەسەرووی هەمووشیانەوە ژنانی خۆرهەڵاتی ناوین و لەگەڵیاندا هاوبەش بێت.

7 ـ سیستەمی باڵادەستی پیاو مەحکوم دەکات و شیدەکاتەوە. لەمیانەی جولانەوە لەسەر بنەمای راستینەی: " وەرچەرخاندنی ژنان وەرچەرخاندنی کۆمەڵگایە " تێکۆشان و شەڕی سیستەمی ئەلتەرناتیف و کەسایەتی و چینایەتی پیادە کات و بەرلەهەموو هەموو شتێك خولقاندنی خۆی بەبنەما دەگرێت.

ئەرکەکانی تێکۆشانی رزگاری ژنان

أ ـ تێپەڕاندنی بونیادی ئۆلیگارشییانەی دەوڵەتی تورکیا و, دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگا و چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەیی کورد بەشێوازی ئاشتی و دیموکراسییانە, لەچوارچێوەی سنوورەکانی لەئارادان. خەبات و کۆششی بەمجۆرە لەچوارچێوەی پرۆژەی ژیانی ئازاد و بەرنامەی رزگاری ژنان بەبنچینە وەربگیردرێت کە ئامانجی پراکتیزەکردنیەتی. بۆ ئەمەش:

1 ـ " ئەركەكانی وەرچەرخانی دیموكراسییانە " كە لەبەرنامەی PKKدا داڕشتراوە و لەكۆنگرەی حەوتەمی ئاوارتەی PKK بڕیاری لەسەر دراوە, بەهەمان شێوە پارتیمان PJA ش پەیڕەوی لێدەكات" هەربۆیە"

أ ـ تێكۆشان دژی ئەو هەڵوێستانەی كە ڕێگا نادەن ژنان بەرامبەر بەسیستەمی باڵادەستی خەبات بكەن یان سازشكاریان بەسەردا دەسەپێنن یاخود بەرەو خۆ بەدەستەوەدانیان دەبن.

ب ـ ئەنجامدانی تێكۆشانێكی ئاكتیفانە بەرامبەر بەپێشكەوتنە چەواشەكارییەكانی سەرمایەداری و ئەو تێكدانە هەمەلایەنانەی لەسەر سروشت و كۆمەڵگا و ژن خوڵقاندوویانە.

ج ـ ئەنجامدانی تێكۆشانێكی چالاكانە بۆ پێكهێنانی دەستوورێكی دیموكراسییانە كە مافە سەرەكییەكانی ژنان بخاتە ژێر گەرەنتییەوە.

د ـ دابینكردنی ئازادی ڕادەربڕین و ڕێكخستن و پیادەكردنی سیاسەت بۆ ژنان لەنێو كۆمەڵگایەكی ئازاددا كە گەرەنتی و بناخەی كۆماری دیموكراسییە.

هـ ـ پشتگیریكردن لەئەندامبوونی توركیا لەیەكێتی ئەورووپا.

و ـ وەستان دژی ناتۆ و هەر ڕێككەوتنێكی سەربازی كە هەڕەشە لەئاشتی و دەسەڵاتی گەلان دەكات.

ز ـ بەبناخەگرتنی گۆڕین و وەرچەرخانی خێزان.

ر ـ پێكهێنان و پراكتیزەكردنی پرۆگرامەكانی تەندروستی كە هاوكاری ژنان و منداڵان دەكات.

س ـ گۆڕینی ئەو دەستوور و یاسایانەی ڕێگا لەپێش نایەكسانی دەكاتەوە و ڕێكخستنەوەی بەگوێرەی بەرژەوەندی ژنان.

ش ـ بینینی كولتوورەكان وەكو دوەڵەمەندییەك و پشتگیریكردن لەپێشكەوتنی ئازادانەی هەموو كولتوورەكان.

م ـ تێكۆشان لەپێناو هەڵگرتنی سزای لەسێدارەكان.

ن ـ دابینكردنی هەموو تواناكارییەك و پێشكەشكردنی هەموو جۆرە پشتگیرییەك لەپێناو گەڕانەوەی ئەو بەشەی جەماوەری گەل كە لەئاكامی شەڕ ناچاربوون دەست لەجێگا و شوێنی خۆیان بەربدەن.

خ ـ كاركردن و بینینی ڕۆڵێكی چالاكانە لەپێناو گەرەنتیكردنی یاسای پەروەردە بەزمانی دایك و پێشخستنی لەتەواوی گۆڕەپانەكاندا.

ی ـ بەبنەما گرتنی ئەو هەڵوێستانەی مافەكانی ژنانی كورد دەپارێزن, كە لەشوێنە جیاجیاكانی جیهان ئاوارە بوون و پشتگیری لەڕێكخستن و پێشكەوتنی كولتووریيان دەكات و ژنانی پێشكەوتووخوازی جیهان لەگەڵ تێكۆشانی ئازادی ژنانی كوردستان یەكانگیر دەكات.

2 ـ لەسەر بنەمای پەیوەندی ژن بەئاشتی و دیموكراسی و جێگاكەی وەكو دینامیكترین هێزی كۆمەڵگا و دەركەوتنە پێشی ناكۆكی ڕەگەزی لەسەدەی بیست و یەكەمدا, هاوتەریبی ئەمەش

راستینەی خۆسەپاندنی چارەسەری, ئەوە پێویست دەکات کە رۆڵێکی ئاکتیف و پێشەنگ لەپراکتیزەکردنی پرۆژەی ئاشتی و دیموکراسیدا ببینێ.

3 ـ لەسەرووی هەموو شتێکەوە رۆڵێکی چالاکانە ببینێ لەپێکهێنانی جولانەوەی ژنانی کۆماری دیموکراسییانە کە کراوە بەئامانج و پێشخستنی دیموکراسی لەپارچەکانی تردا. لەسەر ئەم بنەمایەش لەمیانەی پێشخستنی ئاستی رێکخستن و چالاکی پرۆژەی خولقێنەرانە ئاوا بکرێت و جەماوەر بەگوێرەی راستینەی ئایدیۆلۆژیای رزگاری ژنان پەروەردە بکرێ.

4 ـ بەرجەستەکردن و قووڵکردنەوە و بڵاوکردنەوەی ئایدیۆلۆژیای رزگاری ژنان. لەم پێناوەشدا ئاستێکی کادیری ئەوتۆ بخولقێندرێ کە لەژێر هەموو هەلومەرجێکدا لەPJA بەخاوەن دەربکەون و نوێنەرایەتی بکەن. لەڕێگای کۆششەکانی لێگەڕین و لێتوێژینەوە و مێژووی نەزانراو و شاراوەی ژنان ئاشکرا بکرێت, هەروەها بەئامانجی سوود وەرگرتن لەو تواناکارییەی ژنان کە تاوەکو ئێستا بەشاراوەیی مابۆوە لەهەموو لایەنەکانی کولتوور, هونەر, ئەدەبیات و ... هتد ژنان پێشبخرێن. گەیشتن بەپەروەردە و تۆکمەبوونێك لەبوارەکانی دەروونی, سایکۆلۆژی, ئەستاتیك, جەستەیی و هەستدا رێکخستن و بەڕێوەبردنی ئەم تێکۆشانە لەژێر چەتری ئاکادیمیای ئازادی ژناندا.

5 ـ پاراستنی ژنان لەمیانەی بەهێزکردنیان لەلایەنی ئایدیۆلۆژی و ورە و جەستەییەوە, بەمجۆرەش رێگا لەمە بگیرێت کە ژنان لەژێر باری کێشە کولتووری و کۆمەڵایەتییە سەختەکاندا بپلیشێنەوە. رەخساندنی دەرفەت و زەمینەی سیاسیبوون, بۆ ئەوەی لەگەڵ وەرچەرخانی خۆیدا وەرچەرخاندنی کۆمەڵگاش بەدیبێنێ. خاوەن دەرکەوتن لەو ژن و منداڵانەی لەئاکامی تێکدەرانەی شەڕ دووچاری زیان هاتوون بپارێزرێن و کێشەکانیان چارەسەر بکرێت. بەڕێوەبردنی ئەم تێکۆشانانە لەژێر پێکهاتەی رێکخستنەکانی وەقف.

6 ـ پێشخستنی پەروەردەی سیاسی ـ ئایدیۆلۆژی چڕوپڕ لەسەر بنەمای ستراتیژی نوێ بۆ ئەو ژنانەی جێگای خۆیان لەنێو هێزی پاراستنی گەلدا دەگرن کە گەرەنتی ئاشتی و یەکێتی و دیموکراسین و کردنیان بەخاوەنی رۆڵێکی ئاکتیفانە.

ب ـ بەلاوەنانی ئاستی تەسکی رەگەزی, نەتەوەیی و چینایەتی و, پێشخستنی رێککەوتن و هاوکاری لەگەڵ تەواوی توێژەکانی کۆمەڵگا کە دووچاری چەوسانەوە و فشار هاتوون:

1 ـ رێککەوتن لەگەڵ هێزە سۆسیالیست, پێشکەوتووخواز و دیموکراتیخواز و ئازادیخوازەکان.

2 ـ بەبنەماگرتنی هاوکاری لەگەڵ رێکخراوە دژە فاشیستی و سروشتپارێز و فامینیست و مرۆڤپەروەر و پارێزەرانی مافی مرۆڤ و.. هتد .

3 ـ تێکۆشان لەپێناو خولقاندنی رێکخستن و چالاکی هاوبەشی لەسەر بنەمای هاوکاری و تێکۆشانی هاوبەش.

پەیڕەوی ناوخۆی

پارتی ژنانی ئازاد
***PJA***

**بەشی یەکەم: بنەما گشتییەکان**

1 ـ ناوی ڕێکخراو: پارتی ژنانی ئازاد. ناوی کورتکراوەی " PJA " یە. PJA پارتێکی سەر بە PKK یە و تایبەت بەژنانە.

2 ـ سیمبۆڵی ڕێکخراو: زەمینەیەکی سوور, لەسەر ئەم زەمینەیە لەلای ڕاست تیشکەکانی ڕۆژ و لەلای چەپیش پەلی زەیتوون هەیە, لەو شوێنەی هەردووکیان بەیەکتر دەگەن لەلای سەرەوە ئەستێرەیەکی سوور هەیە.

3 ـ ئامانجی ڕێکخراو: ئەو سیستەمە باڵادەستییەی پیاو مەحکوم دەکات کە هەموو جۆرە چەوسانەوەیەکی زایندی, ئابووری, کۆمەڵایەتی, نەتەوەیی و چینایەتی لەخۆوە دەگرێت و لەگەڵ پێشکەوتنی نایەکسانی ڕەگەزی بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی بەسەر ژنان پیادە کراوە. ئامانج ئەوەیە لەسەر بنەمای گەوهەری ژنان کە گەرەنتی مرۆڤایەتی و سروشتە سەرلەنوێ بونیادناوە بەبنەما بگرێ کە لەلایەن ئەو سیستەمەوە دووچاری لەنێوچوون هاتبوو. هەروەها ئامانجی ئەوەیە لەپێناو خوڵقاندنی ژیانێك بەگوێرەی تەوەرەی ژن لەسەر بنەمای ئەو ئایدیۆلۆژیایەی ڕزگاری ژنان کە PKK بەڕێبەرایەتی سەرۆکایەتی پارتی پێشیخست, بە ڕێبازێکی سیاسی و ڕێکخستنی بگەیەنێت و بۆ ئەوەی لەتێکۆشانی یەکێتی دیموکراسیانەدا لەسەرووی هەمووشیانەوە ێژیانی ئازادانە پێشبخات, لەسەربنەمای سۆسیالیزم, وڵاتپارێزی, ئاشتی و دیموکراسی تێکۆشان دژی هەموو جۆرە هەڵوێست و نزیکبوونەوەیەکی تەواوی هێزە پاشڤەڕۆ و سیستەمی باڵادەستی پیاو. لەمیانەی ناسینی ڕاستینەی ژن و پیاو ئامانجی خوڵقاندنی ژن و پیاو و کۆمەڵگایەکی ئازادە. لەمیانەی ئەو ڕێکخستنەی لەسەر بنەمای هێزی خۆیی و بەپشتبەستن و باوەڕبوون بەخۆپێشخستنەوە تێکۆشان دەکات بۆ ئەوەی کۆتایی بەڕەوشی نایەکسانی نێو کۆمەڵگا بێنێ و بۆ یەکێتییەکی یەکسان و ئازادانە بیگۆڕێ و کۆمەڵگایەکی سۆسیالیستی پێشبخرێ.

**بەشی دووەم: ئەندامێتی ڕێکخراو**

1 ـ هەر ئەندامێکی PJA لەسەرەتا ئەندامی PKK یە. ئەندامی پارتی ئەو کەسەیە کە پرۆگرامی PJA پەسند دەکات و, بەرامبەر بە پراکتیزەکردنی بەرپرسیارە و, ئیرادەی PJA بەبناخە دەگرێت و خۆی لەگەڵدا یەکانگیر دەکات و ڕۆژانە بۆ پەیڕەوکردنی ژیان و تەکتیکی پارتی تەڤلی ئۆرگانێکی پارتی دەبێت و, خۆی دەگەیەنێتە شێواز و تامپۆی پارتی و لەپێناو ئامانجە سەرەکییەکانی پارتی بەبێ قەرەبوو و بێچارەیی و بەفیداکارییەکی قووڵ و بەجۆش و خرۆشێکی بێ کۆتایی کار دەکات و ژیانی لەپێناو کێشەی پارتیدا بەخت دەکات.

2 ـ ئەوەی دۆستایەتی پارتی دەکات و پشتگیری لەڕێبازی پارتی دەکات ولآتپارێزە یاخود ئەنتەرناسیۆنالیستە. ولآتپارێزێکی چالاک, هەر پیاو و ژنێك کە گرێدراوی ئازادی بێت و تێکۆشان و سیاسەتی پارتی پەسند بکات و لەلایەنی ماددی و مەعنەوییەوە پشتگیری بکات و تەڤلی بێت لایەنگرە. ئەو لایەنگرە چالاك و رێکخراوەی بەگوێرەی هێز و توانای خۆی بەشێوەیەکی رێکخراو و بەردەوام تەڤلی خەبات دەبێت و بەردەوام ئابوونە دەداتە پارتی هەوادارە.

3 ـ ئەندامێتی و دەرکردن:

ئەو کەسەی بخوازێ ببێتە ئەندامی پارتی بەپێشنیازی دوو ئەندامی پارتی و بڕیاری ئەو ئۆرگان و رێکخستنەی سەری لێداوە دەبێتە بەر ئەندامی پارتی. ماوەی بەرئەندامی سێ مانگە ئەندامێتی ئەو کەسەی ماوەی بەرئەندامی بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە تەواو بکات بەبڕیاری ئەو رێکخستنەی پێیەوە گرێدراوە و پەسندکردنی ئۆرگانێکی ژوور مسۆگەر دەکرێت. لەمەسەلەی لێسەندنەوەی ماڤ ئەندامێتیش هەمان رێچکە و پەیڕەو دەگرێتە بەر. بۆ یەکلابوونەوەی مەسەلەی دەرکردن لەئەندامێتی پێویستی بەبڕیار و پەسندکردنی ئەنجوومەنی پارتی هەیە.

4 ـ ئەرکەکانی ئەندامی پارتی:

أ ـ تێکۆشان بەشێوەیەکی بەبڕیار, بەئیرادە, جۆش و خرۆش و فیداکارییەکی بێ کۆتایی لەپێناو بەرجەستەکردن و پراکتیزەکردنی رێباز و ئامانجەکانی PJA کە لەپرۆگرامدا دەستنیشان کراوە.

ب ـ پراکتیزەکردنی ئەو سیاسەت و تاکتیکانەی پارتی کە لەلایەن سەرۆکایەتی گشتی PKK و ئەنجوومەنی PKK و PJA دەستنیشان دەکرێ.

ج ـ جێبەجێکردنی تەواوی فەرمان و رێنماییەکانی PJA.

د ـ کارکردن و ژیان بەگوێرەی پێوانە و پەیڕەوی ناوخۆی PJA و پراکتیزەکردنی پەیڕەوی ناوخۆی PJA .

هـ ـ فێربوون و بەرجەستەکردن و پراکتیزەکردن و پاراستن و بلآوکردنەوەی ئایدیۆلۆژیای رزگاری ژن و رێبازە سیاسییەکەی کە لەلایەن سەرۆکایەتی پارتیمان رێکخراوە.

و ـ جێبەجێکردن و بەرێوەبردنی دیسپلینی پارتی بێ کەموکورتی.

ز- ژیان بەشێوەیەکی گونجاو لەگەڵ پێویستییەکانی پێناسەی ئەندامێتی و بەکارهێنانی ئەو بەرپرسیارێتییەی PJA دەیدات لەکات و شوێنی خۆیدا.

ر ـ پاراستنی تەواوی بەها ماددی و مەعنەوییەکانی پارتی و بەرژەوەندی هێزە دیموکراسیخوازەکان و بەرژەوەندییەکانی ئازادی.

س ـ بەبێ هیچ قەرەبوودانێك بەرامبەر ئەو چەمك و ژیان و هەڵوێست و نزیکبوونە چەوت و دەرەوەی هێڵی پارتی, کۆشش دەکات کە لەکەسایەتی خۆی و لەنێو پارتیدا دەردەکەوێ.

## 5 ـ مافەکانی ئەندامی PJA

**هەر ئەندامێکی پارتی:**

أ ـ لەهەموو ئاستێکدا مافی هەڵبژاردن و خۆپاڵاوتنی هەیە.

ب ـ لەهەموو ئاستێکدا مافی رەخنەکردن و پێشخستنی رەخنەدان و سەبارەت بەهەموو مەسەلەیەك مافی پێشنیازکردنی هەیە.

ج ـ بەمەرجی گرێدان بە بڕیارەکانی پارتی مافی ئەوەی هەیە لەهەموو بارەیەکەوە بۆچوونی خۆی نیشان بدات و لەڕێگای تەڤلیبوونی گفتوگۆکانی پارتی کاریگەری بەسەر پێکهێنانی بڕیارەکانی پارتی بکات.

د ـ لەچوارچێوەی یاساکانی پارتیدا مافی خۆپاراستنی هەیە بەرامبەر ئەو رەخنە و خەتابارییانەی ئاراستەی دەکرێن.

هـ ـ مافی هەیە کەلەچوارچێوەی توانستەکانی پارتیدا پەروەردە ببینێت.

و ـ لەبەرئەوەی خزمەتکردنی تێکۆشان بۆ بەرژەوەندییەکانی پارتی، گەل و رەگەز سەرەکیترین فەلسەفەی ئەندامی پارتییە، بۆیە مافی خزمەتکردنی بێسنووری هەیە.

**تایبەتمەندییەکانی ئەندامانی PJA:**

**هەرئەندامێکی پارتی خاوەنی ئەم تایبەتمەندییانەی خوارەوەیە.**

1 ـ ئایدیۆلۆژیای رزگاری ژنان پەسند و بەرجەستە دەکات، لەسەر ئەم رێبازە بەڕێوەدەچێت، هەنگاو بەهەنگاو فەلسەفەی ژیان لەخۆوە دەگرێت و بڵاوی دەکاتەوە.

2 ـ PJA کە بەگوێرەی راستییەنەی چەمکی ئازادی ئایدیۆلۆژیای رزگاری ژنان ئاواکراوە، لەهەمانکاتدا، گوزارشت لەگەوهەری ئایدیۆلۆژیای سۆسیالیستی PKK دەکات. بەگوێرەی هەرژنێکی ئەندامی PJA لەهەمانکاتدا ئەندامی PKK شە ئەو ژنەی بەپێچەوانەی چەمك و پرەنسیپەکانی PJA بێت یاخود رەتیبکاتەوە نابێتە ئەندامی PKK ش.

3 ـ بەشێوەیەکی دروست لەهەڵوێستی ئازادی سەرۆکایەتی پارتیمان تێدەگات و ئەو نزیکبوون و هەڵوێستانە رەتدەکاتەوە کە دەستەڕۆیی پێشدەخەن و یاخود دەیکەن بەموڵکی تاکە کەسێك و بەرامبەر ئەوانە تێدەکۆشێ.

4 ـ هەر میلیتان و خەباتگێڕێکی PJA لەپێناو پرەنسیپەکانی ئازادی تێدەکۆشێ. دەرفەت بەو سیاسەتانە نادات کە ئەم پرەنسیپانە لەکەدار دەکەن.

5 ـ هەموو ژنێکی ئەندامی PJA وڵاتپارێزە. تایبەتمەندێتی خوڵقێنەرانەی خاك و سروشت لەگەڵ گەوهەری خۆیدا ئاوێتە دەکات.

6 ـ لەسەر بناخەی دەرككردن بە تێكهەڵكێشی و یەكانگیری تێكۆشانەكانی نەتەوەیی, چینایەتی و رەگەزی باوەڕی بەتێكۆشانی یەكێتی دیموكراسییانە هەیە و تەڤلی دەبێت و بەڕێوەی دەبات.

7 ـ سەرلەنوێ مێژوو لەسەربنەمای ئایدیۆلۆژی رزگاری ژنان شرۆڤە دەكات و بەتێگەیشتنێكی مێژوویی دروست دەگات.

8 ـ ئامانجی خوڵقاندنی سیستەمێكی ئاشتیخوازی و ئازادیخوازی و یەكسانی و دیموكراتیخوازە و لەم پێناوەشدا تێدەكۆشێ.

9 ـ لەپێناو دیموكراسی, ئاشتی, ئازادی و برایەتی گەلان تێدەكۆشێ و ئەنتەرناسیۆنالیستە.

10 ـ لەسەر بنەمای دەرككردنی بە راستینەی " ئەو ژنەی لەژێر رەحمی پیاو دا بەجێ بهێڵدرێ مەحكومی ژێركەوتنە " ئیرادەی ژنان دەخوڵقێنێ و لەهەموو بوارەكانی ژیاندا رێكیدەخات و بەكاریگەری دەكات.

11 ـ هەستیارە, وریایە, بەپێوانە و بەكاریگەرە.

12 ـ لەسەربنەمای سەرلەنوێ شیكردنەوە و شرۆڤەكردنی ژیان لێكۆڵەرەوەیە, لێتوێژەرەوەیە و شیكەرەوە و بەرجەستەكارە.

13 ـ بەپلان كاردەكات و بەدیسیپلین و خوڵقێنەرە.

14 ـ وەكو پێویستییەكی سروشتی خۆی گەوهەری مرۆڤ ئاشكرا دەكات و لەسەر بنەمای نوێكردنەوە خۆی پەروەردە دەكات و ئازادی خۆی پێشدەخات.

15 ـ لەپێناو گەیشتن بە ئامانجەكانی بەبڕیار و ئیرادە و بیرو باوەڕ و تێكۆشەرە و خاوەنی جۆش و خرۆشە.

16 ـ شكۆمەندی و پێشخستنی رەگەزی خۆی بەبناخە دەگرێت.

17 ـ لەسەر بنەمای رێبازی زیلان و سەما لەپێناو ئامانجی مەزن دەژی.

18 ـ هێزی دەربڕین و خیتابەت بەلێهاتووترین و سەرنج راكێشترین شێوە بەكاردێنێ.

19 ـ هەبوونی خۆی لەپێناو تەواوی مرۆڤایەتی و ئامانجەكانی ئازادی بەخت دەكات.

20 ـ لەدەرەوەی ئازادی هیچ بژارێكی تری نییە, دووڕوویی ناكات, بێچارە نییە, ئارامە, هزری مەزن و تێكۆشان و خوڵقاندنی ئازادی بەبناخە دەگرێت و گرێدراوی سەركەوتنە.

21 ـ بەخۆباوەڕە و زاڵە و شۆڕشگێڕێتی وەكو هونەر سەیر دەكات و پراكتیزەی دەكات.

22 ـ بەرژەوەندییەكانی ئازادی ناكاتە قوربانی هەستە هەرزانەكان.

23 ـ بەرامبەر بەو ژنانە خەبات دەكات كە سوورن لەسەر هەڵوێستە كلاسیكی و پاشڤەڕۆییەكان و ئازادی ساختە و لەبواری هزر و جەستە و رۆحدا ئازاد نین.

24 ـ لەئاستی هەرە بەرزدا تەڤلیبوونی خۆی بۆ هەموو بوارەکانی ژیان لەسەر بنەمای رەنجی سۆسیالیستانە وەکو پرەنسیپی ئازادی بەبناخە دەگرێت. دەرفەت و جێگا بەهەڵوێستەکانی موڵکداری و ژیانی تایبەت نادات.

25 ـ بەهیچ جۆرێك ناکەوێتە نێو هزرو هەستی پاشڤەڕۆیی دەرەبەگایەتی و بۆرژوازی بچووك و نابێتە زەمینە بۆیان.

26 ـ بەهیچ جۆرێك ناکەوێتە نێو تاکڕەوی و نەخۆشی دەسەڵات و پێشبڕکێ و ئێرەیی و لەپێناو رازیکردنی سیستەمی باڵادەست نکوڵی لەڕەگەزی خۆی ناکات. بەرامبەر تەواوی تایبەتمەندێتییە پاشڤەڕۆکان تێدەکۆشێ و ئەمەش لەکەسایەتی خۆیدا دەست پێدەکات. رەگەزی خۆی خۆشدەوێت و دەیپارێزێ و رێزی لێدەگرێت.

27 ـ هیچ هەست و خۆشەویستییەکی تایبەتی خۆی ناخاتە پێشەوەی بەرژەوەندییەکانی مرۆڤایەتی و بەرژەوەندییەکانی ئازادی ژنان. بەرژەوەندیەکانی ئازادی و مرۆڤایەتی و گەل بەبناخە دەگرێت.

28 ـ تاوەکو دوایی خۆی دەخاتە ژێر خزمەتی بەرژەوەندییەکاتی پارتی, لەپیاو ناپارێتەوە و بەکرێگیراوێتی ناکات و لەپشتبەستن بەهێزی خۆیی و بەملاوە چاوی لەدەرەوە نییە و ناکەوێتە نێو رەوشێکی پێچەوانەی سروشتی خۆی.

29 ـ لەبەرامبەر بەهەموو ئەو هەڵوێست و نزیکبوونە پاشڤەڕۆییانەی باڵادەستی پیاو رادەوەستێ کەپشت بەهێز و دەستەڕۆیی دەبەستێ و ژنان وەکو کاڵایەکی زایندی دەبینێ و هەروەها لەسەربنەمای وەرچەرخان و گۆڕانکاری پیاو تێکۆشان دەکات.

30 ـ پیاو رادەکێشێتە نێو تێکۆشان و ژیانی پارتی و دەبێتە گەوهەری راستەقینە و سەرچاوەی ژیان.

31 ـ بەرامبەر بەکێشەکانی تەواوی ژنانی جیهان هەستیارە. وەکو پێویستییەکی کارەکتەری گەردوونی ئایدیۆلۆژیای رزگاری ژنان ئەم کێشانە وەکو کێشەی خۆی دەبینێ و هەڵوێستی چارەسەری بەبناخە دەگرێت.

32 ـ لەپەیوەندییەکانیدا لەگەڵ پیاوان و رەگەزی خۆشیدا پێوانەکانی رەسمیەت و ئاواکردن و شکۆمەندی بەبنەما دەگرێت.

## تایبەتمەندییە سەرەکیەکانی پیاوی ئازاد

ئاوێتەکردنی ڕێبازی زیلان, سەما و فیکری بایگالدی لەگەڵ بەعەگید بوون دەکات بەفەلسەفەی پەیوەندی و ژیان. لەسەر ئەم بنەمایەش لەسەر ڕێبازی سەرۆکایەتی بەیەکەوە گەیشتن لەگەڵ ژنان بەبناخە دەگرێت.

خۆی بەڕێبازی سەرۆکایەتی و پارتیبوون و ئازادی و پرەنسیپەکانی سۆسیالیستی گرێدەدات.

باوەڕی بەوەدەکات کە تێکۆشانی ئازادی ژنان گەرەنتی ئازادی تەواوی مرۆڤایەتییە. لەسەر بنەمای دەرککرن بەڕاستینەی ئازادی ژنان ئازادی پیاوانیشە ئیرادەی ژنان دەناسێ و ڕێز و جدیەت و بەرپرسیارێتی پێویست هەڵوێستە دەکات.

دەرك بەمیراسی باڵادەستی هەزاران ساڵە دەکات و ڕەخنەی خۆی دەدات. دەست لەکارەکتەری چەوسانەوە و فشار و دیاردەی دەسەڵاتی ساختە بەردەدات کە لەمێژووەوە بۆی ماوەتەوە و خۆی دەگەیەنێتە لێگەڕینێکی ڕاستی ئازادی.

هەموو جۆرە هەڵوێستێکی باڵادەستی پیاو دەکوژێ کە لەمیانەی پشتبەستن بە هەموو جۆرە هەستێکی مولکداری و پاشڤەڕۆیی کۆمەڵگا باڵادەستی خۆی بەسەر ژنان پەیڕەو دەکات.

هەر پیاوێك بخوازێ لەگەڵ ژناندا بژی لەچوارچێوەی بەبناخەوەرگرتنی پرەنسیپەکانی ئازادی ژنان نزیك دەبێتەوە. دابەشکردنی یەکسان و ئازاد لەگەڵ ژنان پەسند دەکات.

بەرامبەر بەلایەنە پاشڤەڕۆییەکانی ڕەگەزی خۆی لەمیانەی شەڕێکی ڕاستی چینایەتیدا تێدەکۆشێ.

## بەشی سێیەم: پێکهاتەی ڕێکخراو

کۆنگرەی بەرزترین ئۆرگانی بڕیار وەرگرتنی پارتییە. کۆنگرەی پارتی بەلایەنی کەم بەتەڤلیبوونی دوو لەسێی ئەو ئەندامانەی دەستنیشان کراون دوو ساڵ جارێك کۆدەبنەوە. بەبڕیاری دوو لەسێی ئەنجوومەنی PJA یاخود لەسەر داخوازی یەك لەسێی بنکەی پارتی" بەپەسندکردنی سەرۆکایەتی گشتی و ئەنجوومەنی PKK کۆنگرە بەرلەکاتی خۆی یان درەنگتر کۆدەبێتەوە. هەروەها بەبڕیاری دوولەسێی ئەندامانی ئەنجوومەن و بەپەسندکردنی سەرۆکایەتی گشتی و ئەنجوومەنی PKK تەنیا جارێك کۆنگرە لەهەلومەرجی ئاوارتەدا بەلایەنی هەرە زۆر بۆ ساڵێك دوا دەخرێت. ئەندامە هەڵبژێردراوەکانی تەواوی ڕێکخستنەکانی پارتی تەڤلی کۆنگرە دەبن. تەواوی ڕێکخستنەکانی پارتی بەگوێرەی ئاست و رادەی هێزەکانیان تەڤلی کۆنگرە دەبن ئەم ئاستەی تەڤلیبوونیش بەگوێرەی ژمارەی ئەندامانی ڕێکخستن و ئاستی پێشکەوتنی لەنێو تێکۆشاندا لەلایەن ئەنجوومەنی PJAوە دەستنیشان دەکرێ و لەلایەن سەرۆکایەتی گشتی و ئەنجوومەنی PKK بڕیاری لەسەر دەدرێ و پەسند دەکرێ. کۆنگرەی پارتی پرۆگرام و پەیڕەوی ناخۆی پارتی پەسند دەکات یاخود دەیگۆڕێت. پرۆگرام نەخشەی قۆناخەکان دەکێشێ, پراکتیکی پارتی هەڵدەسەنگێنێ, ئەندامانی ئەنجوومەنی پارتی هەڵدەبژێرێ, چالاکییەکانیان کۆنترۆڵ دەکات. لەڕەوشێکدا کە

هەڵسەنگاندنی سیاسی بڕیاری گرنگ پێویست بێ بەڵام کۆنگرە نەتوانێ کۆبێتەوە یاخود پێویستی کۆبوونەوەی نەبینرێ ئەوکاتە کۆنفرانسی پارتی دەتوانێ کۆبێتەوە. کۆنفرانس بەبڕیاری سەرۆکایەتی گشتی یاخود بەپێشنیازی ئەنجوومەنی پارتی و پەسندکردنی سەرۆکایەتی گشتی کۆدەبێتەوە. ڕەوشی سیاسی هەڵدەسەنگێنێ و بڕیار دەسەنێ. بەڵام ناتوانێ پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی بگۆڕدرێت و ئەنجوومەنی پارتی هەڵبژێرێ. هەروەها جگە لەڕەوشی ئاوارتە و کۆسپ ساڵی جارێك ڕێکخستنەکانی گرێدراوی پارتی کۆنفرانسی خۆیان دەبەستن. ئەو بڕیارانەی کۆنگرە وەریدەگرێ بەپەسندکردنی لەلایەن سەرۆکایەتی گشتی و ئەنجوومەنی پارتییەوە فەرمی دەبێت.

سەرۆکایەتی گشتی PKK لەهەمانکاتدا سەرۆکایەتی گشتی PJA یە.

ئەنجوومەنی PKK . PJA ڕێکدەخات و بەڕێوەی دەبات.

لەنێوان دوو کۆنگرەدا بەرزترین ئۆرگانی بەڕێوەبردن و بڕیارسەندن ئەنجوومەنی پارتییە. ئەنجوومەتی پارتی لەلایەن کۆنگرەوە هەڵدەبژێردرێ و دەرهەق بەچالاکیەکانی راپۆرت پێشکەشی کۆنگرە دەکات و حیساب دەدات. ئەرکی دەستنیشانکردنی سیاسەتی درێژخایەن و ڕۆژانەی پارتییە و شانبەشانی ئەم سیاسەتانەش لەگەڵ ئامانجە سیاسییەکانی لەبەرنامەی پارتیدا دیاریکراوە و بڕیارەکانی کۆنگرە ئەو سیاسەتەی کە داڕێژراوە پراکتیزە دەکات و چالاکییە کردارییەکانی پارتی ڕێکدەخات و بەڕێوەی دەبات. بەرزترین ئاستی دەزگای سەرۆکایەتی تاکتیکی پارتییە. بەرپرسیارە بەرامبەر بەئاواکردن و بەڕێوەبردن و چاودێریکردنی چالاکییەکانی تەواوی ڕێکخراوەکانی ژێر چەتری پارتی. ئەنجوومەنی پارتی بەدەنگی زۆرینەی ڕەها کار دەکات و بەلایەنی کەم ساڵی جارێك کۆ دەبێتەوە. ئەگەر پێویست ببینرێ دەتوانێ کۆبوونەوە پێشبخات یان دوابخات.

ئەنجوومەنی پارتی بەگوێرەی ئەرکە ئایدیۆلۆژی، سیاسی و ڕێکخستنیەکان دابەشکردنی کار لەنێو خۆیدا بکات و تەواوی کار و خەباتی پارتی بەڕێوە ببات.

بەگوێرەی ئەمەش:

أ ـ هێزەکانی ژنانی نێو هێزی پاراستنی گەل بەکۆردیناسیۆنێکی سەربازی دەگەینێت، لەکۆنسەی پاراستندا نوێنەرایەتی خۆی دەبێت.

ب ـ PJA لەدەرەوەی وڵاتیش خۆی لەژێر ناوی پارتی ڕێکدەخات. هەروەها لەو شوێنانەی پێویست دەکات دەتوانێ ڕێکخستنی پێویست ئاوا بکات.

ج ـ ئەنجوومەنی پارتی ئەرکی پەروەردەی ئایدیۆلۆژی و سیاسی لەئەستۆی خۆی دەگرێ و ڕێکیدەخات.

د ـ ئەنجوومەنی پارتی بەشداری کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی PKK دەبێت و راپۆرتی خۆی پێشکەش دەکات. سیاسەت و تاکتیکەکانی ئەنجوومەنی PKK سەبارەت بەقۆناخ پراکتیزە دەکات.

هـ ـ دەزگا پێویستییەکانی زمان، کولتوور، هونەر، راگەیاندن و... هتد ئاوادەکات و بەڕێوەیان دەبات، ئەو دەزگایانەش پێشدەخات کە هەن.

و ـ بەمەبەستی ڕێکخستنی ژنان ڕێکخستنی وەقف, ناوەندی کولتووری و کۆمەڵە و... هتد ئاوا دەکات, ئەو دەزگایانەی کە هەن پێشیان دەخات.

ز ـ لەو شوێنانەی بەپێویستی دەبینێ ڕێکخستنی ئابووری و دارایی ئاوا دەکات.

ر ـ بەپێی پێداویستییەکانی قۆناخ ڕێکخستنی پێویست ئاوا دەکات و بەڕێوەی دەبات.

**بەشی چوارەم:**

**شێوازی کاری ڕێکخراوەیی**

شێوازی کاری ڕێکخراوەیی پارتی بەگوێرەی بنەماکانی کارگێڕی و تەڤلیبوونی دیموکراسی ڕێکدەخرێت. ئەندام گرێدراوی ڕێکخراوە, ڕێکخراوەکانی ژێر گرێدراوی ڕێکخراوەکانی سەرووترن و تەواوی ڕێکخستنەکانیش گرێدراوی ئەنجوومەنی پارتین. هەموو ڕێکخستنەکان فەرمان و ڕێنمایی دەدەنە ڕێکخستنەکانی ژێر و ڕێکخستنەکانی ژێریش ڕاپۆرت بۆ ڕێکخستنەکانی سەرووتر بەرز دەکەنەوە. بەمەرجێ بەکارهێنانی مافی رەخنەکردن, هەموو فەرمان و ڕێنماییەکی لەڕێکخستنەکانی سەرووتر دێت مسۆگەر جێبەجێ دەکرێت. جگە لەهەلومەرجە نائاساییەکان تەواوی کارگێڕییەکانی پارتی لەڕێی هەڵبژاردن دێنە سەرکار و بەهەڵبژاردن دوور دەخرێنەوە. لەتەواوی هەڵبژاردن و دەنگدانەکانی پارتی کەمینە ملکەچی زۆرینەیە.

سیستەمی ڕاپۆرت, ڕێنماییەکان بەکاریگەرترین ئامرازی بەڕێوەبردن و چاودێریکردنن. کاتێ ڕێنماییەکانی ئەم ئەرکە دەستنیشان دەکات کە پێویستە جێبەجێ بکرێن. ڕاپۆرتیش سەبارەت بەکار و چالاکییانەی پەیڕەوی لێکراوە زانیاری ڕێکوپێك و پێشنیازەکان لەخۆوە دەگرێت. سیستەمی ڕاپۆرت و ڕێنماییەکان بەشێوەیەکی ڕێکوپێك پراکتیزە دەکرێت و بەشێوازێکی ڕوون و ئاشکرا گوزارشت دەکرێت. ئەگەر ڕێکخراوێکی ژوور سەبارەت بەئەرکە نوێکان لەکاتی خۆیدا فەرمان و ڕێنمایی نەدات بەرپرسیارە. ئەگەر ڕێکخستنێکی ژێر لەکاتی خۆیدا ڕاپۆرت پێشکەش نەکات بەشێوەیەکی ڕێکوپێك و تەواو ئامادەی نەکات و نەگەیەنێتە شوێنی پێویست بە جێبەجێ نەکردنی ئەرکێکی سەرەکی دادەنرێت. دوای کۆبوونەوەی هەر ڕێکخستنێك چالاکییەکانی بەشێوەی ڕاپۆرت بۆ ڕێکخستنێکی ژوورتر بەرز دەکاتەوە. هەروەها سەبارەت بەکار و چالاکییەکانی شەش مانگ جارێك ڕاپۆرت پێشکەش بەئەنجوومەنی پارتی دەکات.

بەکاریگەرترین شێوازی کار و چالاکی کۆمەڵکاری ڕێکخراوانە بەڕێوەبردنی سیستەمی کۆبوونەوەیە. هەموو ڕێکخستنەکانی پارتی ناچارن بەشێوازێکی فەرمی و جددی لەکاتی خۆیدا و بەشێوازی دیاریکراوی پەیڕەوی ناوخۆ, یاخود ڕێنماییەکانی کۆبوونەوەی خۆیان ببەستن. هەر کۆبوونەوەیەك شێواز و پەیڕەوی تایبەت بەخۆی دەبێت, ئاخافتنەکان دەنوسرێتەوە. ڕێکخستنەکانی پارتی بەتەواوی ئەندامانی کۆدەبێتەوە و سەبارەت بەو مەسەلانەی لەپەیڕەوی ناخۆدا نییە بەدەنگی زۆرینە بڕیار دەدات. ئەگەر هەر ئەندامێك بەبێ بیانوو تەڤلی کۆبوونەوە نەبێت خەتابارە. ئەگەر یەکێك بەمجۆرە

بەبێ بیانوو دووجار لەسەر یەك تەڤلی كۆبوونەوە نەبێت بەرپرسیارێتی رێكخستنی لێدەسێنرێتەوە.
ئەگەر ئەندامی رێكخستنێك نەتوانێ تەڤلی كۆبوونەوە ببێت ئەوا بیانووی تەڤلی نەبوون وەكو راپۆرتێك دەنووسێ و لەكاتی خۆیدا دەیگەیەنێتە كۆبوونەوەكە.
پێشێلكردنی دیسپلینی پارتی, گوێ پێنەدان و پەیڕەونەكردنی بنەماكانی پەیڕەوی ناوخۆ و قسەكردن دژی رێبازی پارتی یان پڕوپاگەندەكردن, پەیڕەونەكردنی جێبەجێ نەكردنی بڕیار و رێنماییەكانی پارتی و یان لەكەدارکردنی رەوایەتییان و پێشێلكردنی ژیان و رەسمییەتی پارتی و ئاشكراكردنی نهێنییەكانی پارتی و نەپاراستنی تواناكاری و بەهاكانی پارتی و... هتد خەتابارییە بەرامبەر بەپارتی.
ئەوانەی خەتابارییان بەرامبەر بەدیسپلینی پارتی كردووە بەگوێرەی رەوشی خەتابارییەكەیان سزای ئاگادارکردنەوە, سنووردارکردنی ئەرك, لێسەندنەوەی بەرپرسیارێتی, راوەستاندنی ئەندامێتی, دوورخستنەوەی كاتی و لەپارتی دەردەكرێن.
سەبارەت بەو كەسانەی ئەمجۆرە خەتاباریەیان ئەنجامداوە بەداخوازی ئەنجوومەنی پارتی یان سەرۆكایەتی گشتی لێپرسینەوە دەكرێن. خەباتی لێپرسینەوە لەلایەن ئەم دەستەیە بەرێوە دەچێت كە سەبارەت بەم كارە ئەركیان پێسپێردراوە. ئەو ئەنجامانەی دەستەی لێپرسینەوە پێی دەگات لەو كۆبوونەوە ( پلاتفۆرم ) هەڵدەسەنگێنرێت كە تایبەت بەم كارە ساز دەكرێت و بڕیاری لەسەر دەدرێت.
كاتێك ئەم بڕیارانە لەلایەن كارگێڕییەكانی سەروو پەسند بكرێن, مسۆگەر دەبێت.
رەخنەكردن پێشی لێناگیرێت و بەخراپی و لەخزمەتی بەرژەوەندی تاكە كەس بەكار ناهێنرێ.
پێویستە ئەندامانی پارتی بەرامبەر چالاكییەكانی پارتی و رەوشی گشتی و رێكردنەوە لەبەردەم پێشكەوتنەكان لەسەر بنەمای رەخنەكردن هەڵوێستە بكەن.
كاریگەرترین شێوازی خۆ نوێكردنەوە و راستكردنەوە و پێشخستن رەخنەدانێكی راستە لەكات و شوێنی خۆیدا. پێویستە تەواوی ئەندامانی پارتی بزانن رەخنەدان وەكو چەكێكی بەكاریگەر لەپێناو بەلاوەنانی ئەو كۆسپانە بەكار بێنن كە لەنێو ژیان و كاروخەباتدا دەردەكەوێتە پێشیان.
چارەسەركردنی كێشەكان بەشێوازی رەخنەدان لەنێو پارتیدا بەبناخە دادەنرێت. لەپێشخستنی خودی پارتیدا بەكارهێنانی راستی ئەم شێوازە بەبنچینە دادەنرێت.
هەر ئەندامێكی پارتی شەش مانگ جارێك راپۆرت بۆ ئەنجوومەنی پارتی بەرز دەكاتەوە.